سەرۆک بارزانی لە شاری هەولێر لەگەڵ وەزیری وزەی ئەمەریکا کۆبۆوە

سەرۆک بارزانی: دەرفەتێکی تازە هەیە و جێگای ئومێدە

وەزیری وزەی ئەمەریکا: بەهۆی هەوڵ و قوربانیدانی پێشمەرگەوە ئەمڕۆ خەڵک ئازادە

سەقامگیریی زیاتر و ئاسایشی زیاتر دەبینین لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان



دوێنێ سێ شەممە لە شاری هەولێر سەرۆک مسعود بارزانی لە ریک پێری وەزیری وزەی ئەمەریکا و شاندێکی یاوەری کۆبووە، کە پێکهاتبوو لە دۆگلاس سلیمان بالێزی گشتی ئەمەریکا لە عێراق و، ستیڤن فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ژمارەیەک راوێژکاری کۆشکی سپی و وەزارەتی وزەی ئەمەریکا.

لە کۆبوونەوەیەکدا ریک پێری وەزیری وزەی ئەمەریکا خۆشحالی خۆی نیشاندا بۆ ئەم دیدارەو رایگەیاند، کە ئیدارەی تازەی ئەمەریکا بایەخێکی زۆر بە هەرێمی کوردستان دەدات و خوازیارە لە بواری وزەو سامانە سروشتییەکان پێکەوە کار بکەن و هاوکاری یەکترین.

وەزیری وزەی ئەمەریکا رۆشنایی خستە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغداو رایگەیاند، کە ئێستا دەرفەتی تازەو باش هەیە بۆ باشتربوونی پەیوەندیی نێوانیان و وڵاتەکەبشی پشتیوانی لەوە دەکات پەیوەندییەکان باشترین و هاوکاریی هەردوولا دەکات بۆ پەرەپێدانی کەرتی وزە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

ئاشکراشیکرد، کە دەستپێکێکی تازە هەیە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا بێنە هەرێمی کوردستان و عێراق، بۆئەوەی سەرمایەگوزاری بکەن.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا دۆگلاس سلێمان بالێزی ئەمەریکا لە عێراق سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد، بەوەی لە هەرێمی کوردستاندا ئاسانکاری زیاتر بۆ کارکردن و پەرەپێدان و گەشەی دەرفەتە ئابووریەکان هەیە.

هەروەها سەردانی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا بەرز نرخاندو، ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا تێڕوانینێکی باش لە بەغدا هەیە، ئەمەش دەرفەتێکی باش بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکان دەڕەخسێنێت، لەم رووەوە دووپاتیکردەوە کە ئەمەریکا ناوبژیوانێکی دادپەروەر دەبێت لەنێوان هەولێرو بەغداو، هانی هەردوولا دەدات هاوکار و هەماهەنگی یەکترین.

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5652) چوارشەممە 12ی کانونی یەکەم 2018 «16» لاپەڕە «500» دینار


نێچیرڤان بارزانی و وەزیری وزەی ئەمەریکا کۆبوونەوە



مەسرور بارزانی: هەرێمی کوردستان دەخوازێت بە شێوەیەکی کرداری سوود لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ستراتیژی ئەمەریکا و عێراق وەرگرێت

2

پارتی و یەکێتی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە



دوێنێ سێشەممە 2018/12/11 لە هەولێری پایتەخت هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە و ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشیان لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ڕاگەیاند، کە ئەمە دەقەکەیەتی: ئەمڕۆ سێشەممە 2018/12/11 هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوە. چەند بابەتێکی گرنگ و هەستیار و هەنووکەیی گفتوگۆی لەسەر کرا:



پاریس.. شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا کۆبوونەوە

شاندێکی یەکێتیی ئەوروپا سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد

دوێنێ سێشەممە 2018/12/11 شاندێکی یەکێتیی ئەوروپا بە سەرۆکایەتیی خاتوو کلاریس پاستۆریس، نێردەی یەکێتیی ئەوروپا لە هەولێر و ئەندامێتیی ئۆگۆستۆ بیکالی، سەرۆکی هەماهەنگیی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراق و یەمەن و گای هاریسن، لە بەشی سیاسەتی هەرێمایەتی لە عێراق و دووڕگەی عەرەبی لە فەرمانگەی خزمەتگوزاریی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا، سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد و لە لایەن ڕێڤنگ محەممەد هروری، بە تەمەنترین ئەندامی خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان وەک سەرۆکی یەکەمین دانیشتنی خولی پێنجەمی پەرلەمان و سەرۆک و نوێنەری فراکسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و پێکهاتەکانی تورکمان و کلدان و سریان ئاشوور پێشوازییان لێکرا.

زیاتر لە لاپەرە چوار بخوێنەوە



پەرلەمانتاریکی پێشووی پارتی: ئەگەر بە یەک تیم ڕۆشتبایە بەغدا ڕەنگە چوار وەزارەت زیاترمان بەرکەوتایە

3

سەرۆک بارزانی 66 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان پیرۆز دەکات

سەرۆک بارزانی: یەکێتیی ئافرەتان لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی مێژووێکی پڕ لە شانازی هەبووە

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان

بەبۆنەی 66ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتییەکەتان، یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان پیرۆزبایی گەرم ئاڕاستەی ئێوە و هەموو ئەندامانی رێکخراوە تێکۆشەرەکەتان دەکەم.

یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان هاوشانی رۆڵ و ئەرکی گرنگی بۆ چەسپاندنی مافی ئافرەتان، مێژوویەکی پڕ لە شانازیشی لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی لە سەردەمی شاخ و دوای راپەڕین هەبووە و لە سەروەرییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشدا ڕۆڵ و جێدەستیان دیارە.

دڵنیاین رێکخراوەکەتان یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ئایندەدا دەبێتە بەشێک لە فاکتەرەکانی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە و کار لەسەر پەروەردەیەکی دروست و خەباتێکی سەردەمیانە دەکات.

دووبارە پیرۆزبایبتان ئاڕاستە دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

مەسعود بارزانی

11ی12ی2018

مەسرور بارزانی: مەرگی پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز کۆستێکی گەورەیە بۆ کاروانی خەباتی نەتەوەییمان

بەڕێز مەسرور بارزانی، راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی "پرۆفیسۆر د. جەمال نەبەز"ەوە پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو کرد. لە پرسەنامەکەدا هاتووە: مەرگی روناکبیر و بیرمەندێکی نەتەوەیی لە ئانوساتێکی وەک ئەمڕۆدا کۆستێکی گەورەیە بۆ کاروانی خەباتی نەتەوەییمان. هەروەها هاتووە: کاریگەریی هەوڵەکانی خوالێخۆشبوو گەواهی ئەو ڕاستییەن، کە خەباتی هزر و قەڵەمی بیرمەندانی کورد شانبەشانی خەباتی پێشمەرگە تەواوکەری یەکتربوون بۆ گەیشتن بە دەستکەوتە نەتەوەییەکانی ئەمڕۆمان. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر (جەمال نەبەز)مان بیست، مەرگی روناکبیر و بیرمەندێکی نەتەوەیی لە ئانوساتێکی وەک ئەمڕۆدا کۆستێکی گەورەیە بۆ کاروانی خەباتی نەتەوەییمان. جێدەستی بەرهەمی هزریی مامۆستا جەمال نەبەز لە 50 ساڵی ڕابردوودا لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی کورد بەرچاو بووە. کاریگەریی هەوڵەکانی خوالێخۆشبوو گەواهی ئەو ڕاستییەن، کە خەباتی هزر و قەڵەمی بیرمەندانی کورد شانبەشانی خەباتی پێشمەرگە تەواوکەری یەکتربوون بۆ گەیشتن بە دەستکەوتە نەتەوەییەکانی ئەمڕۆمان.

ناو و یادی مامۆستا جەمال نەبەز لە دەفتەری یادەوەریی هەموو کوردێکدا هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە، هیواداربن لە داهاتوودا خەون و ئاواتی هاوبیرانی ئەو بۆ گەیشتنی کورد بە ژیانێکی سەرفراز و ئازاد بگاتە دوا قۆناغی خۆی و گەلی کوردیش وەک سەرجەم گەلانی جیهان بە ماف و دەسکەوتە نەتەوەییەکانی شاد ببێت.

خوا سەبووریی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێ.

براتان/مەسرور بارزانی

2018/12/10

مەسرور بارزانی: هەرێمی کوردستان دەخوازێت بە شێوەیەکی کرداری سوود لە ناوەڕۆکی رێککەوتنی ستراتیژی ئەمەریکا و عێراق وەرگرێت





ئێوارەی دوێنێ سێشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز ریک پێری وەزیری وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا بەڕێز پێری و شاندی یاوەری خۆشحاڵیی خۆیان بە سەردانی هەرێمی کوردستان دەربڕی و دووپاتیان کردەوە کە ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنی جێگیربوونی سەقامگیری لە عێراق و هەرێمی کوردستان و دانوستانی هەولێر - بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا، هەروەها قوربانیدانی هەرێمی کوردستانیان لە شەڕی دژی داعشدا بەرز نرخاند.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی ئەو سەردانەی کرد و ئاشکرای کرد کە هەرێمی کوردستان وەک پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەیری ئەو سەردانەیان دەکات وەک چۆن لەگەڵ هاوپەیمانان لە شەڕی داعشدا پاڵپشت و هاوکاری هەرێمی کوردستان بوون و گرنگیی بەردەوامیی ئەو هاوپەیمانی و دۆستایەتییەیشی دووپات کردەوە.

بەڕێزیان سوپاسی ئەمەریکای کرد بۆ لێکنزیککردنەوەی هەولێر و بەغدا و گەیشتن بە هەندێک لێکگەیشتن و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەربڕی و هیوای خواست ئەمەریکا ڕۆڵی خۆی لەمبارەیەوە بگێڕێت بەتایبەتی سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک کە هەر لەسەرەتاوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئاسانکارییەکی نیشان داوە بە شێوەیەک ڕێژەی ئێستای هەناردەکردن بۆ بەرژەوەندی و داهاتی گشتیی عێراق بەکار بهێنرێت.

تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە و پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

دوێنێ سێشەممە 2018/12/11 مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ریک پێری، وەزیری وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و شاندی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا، کە دۆگلاس سیلیمان باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق ئامادەبوو، دوا پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و پێشخستنی پەیوەندییە دووقۆڵیەکانی نێوان هەردوولا لە گشت بوارەکاندا، بەتایبەتی لە بواری وزە تاوتوێکرا.

لە سەرەتای دیدارەکە وەزیری وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆشحاڵی خۆی بەو پێشکەوتنانە دەربڕی، کە لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون و باسی لە مەبەستی سەردانەکەی کرد، کە بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانی ئەمەریکایە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان لە بواری وزە و ئابووری، لە پەیوەست بەم بابەتەشەوە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکیان لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە بە سەرەتایەکی ئەرێنی هەژمار کرد.

لەلای خۆیەوە مەسرور بارزانی سوپاسگوزاری خۆی نیشاندا بەرامبەر هاوکاری و پشتیوانیەکانی ئەمەریکا لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و ئامادەیی بەوەدا، دڕێژەدان و بەردەوامبوونی پەیوەندییەکان لە گشت بوارەکان لە بەرژەوەندی سەقامگیری ناوچەکە بە گشتی دایە، دووپاتی کردەوە، کە بە هاوکاری هاوبەشەکان کار بۆ کوردستانێکی بەهێزتر و پێشکەوتوو دەکەن. هەروەها ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان دەخوازێت بە شێوەیەکی کرداری سود لە ڕێکەوتنی ستراتیجی نێوان ئەمەریکا و عێراق وەرگرێت بە تایبەت لە بواری کەرتەکانی وزە و ئابووری و چاکسازی.

لەبارەی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لەگەڵ بەغدا ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕوونیکردەوە، کە لە گفتوگۆکردن و دیالۆگ بەردەوام دەبن بۆ گەیشتن بە چارەسەری گشت کێشەکان.

تاوتوێکردنی پرسی تەواوکردنی کابینەی حکوومەتی نوێی عێراق و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چاکسازی و ریفۆرمی ئابووری چەند تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەی نێوان مەسرور بارزانی و ریک پێری بوو.

پارتی و یەکێتی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان باڵاوکردەوە



دوێنێ سێشەممە 2018/12/11 لە هەولێری پایتەخت هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە و ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشیان لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ڕاگەیاند، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

ڕاگەیەنراوی هاوبەشی کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ئەمڕۆ سێشەممە 2018/12/11 هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوە. چەند بابەتێکی گرنگ و هەستیار و هەنووکەیی گفتوگۆی لەسەر کرا:

یەکەم: ڕێکخستنەوەی باشتری پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ئاستی پێویستی قۆناغەکەدا بێت لەڕووی سیاسی و ئابووری و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانەوە بە شێوەیەک کە پشتیوانی بەهێز بێت بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

دووەم: پێکەوەکارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی لە هەموو ئاستەکاندا، لابردنی بەربەستەکان بۆ زیاتر بەرەوپێشەوەچوون لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکان و هەموو ئەو بابەتانەی کە ناکۆکییان لەسەر هەیە، لەگەڵ ئامادەبوونی کورد لە بەغدا بە شێوەیەکی کارا و بەهێز.


سێیەم: دانانی لیژنەیەک بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەکی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەبوونی هەڵوێستی هاوبەش دەربارەی چۆنیەتیی مامەڵە و دیدگای هاوبەش سەبارەت بە عێراق و ناوخۆی کوردستان و دەروبەر، هەروەها بەرچاوڕوونی لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکان.

چوارەم: پشتگیریکردن لە لیژنەی تایبەت بە پێکهێنانی کابینەی نوێەم و ئۆرگانەکانی دیکە بۆ دابینکردنی سەقامگیری و حوکمڕانیی سەرتاسەری لەسەر بنەمای یاسا و هاوبەشیی هەموو ئەو حزبانەی کە بەشداری لە کابینەی داهاتوودا دەکەن.

پارتی دیموکراتی کوردستان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

2018/12/11



پاریس... شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا کۆبوونەوە

ڕۆژی دووشەممە 2018/12/10 شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم، عەلی دۆڵەمەڕی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پاریس، سامان جەمیل بۆیا، بەرپرسی مەڵەفی کریستیانەکان و ئەندامانی سکرتاریەتی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی فەرانسایان کرد و لە لایەن ئادریان پێنیللی، بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە فەڕەنسا پێشوازیان لێکرا. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە باسکردن لەسەر ڕەوشی عێراق بەتایبەتی پاش هاتنی چەکدارانی داعش و ئەنجامدانی کردەوەی قێزەونی تیرۆریستی دژ بە کەمایەتییە ئاینییەکان. لەم کۆبوونەوەیەدا هەردوولا جەختیان خستەسەر هەماهەنگی زیاتر لەنێوانیان و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی پێکەوەژیان لە عێراق. ئەو بابەتانەی کە لەم کۆبوونەوەیەدا باسیان لەسەر کرا بریتی بوون لە کێشەی کەمایەتییەکان لە عێراق، جێبەجێکردنی ماددەی 140 و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کەمایەتییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە. د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نیودەوڵەتییەکان لە میانی کۆبوونەوەکەدا جەختی خستەسەر هەوڵ و کۆششەکانی حکوومەت بۆ پاراستنی ژیانی کەمایەتییە ئاینییەکان و ڕایگەیاند کە حکوومەتی هەرێم بە بەردەومی هەوڵیداوە مافی کەمایەتییەکان بپارێزێت و ئەو ئاشتی و پێکەوەژیانەی لە کوردستان هەیە، ئەو داتا و بەڵگانەی کە لەبەردەستدان، سەلمێنەری ئەمەن.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2018/12/12 ژمارە (5652)

سەرۆک بارزانی لە شاری هەولێر لەگەڵ وەزیری وزەی ئەمەریکا کۆبۆوە

سەرۆک بارزانی: دەرفەتێکی تازە هەیە و جێگای ئومێدە

وەزیری وزەی ئەمەریکا: بەهۆی هەوڵ و قوربانیدانی پێشمەرگەوە ئەمڕۆ خەڵک ئازادە



دوێنێ سێ شەممە لە شاری هەولێر سەرۆک مسعود بارزانی لەگەڵ ریک پێری وەزیری وزەی ئەمەریکا و شاندێکی یاوەری کۆبۆوە، کە پێکهاتبوو لە دۆگلاس سلێمان باڵیۆزی گشتی ئەمەریکا لە عێراق و، ستیڤن فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ژمارەیەک راوێژکاری کۆشکی سپی و وەزارەتی وزەی ئەمەریکا.

لە کۆبوونەوەیەکدا ریک پێری وەزیری وزەی ئەمەریکا خۆشحاڵی خۆی نیشاندا بۆ ئەم دیدارەو رایگەیاند، کە ئیدارەی تازەی ئەمەریکا بایەختێکی زۆر بە هەرێمی کوردستان دەدات و خوازیارە لە بواری وزەو سامانە سروشتییەکان پێکەوە کار بکەن و هاوکاری یەکترین.

وەزیری وزەی ئەمەریکا رۆشنایی خستە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغداو رایگەیاند، کە ئێستا دەرفەتی تازەو باش هەیە بۆ باشتربوونی پەیوەندیی نێوانیان و وڵاتەکەیشی پشتیوانی لەوە دەکات پەیوەندییەکان باشترین و هاوکاریی هەردووڵا دەکات بۆ پەرەپێدانی کەرتی وزە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

ئاشکراشیکرد، کە دەستپێکێکی تازە هەیە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا بێنە هەرێمی کوردستان و عێراق، بۆئەوەی سەرمایەگوزاری بکەن.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا دۆگلاس سلێمان باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد، بەوەی لە هەرێمی کوردستاندا ئاسانکاری زیاتر بۆ کارکردن و پەرەپێدان و گەشەی دەرفەتە ئابووریەکان هەیە. هەروەها سەردانی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا بەرز نرخاندو، ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا تێڕوانینێکی باش لە بەغدا هەیە، ئەمەش دەرفەتێکی باش بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکان دەرەخسێنێت، لەم رووەوە دووپاتیکردەوە کە ئەمەریکا ناوبژیوانێکی دادپەروەر دەبێت لەنێوان هەولێرو بەغداو، هانی هەردووڵا دەدات هاوکار و هەماهەنگی یەکترین.

باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق راشیگەیاند، کە دەیانەوێ باشترین دۆخی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان بێتە کایەوە و ئاسوودەیی خۆیان لە کارکردنیان لە هەرێمی کوردستان ئاشکرا کردو، ئەم کۆبوونەوەیەی بە گرنگ وەسفکرد.

لەبەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا وەزیری وزەی ئەمەریکا، سڵاوی تایبەتی مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکای بە سەرۆک بارزانی گەیاند، سوپاسگوزاری تایبەتی ئەویشی بە سەرۆک بارزانی گەیاند، سەبارەت بە پەنادان و حەوانەوە و پاراستنی پێکهاتە ئایینییەکان بەتایبەتی کریستیانەکان لە هەرێمی کوردستاندا. هیواشی خواست ئەو هاونیشتمانییانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە پەراگەندەو ئاوارەبوون بە زووترین کات بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

هاوکات وەزیری وزەی ئەمەریکا سوپاس و پێزانینی بۆ بەرەنگاری و قوربانیدانی گەلی کوردستان دەربڕی، لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش.

لەبەرانبەردا سەرۆک مسعود بارزانی ئەم سەردانەی وەزیری وزەی ئەمەریکای بە ئاماژەیەکی ئەرێنی وەسفکرد، لە بەرەو پێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان.

سەرۆک بارزانی بە تیرۆتەسەلی باسی میژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی کردو، ئاماژەی بە پێشێل بوونی هاوبەشی و شەراکەتی گەلی کوردستان کرد لەلایەن دەوڵەتی عێراق و تیشکی خستە سەر ئەو ئازارو چەوساندنەوانەی کە گەلی کوردستان بە درێژایی سەدەیەک لەم دەوڵەتەدا چەشتوویەتی، هەروەها ئەو پێشێلکارییە دەستووریانەی لە عێراقی نوێدا باسکرد، کە بووە هۆی ئەوەی گەلی کوردستان لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە پەیامی خۆی بۆ تەواوی جیهان بخاتەڕوو.

سەرۆک بارزانی راشیگەیاند، کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق، دەرفەتی نوێ و کەشوهەوای نوێ هاتۆتە ئاراوە و ئەو گۆڕانەی لە سیاسەت و تێڕوانینی بەغدا بە ئەرێنی و مایەی گەشبینی وەسفکرد. دووپاتیشیکردەوە کە گەلی کوردستان هەمیشە لایەنگیری زمانی دیالۆگ بووەو دەبێت و دژی تووندوتیژییە، بەڵام ناچار بووە لە کاتی پێویستدا بەرگری لە خۆی بکات.

سەرۆک بارزانی سوپاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کرد کە لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعشدا یارمەتی هێزی پێشمەرگەیان داوەو، هیوای خواست پەیوەندی نێوان هەردووڵا پتەو و چەسپاو بێت.

دواتر لە پرێس کۆنفرانسێکی هاوبەشی نێوان سەرۆک بارزانی و وەزیری وزەی ئەمەریکادا، سەرۆک بارزانی بەخێرهاتنی وەزیری وزەی ئەمەریکای کرد و ئاماژەی بەوەدا: دەرفەتێکی باشبو بۆ ئەوەی باسی هەموو ئەو بابەتانە بکەین کە ئەمڕۆ گرنگن بۆ وڵاتەکەمان چ لە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا، چ لە پەیوەندی دووقۆڵیمان لەگەڵ ئەمەریکا، خۆشبەختانە دەبینین دەرفەتێکی تازە هەیە و جێگەی ئومێدە. هەردووڵاشمان تەئکیدمان کردەوە کە هەموو هەوڵێک بدەین چارەسەری گرفتەکان لەڕێگەی دیالۆگ بکەین.

لای خۆیەوە وەزیری وزەی ئەمەریکا رایگەیاند: سوپاسگوزاری جەنابی سەرۆک بارزانیم بۆ میواندارێکردن و رازیبوون بۆ ئەوەی بێتە ئێرە ئەو دیدارە ئەنجام بدەین، بۆ هاوبەشپێکردنی دید و تێڕوانینی خۆی بۆ هەرێم و هەروەها بۆ باسکردنی چیرۆکی گەلی کوردستان، کە جێگەی سوپاس و پێزانین بوو، تێگەیشتنی مێژووی لایەنێک زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتنی ئایینەدیان.

لەبارەی ناوەرۆکی کۆبوونەوەکە وەزیری وزەی ئەمەریکا گوتی: کۆبوونەوەیەکی زۆر بەرهەمدارمان هەبوو. بەپەرۆشییەوە دەڕوانین بۆ بوونی ڕێککەوتنێکی هەمیشەیی لەنێوان بەغدا و هەولێر. کۆبوونەوەکەمان بەرهەمدار بوو. شایەنی وەبەرهێنانەوەیە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئازایەتی و قوربانیدان و رۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش، ئەوان هاوکاربوون لەوەی سەرکەوتنێکی مەزن بەدەستبێت، بەهۆی هەوڵ و قوربانیدانی ئەوانەوە ئەمڕۆ خەڵک ئازادە. لەگەڵ ئازادی ئاسایش دێت لەگەڵ ئەوەش دەرفەتی زیاتر و دەرفەتی گرنگ. ئەمڕۆ ئێمە سەقامگیری زیاتر و ئاسایشی زیاتر دەبینین لە سەرانسەری ئەم هەرێمە.

ریک پێری رایگەیاند: ئەم دەرفەتە بەهاداره مایەی ئەوەی کە هانمان دەدات بۆ وەبەرهێنان بۆ ئەوەی ببین بە هاوبەشی یەکدی، کاتی ئەوە هاتووە کە چیدیکە جەخت لەسەر بونیادنانی ئابووری بکەینەوە، هەروەها بۆ زیندووکردنەوەی ژێرخانی ئابووری، ئەمڕۆش لە گفتوگۆکانمان جەختمان لەسەر چۆنیەتی پەرەپێدانی تێگەیشتنی هاوبەش کردەوە. ئەوەی دەمگەیێنێتە ئەو خاڵەی کە هۆکاری سەردانەکەی من ئەمڕۆ بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی من هەروەها ئەمەریکا پێکەوە کاربکەین بۆ بونیادنانی ئایینەدیەک کە دەرفەتمان دەداتێ بەیەکەوە کاربکەین.

وەزیری وزەی ئەمەریکا باسی لە سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان کرد و گوتی: ئێمە هەردووڵامان سەرچاوە و سامانی سروشتیمان زۆرە. لە ویلایەتی خۆم تەکساس کە لە دانیشتنەکەمان لەگەڵ جەنابی سەرۆک بەراوردی هەردووڵامان دەکرد کوردستان و تەکساس، زۆر شتی هاوشێوەی یەکدیان هەیە، هەردوو باسی ئەوەمان کرد کە سەرچاوەیەکی زۆری وزە لەبەردەستمان هەیە بۆ گەلی ئێمە لەوێ و هەروەها بۆ گەلی کوردستان لێرە. بۆیە ئێمە وایدەبینین لێرە دەرفەتێکی زۆر لەئارادایە بۆ بونیادنانی ئایینەدیەکی باشتر بۆ خۆشگوزەرانی و سوود وەرگرتن لەو دەرفەتانە.

لە کۆتایی پرسکۆنفرانسەکەدا، ریک پێری، وەزیری وزەی ئەمەریکا گوتی: جەنابی سەرۆک سوپاس بۆ دۆستایەتیتان، سوپاس بۆ تێڕوانین و دیدگاتان، سوپاس بۆ قوربانیدانتان لەپێناوی گەلەکەتان، بە پەرۆشییەوە دەڕوانمە بۆ کارکردن لە ماوەی ساڵانی داهاتوو بەیەکەوە.

پەرلەمانتاریکی پێشووی پارتی: ئەگەر بە یەک تیم ڕۆشتبایتە بەغدا ڕەنگە چوار وەزارەت زیاترمان بەرکەوتایە

شاخەوان عەبدوڵڵا: پارتی حکوومەتی عێراق پێکناهێنێت تا یەکێتی گلەیی لێ بکات



پەرلەمانتاریکی پێشووی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، بەهۆی پێدانگریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر پۆستی سەرۆککۆماری عێراق، کورد وەزارەتێکی لەدەستداوە. هاوکات تەئکیدیش دەکاتەوە کە پارتی پۆستەکانی بەغدا دابەش ناکات تا لە لایەن یەکێتییەوە گلەیی لێ بکرێت.

پاش ئەوەی چەند سەرکردەیەکی یەکێتی، پارتییان بەوە تۆمەتبار کرد کە نایەلێت پۆستی وەزارەتێکی حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بە یەکێتی بدرێت. شاخەوان عەبدولا، ئەندامی خولی سێی پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند پارتی و یەکێتی بە هاوپەیمانێتی نەچوونەتە بەغدا تا پۆستەکان وەربگرن و پارتی ئەوانی لێ بێبەش کردبێت، ئەگەر ئێمە بە یەک تیم ڕۆشتباینە بەغدا، ڕەنگە چوار وەزارەت و زیاتریشمان بەرکەوتایە، بەڵام یەکێتی بووە هۆی کەمبوونەوەی پشکی کورد.

شاخەوان عەبدولا ئاماژەی بەوەشداوە، کە تا ئێستاش تەنها دوو وەزارەتیان بەدەستهێناوە و ئەوی دیکە بۆ یەکێتی یەکلا نەبووەتەوە و پارتیش بە مافی خۆی دەزانێت، پەرلەمانتارەکەی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، گوتیشی پارتی حکوومەتی عێراق پێکناهێنێت تا یەکێتی گلەیی لێ بکات، خۆیان وایان هەڵبژارد کە هەر کەس ڕاستەوخۆ بۆ خۆی داوای پۆست لە عادل عەبدولمەهدی بکات، کاتێک ئێمە چووین 28 کورسیمان هەیە و ئیستحقاقیشمان سێ وەزارەت و چەند پۆستێکە، هێشتا دوو وەزارەتمان وەرگرتووە، یەکێتیش سەرۆککۆماری بەدەستهێناوە. شاخەوان عەبدولا هاوکات ڕوونیشیکردەوە کە ئەو کاتەی لە بەغدا بوون، یەکێتییەکان باسی ئەوەیان دەکرد، ئامادەن هەموو سازشێک بکەن لە پێناو وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆمار، بۆیە ئێستا دەبێ لایەنگرانی یەکێتی و ئەو سەرکردانەی بە بەرهەم ساڵح ناڕازیبوون، لەگەڵ ئەوانەی کاتی خۆی بەرهەم ساڵحیان برد و گوتیان ئێمە تەنیا ئەو کەسە ببێت بە سەرۆککۆمار، هیچ پۆستێکمان ناوێت، ئێستر بۆ داوای پۆست دەکەین؟ سەرەڕای ئەوەش پارتی پێیوایە ئەگەر پۆستێکیش بە یەکێتی بدرێت، هێشتا کورد زوڵمی لێ کراوە.

شاندێکی یەکێتیی ئەورووپا سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد



دوێنێ سێشەممە 2018/12/11 شاندێکی یەکێتیی ئەورووپا بە سەرۆکایەتیی خاتوو کلاریس پاستۆریس، نێردەی یەکێتیی ئەورووپا لە هەولێر و ئەندامێتیی ئۆگۆستۆ بیکالی، سەرۆکی هەماهەنگیی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق و یەمەن و گای هاریسن، لە بەشی سیاسەتی هەرێمایەتی لە عێراق و دوورگەی عەرەبی لە فەرمانگەی خزمەتگوزاریی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا، سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد و لە لایەن رێڤنگ محەمەد هرووری، بە تەمەنترین ئەندامی خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان وەک سەرۆکی یەکەمین دانیشتنی خولی پێنجەمی پەرلەمان و سەرۆک و نوێنەری فراکسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و پێکهاتەکانی تورکمان و کلدان و سریان ئاشوور پێشوازییان لێکرا.

لە کۆبوونەوەیەکدا باس لە هەماهەنگی و هاوکاریی زیاتری نێوان پەرلەمان و یەکێتیی ئەورووپا بەتایبەتی و پرۆژە و بەرنامەکانی یەکێتیی ئەورووپا لە سەرجەم بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی توانەکان و پلان و بەرنامەی ستراتیژیی یەکێتیی ئەورووپا بۆ دوو ساڵی داهاتوو لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کەرتی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ لاوان و ژنان و ڕەوشی سیاسی و پرۆسەی دارشتنی یاسا و پێشخستنی دیموکراسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان قسە و باسیان لەسەر کرا.

لەوبارەیەوە شاندی میوان بە بایەخەوە باسیان لە ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان کرد لە شەڕی بەرنگاربوونەوەی تیرۆر و حەواندنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان و لانکەی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان کرد. هەروەها ئامادەیی خۆشیان بۆ بەردەوامبوونی هەماهەنگی و هاوکاریان بۆ هەرێم لە ڕووی ئابووری و تەرخانکردنی پرۆژەی زیاتر بۆ یارمەتیدانی ژنان و گەنجان و پێداویستیی ئاوارەکان و گێڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان دەربڕی.

لە لایەن خۆیانەوە سەرۆک و نوێنەری فراکسیۆن و پێکهاتەکانی پەرلەمان، وێڕای سوپاسکردنی هاوکارییەکانی یەکێتیی ئەورووپا داوای زیادکردنی پرۆژەکانی یەکێتیی ئەورووپیان لە هەرێمی کوردستان کرد، گەشبینیی خۆیان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی هەرێم و هەماهەنگیی نێوان پەرلەمان و حکوومەت دەربڕی، ئاماژەشیان بەگرنگترین پرۆژە یاساکانی بەردەم خولی پێنجەم کرد، لەوانە نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و کاراکردنی یاسای دامەزراندنی سندوقە نەوتییەکان و هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن و یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و پەسەندکردنی یاسای چاکسازی و دەیان پرۆژەی تر کە لە خولی پێشووی پەرلەماندا کاریان لەسەر کراوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا شاندی یەکێتیی ئەورووپا ئامادەیی خۆیان بۆ کردنەوەی خولی ڕاهێنان و گەشەپێدانی توانەکان لەگەڵ ئەندامانی خولی نوێی پەرلەمان نیشاندا و جەختیشیان لەسەر کارکردنی هاوبەش لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق کردەوە لە هەردوو بواری چاودێریی دارایی گشتی و چاکسازی لە بواری وزەدا بەتایبەتی لە بواری کەرتی کارەبادا.

هەروەک خۆشحاڵیی خۆیان بە باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەربڕی و ئاماژەیان بەوەکرد کە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی داهاتوویان لە عێراقدا ڕەچاوی باری تایبەتیی هەرێمی کوردستان دەکەن، هیواشیان خواست هەرچی زووە لایەنە سیاسییەکانی هەرێم لەسەر پێکهێنانی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکوومەت و دامەزراوەکانی تر ڕێکبکەون و پرۆسەی دیموکراسی و پێکەوە کارکردن و خزمەتکردن دەستپێبکاتەوە.

CNN:"ناتوانم هەناسە بدەم" دوا قسەی خاشقچی بووە بەر لە کوشتنی



تەلەڤیزیۆنی CNNی ئەمەریکی بڵاویکردەوە، دوا قسەی ڕۆژنامەوانی سعوودی، جەمال خاشقچی بەر لە کوشتنی "ناتوانم هەناسە بدەم" بووە. CNNلە هەواڵەکەیدا پشتی بە تۆماری دەنگی وەرگێڕاوی دوا ساتەکانی ژیانی خاشقجی بەستووە کە بەشێکە لە دۆسیەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ناوبراو. سەرچاوە هەواڵییەکە باس لەوە دەکات کە کوشتنی خاشقچی بە شێوەیەکی نەزانانە نەبووە و پێشتر پلانی بۆ داندراوە و خاشقجیش بەرامبەر ئەوانە وەستاوەتەوە کە ویستوویانە بیکوژن. لە هەواڵەکەدا ئاماژە بەوە دراوە لە تۆمارە دەنگییەکاندا، زانیاری دراوە کە جەستەی خاشقجی بە مشار بەش بەش کراوە و پێشنیاز بۆ ئەنجامدەرانی ئەو کارە کراوە لە میانی بەش بەش کردنی جەستەی خاشقچیدا گوێ لە میوزیک بگرن. لە هەواڵەکەدا باس لەوەش کراوە کە لە تۆمارە دەنگییەکاندا دەردەکەوێت دوای ئەنجامدانی ئەو تاوانە ژمارەیەک پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجام دراون و لەمبارەیەوە زانیاری دراوە بەلایەنی بەرامبەر.

ووڵاتێکی عەرەبی کایەی ئاسمانیی خۆی بەڕووی فڕۆکە ئیسرائیلییەکاندا کردەوە



سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو ڕایگەیاند، سوڵتانneشینی عومان کایەی ئاسمانیی خۆی بەڕووی فڕۆکە ئیسرائیلییەکاندا کردووەتەوە. تەلەڤیزیۆنی Kanal10ی ئیسرائیل بڵاویکردەوە، بێنیامین ناتانیاهو لە میانی کۆبوونەوەی لەگەڵ باڵیۆزانی وڵاتەکەی لە ئاسیا، ئەورووپا و باکووری ئەمەریکا وتاریکی پێشکەشکردووە و ڕایگەیاندووە، سوڵتانی سوڵتانneشینی عومان، قابوس بن سەعید کردنەوەی کایەی ئاسمانیی وڵاتەکەی بەڕووی فڕۆکە ئیسرائیلییەکاندا پەسەندکردووە. هێڵی ئاسمانیی El-Al ئێل-عالی ئیسرائیلی، بۆ کەمکردنەوەی ماوەی گەشتەکانی بۆ هیندستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، پێویستە ڕەزامەندیی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە وەربگرێت. تا ئێستا بەڕێرسانی سوڵتانneشینی عومان لەوبارەوە هیچ جۆرە لێدوانێکیان نەداوە.

ئێران: لە تاقیکردنەوەی مووشەکی بالستیک بەردەوام دەبین
سااڵنە 40 تا 50 تاقیکردنەوەمان ئەنجامداوە



ئێران بانگەشەکانی ئەمەریکای سەبارەت بە تاقیکردنەوەی مووشەکی بالیستیی پشتڕاستکردەوە و ئاشکرایکرد سااڵنە 40 تا 50 تاقیکردنەوەیان ئەنجامداوە. فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی سوپای پاسداران، ئەمیر عەلی حاجی زادە لە لێدوانێکدا بۆ میدیای ئێران وەاڵمی بانگەشەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆی دایەوە کە ڕایگەیاندبوو تاران مووشەکێکی ماناوەند مەودای تاقیکردووەتەوە کە پیشێلکردنی قەدەغەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە. ئەمیر عەلی حاجیزادە ڕایگەیاندووە: تاقیکردنەوەی مووشەکەکانمان ئەنجام دەدەین. ئەم دواینە تاقیکردنەوەیە زۆر گرنگ بوو. کاردانەوەی ئەمەریکا نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم بابەتە بۆ ئەوان چەند گرنگە. حاجی زادە زانیاریی سەبارەت بەو مووشەکە بالیستییەی کە تاقیکراوەتەوە زانیاریی نەدا و ئاشکرای کرد هەموو سااڵنە 40 تا 50 تاقیکردنەوەیان ئەنجامداوە. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردبوو ئێران مووشەکێکی بالیستیی مامناوەند مەودای تاقیکردووەتەوە کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی جۆراوجۆری جەنگیی هەیە.

یەکێتی ئەورووپا میکانیزمێکی تایبەتی بازرگانی لەگەڵ ئێران پێکدەهێنێت



نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا لە سیاسەتی دەرەکی و کاروباری ئاسایش، فێدێریکا مۆگێرینی ڕایگەیاند کە لە ماوەیەکی کەمدا میکانیزمێکی تایبەتی بازرگانی لەگەڵ ئێران پێکدەهێنن کە تیادا کاریگەری سزاکانی ئەمەریکا ناچاڵاک دەکات. مۆگێرینی لە کۆتایی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کاروباری دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا لێدوانی بۆ ڕۆژنامەنووسان دا. مۆگێرینی لەبارەی ئەو میکانیزمە بازرگانییەی کە سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران ناچاڵاک دەکات ڕایگەیاند کە لە کۆبوونەوەکەدا لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی فەرەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا ئاڵوگۆڕی زانیاریان کردووە لەسەر کارەکانی پێکهێنانی میکانیزمێکی تایبەتی بازرگانی لەگەڵ ئێران.



لە خۆپیشاندانەکانی فەرەنسادا 4099 کەس دەستبەسەرکراون

لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەی لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی ئێلەگ زەردەکان لە 17ی تشرینی دووەمەوە بەدواوە کەوتوونەتەوە، چوار هەزار و 99کەس دەستبەسەرکراون. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە پۆلیس بڵاویکردوونەتەوە؛ لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەی لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی ئێلەگ زەردەکان کەوتوونەتەوە، چوار هەزار و 523 کەس ڕاپێچی بنکەکانی پۆلیس کراون و لەمانەش چوار هەزار و 99 کەسیان دەستبەسەرکراون. چالاکییەکانی ئێلەگ زەردەکان کە لە 17ی تشرینی دووەمدا لەبەرامبەر زیادکردنی باجەکانی سەر سووتەمەنی و خراپبوونی دۆخی ئابووری دەستیان پێکرد و دواتر بۆ ڕۆژهەڵاتی بەرامبەر حکوومەتەکەی سەرکۆمار، ئیمانوێل ماکرۆن گۆڕدرا، بووەتە تووندترین خۆپیشاندانەکانی ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە فەرەنسا. خۆپیشاندەران کە بە گشتیی لەو کەسانە پێکدێن کە بە هۆی بەرزیی کرێوە لە دەرەوەی ناوەندی شارەکان نیشتەجێن و داوای باشکردنی دۆخی ئابووریی لە ماکرۆن دەکەن. باجەکانی سەر سووتەمەنی کە لە لایەن ئێلەگ زەردەکانەوە پرۆتستۆکرا، بۆ ساڵی 2019 هەڵگیرابوون، بەاڵم خۆپیشاندەران ئەمەیان لە ئاست داواکارییەکانیاندا نەبینییەوە و ڕایانگەیاند کە درێژە بە خۆپیشاندانەکان دەدەن.



زیاتر لە 150 هەزار منداڵی عێراقی
بە هۆی سەرما گیانیان لە مەترسی دایە

سندوقی نێودەوڵەتیی منداڵانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیسێف)، ئاشکرایکردووە، زیاتر لە 150 هەزار منداڵی عێراقی، بە هۆی هاتنی وەرزی سەرما و نەبوونی پێداویستی، گیانیان لە مەترسیدایە. بەپێی بەیاننامەیەکی ڕێکخراوی یونیسێف، کە وێنەیەکی دراوەتە خەبات، هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی بنەماڵەی ئەو منداڵانە لە شوێنە دوورە دەستەکانی عێراق و دابینکردنی جلوبەرگ و پۆشاک و کەلوپەلی گەرمکەردەوە لەم وەرزی سەرمایەدا بەردەوامە و زۆربەیان ئەو کەسانەن کە بەهۆی شەڕ و تونددوتیژییەوە ئاوارەبوون. لە ڕاپۆرتەکەی سندوقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە: وەرزی زستانی عێراق سەخت و تاقەتپڕووکێنە، بارینی بارانی زۆر و هەستانی لافاو و لە هەندێ شوێندا بەفربارین، پلەکانی گەرمای گەیاندووەتە ژێر سفر و بەشی باکووری ئەو وڵاتە (هەرێمی کوردستان) و موسڵ و شنگال و کەمپی ئاوارەکان، ژیانیان لە مەترسیدایە. نەبوونی نەوت و کەلوپەلی گەرمکەردەوە و جلوبەرگی زستانە، ژیانی منداڵانی خستووەتە مەترسییەوە. هاوکات هەستانی لافاو لە هەندێ ناوچەی باشوور، ناوەڕاست و هەرێمی کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی وەرزی زستان بۆ منداڵان وەرزێکی ئەستەم و دژوار بێت و لەوانەیە لە هەمبەر نەخۆشیی سیبەکان، هەناسەدان و هەڵامەتدا، تووشی گرفت بن.

وتەبێژی فەرمیی حکوومەت، ڕۆڵی لە کابینەی داهاتوودا

وتەبێژ، کار و چالاکییەکانی حکوومەت بە هاووڵاتییان ڕادەگەیەنێت و گلەیی و کێشەی هاووڵاتییانیش بە حکوومەت دەگەیەنێت و ئەگەر ئەم ئەرکە بە شێوەیەکی دروست و تەندروست ئەنجام درا، دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتییان متمانە بە حکوومەت بکەن و حکوومەت بە هی خۆیان بزانن و بەمەش حکوومەتێکی بەهێز و سەرکەوتوومان دەبێت.



ڕەسووڵ ساڵح *

وەکو لای هەموومان ڕوون و ئاشکرایە لەو سەردەمەی کە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی چەند کابینەیەکی حکوومەتی هەرێمی سەرۆکایەتی کرد، وێڕای بوونی چەندەها جۆر قەیران و کێشەی سیاسی و دارایی و کۆمەڵایەتی و ناوخۆیی و دەرەکییەوە، هەرێمی کوردستان لە گشت لایەن و بوارەکان بەرەوپێشەوە چوونی باشی بە خۆیەوە بینی. بە دڵنیاییەوە بێ کەموکوڕی نەبووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمە شانازی بە سەرۆکی حکوومەت و کابینەکانی دەکەین و بەشێکن لە مێژووی پرشنگداری هەرێمی کوردستان.

هەروەها لەگەڵ دروستبوونی هەر کابینەیەک، کۆمەڵە گۆڕانکارییەک لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی وڵات دێنەدی.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان کە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان بوو، بۆ کابینەی داهاتوو، دڵسۆزان هەر یەک لە بواری پسپۆڕی خۆی، کۆمەڵێک ڕاوپێشنیازیان خستەڕوو، بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانەی لە بوارەکەدا بەرپرسیاییەتی وەردەگرن، بتوانن سوود لە ئەزموونیان وەربگرن.

ئەمڕۆ لە جیهاندا، زاراوەی Good Governance یا فەرمانڕەوایی خاس، ناوونیشانێکە کە نەتەوەیەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی و لایەنەکانی تر گرنگی پێدەدەن و هانی دەسەڵاتداران دەدەن کە لەسەر ئەم شێوازە، هەر سێ دەسەڵاتەکە بەڕێوەببەن. کە هەشت بنەمای سەرەکییان بۆ داناوە، کە چواریان گرنگیی ڕاستەوخۆی بە وتەبێژ هەیە، کە دەبێت سەرۆکی حکوومەت ئەو دەسەڵاتەی پێبدات تا چاودێری جێبەجێبوونیان بکات، کە ئەمانەن:

1- بەشداری پێکردنی هاووڵاتیان لە بڕیاردان؛ واتە ڕاوەرگرتنیان و گوێ لێگرتنیان لەهەر کێشە و بارودۆخێکدا.

2- شەفافییەت.

3- وەڵامدانەوە.

4- بەرپرسیارییەتی.

وەکو هەموومان دەزانین، سەرۆک بارزانی بەڵێنی کوردستانێکی بەهێزی بە کوردستانییان دا و ڕێزدار "مەسرور بارزانی" یش ڕاسپێردراوە کە ئەم بەڵێنە بەجێبگەیەنێت و لەم ئەرکە سەختەدا، بەڕێزیان پێویستی بە تیمێکی شارەزا و بەتوانا هەیە تا ئەم ئەرکە پیرۆزە بەجێبگەیەنین. یەکێک لە ئەندامە سەرەکییەکانی ئەم تیمە، وتەبێژی فەرمی حکوومەتە، کە دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان حکوومەت و هاووڵاتیان و دامەزراوەکان و تەنانەت وڵاتانی دەوروبەر و ناوەندیش. وتەبێژ، کار و چالاکییەکانی حکوومەت بە هاووڵاتیان ڕادەگەیەنێت و گلەیی و کێشەی هاووڵاتییانیش بە حکوومەت دەگەیەنێت و ئەگەر ئەم ئەرکە بە شێوەیەکی دروست و تەندروست ئەنجام درا، دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتیان متمانە بە حکوومەت بکەن و حکوومەت بە هی خۆیان بزانن و بەمەش حکوومەتێکی بەهێز و سەرکەوتوومان دەبێت.

ئەرکی وتەبێژ ئەرکێکی قورسە، نوێنەری سەرۆک وەزیرانە لەبەرامبەر میدیا و هاووڵاتیاندا. بۆیە دەبێت بە شێوازێک هەڵسوکەوت بکات کە دڵی هەمووان ڕازی بکات و کۆتایی بە کێشە و قسەوقسەلۆک بهێنێت. دەبێت تیمێک لە شارەزایانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان پاڵپشتی بکەن و سات بە سات لە ڕای گشتی ئاگاداری بکەنەوە و کێشە و گلەیی هاووڵاتیان و لایەنەکانی پێ ڕابگەیەنن.

ئەگەر وتەبێژ توانی ئەرکەکەی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات، ئەوە حکوومەتێکی سەرکەوتوومان دەبێت و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

ئێمەش وەک کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی کوردستان، کە کۆمەڵەیەکی ڕێگەپێدراوین بۆ پەرەپێدان بە بواری پەیوەندییە گشتییەکان، کە لە هەرێمی کوردستان پێی دەگوترێت "ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان و وتەبێژی"، چەند پێشنیازێک بۆ ئەو هەڤاڵەی کە ئەم ئەرکە گرنگەی دەخرێتە ئەستۆ، دەخەینەڕوو:

1- لەبەر ئەوەی وتەبێژی فەرمی حکوومەت، سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیارییە، پێویستە کار بکرێت بە دەرکردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بە فەرمانگەکە و تیایدا دەسەڵات و ئەرک و ماف و ئیمتیازاتەکان بە ڕوونی و بە یاسا ڕێکبخرێن.

2- سەرپەرشتیکردنی جێبەجێبوونی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری کە بە دەستەی مافی مرۆڤ دراوە، بخرێتە ئەستۆی فەرمانگەی میدیا و زانیاری و لەوێش بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕاگەیاندن لە وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکان، چونکە ئەگەر تەنها سەیری ناوی یاساکە و فەرمانگەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە دەبێت فەرمانگەی میدیا و زانیاری سەرپەرشتی چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیارییەکان بکات.

3- دروستکردنی تۆڕێک لە وتەبێژ و بەڕێوەبەرانی ڕاگەیاندنی وەزارەت و دەستە سەربەخۆ و فەرمانگە نەبەستراوە بە وەزارەتەکان و کۆبوونەوەی مانگانە و وەرگرتنی ڕاپۆرتی هەفتانە لێیان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری چالاکی و کێشە و کەموکورتی گشت دامودەزگاکانی حکوومەت بێت.

4- دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، وەزارەتی ڕاگەیاندن لە عێراق هەڵوەشایەوە و مەبەست لەم کارە، ئەوەبوو کە حکوومەت تەنیا ڕانەگەیەنێت و پێویستە فیدباک وەربگرێت و پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتییان دروست بکات، بۆیە داوا دەکەین ناو و شێوازی بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان بگۆڕدرێت بۆ سیستەمی پەیوەندییە گشتییەکان و لەسەر بنەمای Communication کاربکەن و وتەبێژی حکوومەت سەرپەرشتییان بکات و بۆ ئەم مەبەستە لە یاسای فەرمانگەدا، ئاماژەی پێ بکرێت و هەر لە یاساکەدا بڕیار لەسەر کردنەوەی ئەکادیمیایەکی تایبەت بدرێت بۆ پێگەیاندن و پەرەپێدان بە توانای وتەبێژ و بەڕێوەبەر و کادیرانی ئەو بوارە لە هەموو ڕووییەکەوە.

5- پێویستە وتەبێژ هەفتانە کۆنفرانسی هەفتانە ڕێکبخات، بۆ ئەوەی چالاکییەکانی حکوومەت ڕابگەیەنێت و گوێ لە داواکاری و پرسیاری هاووڵاتییان لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسانەوە بگرێت و داواکاری و پێشنیازەکان بە لایەنی پەیوەندیدار بگەیەنێت و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنیان بکات و لەکاتی جێبەجێبوونیان کۆتایی بابەتە ڕابگەیەنێت.

6- کردنەوەی بەشێکی تایبەت لە فەرمانگەدا، بۆ بەدواداچوون بۆ گلەیی و کێشە و داواکارییەکانی هاووڵاتیان و دانانی سیستەمێک بۆ چارەسەرکردنیان.

7- پێویستە پێش دەرکردنی هەر بڕیارێک چ لە ناو حکوومەت و چ لە وەزارەتەکان، ڕای وتەبێژ و یا بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکانی دەزگاکە وەربگیرێت و ئەویش بە پێی بنەماکانی پەیوەندییە گشتییەکان، کار بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بکات و ڕای گشتی لەهەمبەر ئەو بڕیارە نوێیە هەڵبسەنگێنێت.

8- پێویستە گرنگی زۆر بە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بدرێت لە هەموو بوارێکەوە و لە یاساکەدا ئاماژەی پێ بکرێت و پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی پێویست بۆ بەڕێوەبەرانی پەیوەندییە گشتییەکان دابین بکرێت و لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری سەرپەرشتی بکرێت.

9- گرنگی بە بەڕێوەبردنی قەیران بدرێت و پێویستە وتەبێژ سەرۆکی ئەو لیژنەیە بێت و بەڕێوەبەرانی پەیوەندییە گشتییەکان لە گشت وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکان ئەندام بن تیایدا و کۆبوونەوەی مانگانەی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکان و ئامادەکاری پێویست بۆ هەر پێشهاتێکی چاوەڕوانکراو و چاوەڕوان نەکراو بکرێت.

لە کۆتاییدا داوا لە سەرۆکی حکوومەتی داهاتوومان، ڕێزدار مەسرور بارزانی دەکەین، ئەم دەسەڵاتە بە وتەبێژ ببەخشێت، و هەروەها بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتی پەیوەندییە گشتییەکان بکات بۆ ئەوەی بتوانین متمانەی هاووڵاتیان بۆ حکوومەت بگەیەننە بەرزترین ئاست و هاووڵاتیان ڕۆڵیان هەبێت لەم کوردستانە بەهێزەی کە سەرۆک بارزانی موژدەی بە هەمووان دا.

*** سەرۆکی کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی کوردستان.**

پارتی لە قۆناغێکی نوێی سیاسی و ئیداریدا؟!



مەریوان نەقشبەندی

هەشت کابینەی یەک لەدوای یەکی حکوومەت کۆمەڵێک دەستکەوت و خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی کوردستان پێشکەش کردووە کە بەهەموو پێوەرەکان لەزۆر بواردا نمونەی جوانی ئیدارەدان بوە نەک هەر لە عێراق بەڵکو لەتەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لایەنی ئەمنی و لەپاراستنی سەقامگیریی هەرێم و دڵنیایی خەڵکی کوردستان و ئەو هەموو کۆمپانیا وەبەرهێن و حزمەتگوزاریەی لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە هاتبوونە هەرێمی کوردستان لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی کونسوڵخانە و نوێنەرایەتیە دیبلۆماسیەکانی وڵاتانی جیهان لەهەولێر، باشبوونی ڕەوشی ئابووری و داهاتی خەڵک هەتا ساڵی 2014 و پرۆسەی ئاوەدانی و جوانکاری پایتەخت و شارو شارۆچکەکانی کوردستان و لەسەرروو هەموو ئەمانەشەوە هاتنی زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارە لە عێراق و وڵاتانی دەوروبەرەوە بۆ هەرێم، هەموو پێکەوە بەڵگەی ئەم دەسکەوتانەن کە لە کابینە یەک لە دوای یەکەکانی حکوومەت بەدەست هاتوون.

لەدوای بڕینی بودجە و موچەی خەڵکی هەرێمیش لەلایەن حکوومەتی بەغداوە شەڕێکی لەناکاوی دڕندانەی تیرۆرستانی داعش یەخەی کوردستانی گرت و لەماوەیەکی کورتدا دەوڵەتێکی تیرۆرستی بەسنوورێکی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتری بووە دراوسێی باشوور و ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان و تا ڕادەی دابڕانی ئەم دەوڵەتە تیرۆریستیە بەجوگرافیا و بەفیکر و بەئیدارە، عێراقی لە هەرێمی کوردستان دابڕی و تەنانەت 30%ی خاکی عێراق و نیوەی سووریاشی داگیرکرد. ئەم دەوڵەتە بەجۆرێک سەرکێش و لەخۆبایی ببوو پەلاماری ڕاست و چەپی دەدا و هەرێمی کوردستانیشی کردە ئامانجێکی سەرەکی داگیرکاریەکانی و کارەساتی گەورەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هێنا دوای ئەوەی دەستی بەسەر مووسڵدا گرت، هەر بەوەش نەوەستا شارەکانی تری کوردستان و هەولێری پایتەختیشی کردبووە ئامانج، ئیتر لەم کاتانەدا خەڵکی کوردستان بەهیممەتی پێشمەرگە قارەمانەکان و فەرماندەیی سەرۆک بارزانی و بەپشتیوانی هێزە هاوپەیمانەکان ڕووبەڕووی ئەم هێزە تیرۆریستیە ڕەشە بوونەوە و بۆ یەکەمجار سەرکێشی لەخۆباییبوونەکانیان ڕاگرتن و لەماوەیەکی کەمیشدا زۆربەی خاکی هەرێمی کوردستانیان لەچنگی داعش دەرهێنایەوە و هاوکاری هێزە عێراقی و هاوپەیمانیە نێودەوڵەتیەکەشیان کرد بۆ ئازادکردنەوەی مووسڵ. پێشمەرگە دوای ئەوەی زیاتر لە 1600 شەهید و زیاتر لە 10هەزار بریندار لەپێناوی پاراستنی خەڵکی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش دا، حکوومەتی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنیەکانی بوونە جێگای سەرنج و ستایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نەک تەنها لەبەر سەرکەوتن بەسەر داعش بەڵکو بەهۆی ئەو هەنگاوانەی کە حکوومەتی هەرێم بەرەو کرانەوەی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و ئازادی ئاینی لەهەرێم و ئەو یاسایانەی بۆ ئەم مەبەستە لەپەرلەمانی کوردستان و بەئیمزای سەرۆک مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم نرا، هەرێمی کوردستان بووە لانکەی ئازادیخوازانی هەموو بیروباوەڕە ئاینیەکان و هەموو ئەو عێراقیانەی کە بەهۆی شەڕی تائیفی و شەڕی تیرۆرستانی داعشەوە هانایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنابوو. ئیدارەدانی ئەم بارودۆخە لەسایەی حکوومەتێکی شکستخواردووی تائیفی لە بەغدا بەجۆرێک زەحمەت ببوو کە جگە لە بڕیاری ئازایانەی ریفراندۆم لەلایەن سەرۆک بارزانی و پشتیوانی زیاتر لە 92%ی خەڵکی هەرێمی کوردستان هیچ ڕێگایەکی تر نەمابوو، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و عێراق و وڵاتانی ئیقلیمیش لەم بڕیارە ئاشتیخوازانەیەی هەرێم تێنەگەیشتن و ویستیان ریفراندۆم بکەنە بیانوو بۆ کۆتاییهێنان بەئەزموون و قەوارەی سیاسی و جوگرافی و نەتەوەیی کوردستان، بەڵام جارێکی تریش پێشمەرگەکانی کوردستان بوونەوە شوورەی پۆڵایین و لەپردێ و سحێلا بەهێزە هێرشبەرەکانی عێراقیان گوت کوردستان پارووی ئاسان نابێت بۆ هیچ داگیرکەرێک. ئەم جموجوڵە سەربازی و سیاسی و هەواڵگریە لەکاتێکدابوو کە لەناوخۆی کوردستانیشدا زۆربەی هێزە بەشداربووەکان لەحکوومەتی هەرێم کابینەی هەشت، پارتی دیموکراتی کوردستانیان لەپەرلەمان و حکوومەت و لەکەرکووکیش بەتەنها بەجێهێڵا و ئەرکی حکوومەت و پارتی قورستربوو، بۆیە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەمساڵدا چاوەڕوانکراو بوو کە پارتی بەو ڕێژە زۆرەی دەنگی هاووڵاتیانی هەرێم متمانەی پێبدرێتەوە بەتایبەتیش کاتێک دروشمی تێپەڕاندنی قەیرانەکان و کوردستانێکی بەهێزی کردبووە دروشمی هەڵبژاردن.

ئێستاش لەدەستنیشانکردنی هەریەک لەنێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێم نیەت و جدیەتی پارتی بۆ تێپەڕاندنی کێشەو قەیرانە ئابووری و سیاسیەکانی هەرێم دەردەکەوێت و ئەم "دوو بارزانی"یە بەپشتیوانی سەرۆک مسعود بارزانی و خەڵکی کوردستان لەلایەک دیبلۆماسیەتی کورد بەهێزتر دەکەن و نوێنەرایەتی هەرێم لەدەرەوە فراوانتر دەکەن، لەلایەکی تریشەوە بنەماکانی ئیدارە و حوکمڕانی لەناو دامودەزگاکانی حکوومەتدا تۆکمەتر دەبێت و هەر کەموکوڕی و کەمتەرخەمیەکیش لەهەر شوێنێکی ئیدارە و حوکمڕانیدا هەبووبێت چاوەڕێ دەکرێ لەم کابینە نوێیەدا تێبپەڕێنرێ و ئاوەکان بخرێنەوە سەر شاجۆگە و ڕێڕەوی ڕاستی خۆی.

پارتی دەیەوێت لەم کابینە نوێیەدا شەریکی ڕاستەقینە و ستراتیژی لە حوکمڕانی خەڵکی کوردستان دروست بکات و پایەکانی یەکخستنەوەی توانا و هێزە سیاسی و سەربازی و ئابووری و مرۆییەکانی هەرێمی کوردستان یەکبخاتەوە و بنەماکانی پێکەوەژیانی ڕاستەقینەش پتەوتر بکات، بەجۆرێک لە هەموو دامودەزگاکانی حکوومەتدا پرەنسیپەکانی ئازادی ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبی و مافەکانی مرۆڤ و مافی ئافرەتان جێبەجێ بکات و یاسا لەسەرروو هەموو کەس بێت و بەدەستێکی پۆڵایینیش مامەڵە لەگەڵ تیرۆر و گەندەڵی و یاساشکێنی بکرێت. ئەو پشتیوانیە جەماوەریەی پارتی لەم دوو هەڵبژاردنەی دواییدا پەیدای کردەوە فرسەتی ئەوەی پێدەدا بە جدی حکوومەت و سەرۆکایەتی هەرێم کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بەتایبەتیش چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکانی مادەی 140ی دەستووری عێراق و بودجە و پشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگە.

نیکی هالی: پێویستە هاوکاری نەنێرین بۆ ئەو وڵاتانەی کە دەڵێن 'مەرگ بۆ ئەمەریکا' پێویستە ئەمەریکا یەک دۆلاریش بە پاکستان نەدات



نوێنەری هەمیشەیی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، نیکی هالی سەبارەت بەو هاوکارییە نێودەوڵەتییانەی کە وڵاتەکەی پێشکەشی دەکات، ڕایگەیاند: پێویستە تا ئەوکاتەی پاکستان خۆی چاک دەکات، ئەمەریکا تەنانەت یەک دۆلاریشی پێ نەدات. بەر لەوەی کە پارەیان پێبدەین، پێویستە پێیان بڵێین 'بۆ ئەوەی هاوکاریی سوپا و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە لایەن ئێوەوە بکەین، سەرەتا دەبێت ئەو بابەتانە ڕێکبخەنەوە. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری زە ئەتلانتیک، نیکی هالی باسی ڕووداوەکانی کرد لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە لە پۆستەیەکەیدا لە کانوونی دووەمی 2017دا.

نوێنەری هەمیشەیی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان باسی لەوەکرد کاتێک دەستبەکاربوو، یەکەم بابەت کە بووە مایەی سەرنجی هاوکارییە دەرەکییەکانی ئەمەریکا بوو، تیشکی خستەسەر ئەوەش سەبارەت بە وردەکاری هاوکارییەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی، پەڕتووکێکیان ئامادەکردووە و پێشکەش بە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپیان کردووە. نیکی هالی ئەوەشی خستەڕوو، ئەو وڵاتانەی کە دەستنیشان دەکرێن هاوکارییە دەرەکییەکانیان پێبدرێت لە ڕێگەی دەنگدان لە نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریی دەکرێن و گوتی: بۆچوونی من لەوبارەیەوە ئەوەیە کە کاتێک هاوکاری وڵاتێک دەکەین تەنها لەسەر بنەمای دەنگدان لە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار نەدەین. پێویستە هاوکاری نەنێرین بۆ ئەو وڵاتانەی کە دەڵێن 'مەرگ بۆ ئەمەریکا.' نابێت هاوکاری بۆ ئەوانە بنێرین کە لە پشتمانەوە پیلانگێڕی دەکەن و ڕێگری دەکەن لەو کارانەی دەمانەوێت بە ئەنجامیان بگەیەنین. نابێت هاوکاری بۆ ئەوانە بنێرین کە نایانەوێت ببنە هاوبەشمان.

نوێنەری هەمیشەیی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە زۆر وڵات خوازیاری هاریکارین لەگەڵ ئەمەریکا و پێویستە ئەو ڕەوشە لەبارەی هاوکاری دەرەکی لەبەرچاوبگرن.

هاوکات نیکی هالی سەبارەت بە هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ پاکستان گوتی: بۆ نموونە ملیۆنەها دۆلارمان بە پاکستان دا، بەڵام ئەوان هێشتا بەردەوامن لەوەی ببنە بەندەری ئارام بۆ تیرۆریستان، لەکاتێکدا ئەو تیرۆریستانە سەربازانمان دەکوژن. ناتوانین ئەوە قبووڵ بکەین. نابێت ئەمەریکا تەنانەت یەک دۆلاریش بە پاکستان بدات تا بەخۆیدا دەچێتەوە. ئەوانە پارەیەکی کەم نین. پێش ئەوەی پارەیان پێبدەین سەرەتا ئەو بابەتانە ڕێکبخەنەوە بۆ ئەوەی هاوکاریتان بکەین بۆ سوپاکەتان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

نوێنەری هەمیشەیی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان باسی لەوە کرد کە پێویستە هاوکاریە دەرەکییەکان بدرێت بەو وڵاتانەی نیازیان باشە. حکوومەتەکەی دۆناڵد ترەمپ پێشتر بە هۆکاری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئەو هاوکارییە ماددیانەی ڕاگرت کە بە پاکستان دەدران.

هەنگاوە ئیدارییەکانی کابینەی نۆیەم





د. حەکیم مێرگەسۆری*

ئێستا یەکێک لە مژارە هەرە گەرمەکانی گەنگەشەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شەکەت و ماندووی ئەم هەرێمە، کاندیدبوونی بەرێز مەسرور بارزانییە بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەگەر گوێمان بۆ تەتەڵە و مقۆمقۆکان شل بکەینەوە ئەوا گوێبستی چەندین پرسیاری جیاواز دەبین، کە نووسەر هندێکیان بەرجەستە دەکات: دەبێ رۆئیا و ئامانج و ستراتیژی و پلانی چوار ساڵی داهاتوو چ بێت؟ چۆن کوردستان لەم ئاڵنگارییە سیاسی، ئابوورییە، رزگار دەکرێت؟ ئایا بەرەنگاری گەندەڵکاران دەبێتەوە؟ ئایا دەتوانێ متمانەی ناوخۆ و دەرەکی بەدەست بهێنێتەوە؟ ئایا ئەم کابینەیە دادپەروەری و هەقپەرەستی دەکاتە سەرمەشقی ئیشوکارەکانی؟ ئایا گۆڕانکاری ئەنجام دەدرێن؟ ئەگەر وەڵام ئەرێنییە، بە چ شێوازێک؟. هەروەک خوێنەری بەڕێز تێبینی دەکات ئەوا ئەرکی سەرۆکی کابینەی داهاتوو ئاسان نییە و بەرپرسیارێتییەکی ئێجگار زۆری دەکەوێتە سەر ئەستۆ.

3

هەنگاوی سێیەم: داڕشتنی پلانی کابینەی نوێم

داواکاری ئێستای خەڵکی کوردستان ئەوەیە، کە سەرۆک حکومەت و وەزیر و بەڕێوەبەرەکانی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کابینەی نۆیەم، هەروەک سەرەتای پێکهێنانی هەر حکومەتێک لە وڵاتانی تر، ڕوانگەو ڕۆئیا، ئامانج، پلان و ستراتیژی خۆیان پێشکەشی پەرلەمان بکەن و دوای تەتەڵەکردن و شەن و کەو کردنیان دەنگ و متمانەی پێویستی ئەندامانی بەدەست بهێنن.

بۆیە سەرۆکی حکومەتی کابینەی نۆیەم پێویستە لە هەڵسووڕاندنی حکومەتی داهاتوودا خاوەنی دیدو ئاسۆی تایبەتی خۆی بێت. هەروەها لەم ڕوانگەیەوە وەزیر و کاربەدەستی وەزارەت و فەرمانگەکان بۆ خۆی هەڵبژێرێت کە ڕۆئیای ئەو دەستەبەر بکەن و خاوەنی ئامانج و نەخشە ڕێگا و ستراتیژییەت بن و پلان و پڕۆگرامیان بۆ گشت ئەو خزمەتگوزارییانە هەبێت کە بەنیازن لە ماوەی چوار ساڵدا پێشکەشی بکەن.

دەستەی بەڕێوەبەری کابینەی نۆیەم دەبێ بۆ پەرلەمان و خەڵکی کوردستان ڕوون بکەنەوە کە بە نیازن چ بکەن و ئاراستەی ئیشوکارەکانیان ڕابگەیەنن و ئامانجی ستراتیژی، تاکتیکی و عەمەلیاتی خۆیان بە پێی کات (کورت خایەن، ناوەند و درێژخایەن) بۆ یەکە بە یەکەی وەزارەتەکان بەرجەستە بکەن و بەڵگەی سەرکەوتنیان بخەنەڕوو.

دوای دیاری کردنی ئامانجەکان لە لایەن بەڕێوەبەرەکانی ئاست بەرزدا، دەبێ دەستنیشانی ئەو چالاکییانە بکرێن کە دەبنە هۆی دەستەبەرکردنی ئامانجەکان. پاشان پێویستە پلانی ستراتیژی، تاکتیکی و عەمەلیاتی کە توانا و پێشەم و چالاکییە زەروریەکان دیاری دەکەن، گەڵاڵە بکرێن. بێ گۆمان پلانەکانیش بە پێی کات دەبێ پۆلێن بکرێن.

سەرەڕای ئەمەش هەڵسورێنەرەکانی کابینەی داهاتوو پێویستە پلانی ئۆرژانسی و فریاکەوتنیشیان هەبێ کە جێگرەوەی ئەو چالاکییانەن کە بوونەتە هۆی ڕووداوێک.

لێرەدا نووسەر بۆ دیاریکردنی ستراتیژی ئیشکردنی وەزارەت و فەرمانگەکان کە بریتییە لە پلانێکی گشتگیر بۆ پێکانی ئامانجەکان، یەکێک لە مێتۆدەکانی بواری بەڕێوەبردن کە شیکاری (SWOT)ـە کە بۆ کاربەدەستانی حکومەتی داهاتوو پێشنیار دەکات، کە دەتوانن سوودی لێوەربگرن و لە هەر پێگەیەکی ئیدارییدا بەکاربهێنن.

ئەگەر شیکاری سۆزت (SWOT) بە پێی تەکنیکێکی وەزارەت و فەرمانگەکان پێناسەی بۆ بکەین ئەوا یەکێک لە میتۆدەکانی ئەنالیزی ستراتیژی و لە ژینگەی ئیشکردنی وەزارەت و فەرمانگەکان بە دۆزەرەوە و بنچینەی ستراتیژیی چالاکییەکان ناوەزەت دەکرێت. ئەم شیکارییە دەشێ بۆ هەموو وەزارەت و فەرمانگەکان یاخود بۆ تەتەڵەکردنی بەشێکی دیاریکراو بۆئەوونە بەشی دارایی سوودی لێوەربگیرێت.

ناوی (SWOT) کورتکراوی چوار پێتی یەکەمی وشەکانی ئینگلیزین: (Strengths) خاڵە بەهێزەکان، (Weaknesses) خاڵە لاوازەکان، (Opportunities) شانس و دەرفەتەکان، (Threats) مەترسییەکان. ئامانجی شیکاریی (SWOT) خۆی لە وەڵامی پرسیارەکانی خوا ڕەوە دەبینێتەوە:

خەسڵەتەکانی وەزارەت، فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەک چییەو هێز و توانای لە چیدایە؟

خاڵی لاوازەکانی لەو ژینگەیەی کە ئیشی تیا دەکات، چییە؟

چ هێز و توانایەک دەبێ سوودی لێ وەربگیرێت بۆ ئەوەی پێگەی وەزارەت، فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەک بەرزببێتەوە؟

چ مەترسیەک هەیە کە دەتوانێت چالاکییەکانی وەزارەت، فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەک سنوردار بکات؟

خاڵە بەهێزەکان – سەرمایە و هێز و تین و خەسڵەتە بەتوانەکانی وەزارەت، فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەکە کە لە ناو ژینگەیەکدا جیاوازی دەکات و پێویستە بەرەوی پێ بردێت. لە ڕوانگەی بەڕێوەبردنی کوالیتیدا خاڵە بەهێزەکان ئەمانەن: پابەندبوون و تێگەڵانی کارمەندەکان، بەهرەکانیان، بەرپرسیارێتی کوالیتی، ئیشی پێکەوەیی، تەرکیز لە خەڵک کردنەوە و پێشخستن و چاکسازیی بەردەوام.

خاڵە لاوازەکان ژ دەرهاوێشتەی سنووردارېوونی سەرمایەو توانەکان و نەبوونی بەهرەی پێویستە. هەر دۆزینەوە ژ بەرجەستەکردنی خاڵی بەهێز و لاوازی وەزارەت، فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەک لەخۆدەگرێت. لەم قۆناغەدا خشتەی دارایی و سەرمایەکان دروست دەکرێت.

پێشبینی کردن ژ پەیوەستە بە دیاریکردنی شانس و دەرفەت و مەترسییەکان بۆ گەشەپێدانی وەزارەت، فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەک و ئامانجەکانی کە لە ڕێگای دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی ئەرێنی و نەرێنی ئەنجام دەدرێت و لە سەر بەدیهێنانی سیاسەتی کاریگەرن. بۆیە پێویستە لایەنەکانی ئابووری، سیاسی، دیمۆگرافی، کەلتووری و کۆمەڵایەتی ژینگەی وەزارەت، فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەک لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت، بۆ ئەوەی نیشانەو ڕەوتەکان دیاری بکرێن و گەڵاڵەکردنی ڕووداوەکان لە داهاتوو ئەنجام بدرێت.

یەکخستن (Synthesis)- لەم هەنگاوەدا هۆکارەکانی هەر دوو قوناغەکانی پێشوو یەکدەخرێن کە بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی ستراتیژیی وەزارەت، فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەک ڕێخۆشکەرن. ئەم هەنگاوە زۆر بایەخدارە چونکە ڕێنومایییەکانی بواری ستراتیژیی چالاکییەکانی ئاسان دەکات.

نووسەر بۆ ئەوەی خوێنەر لە بابەتەکە نزیک ببێتەوە بەپێی لێکدانەوە خۆی، هەندێ خاڵی کەم، لە خشتەی شیکاری (SWOT) بۆ هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنێت.

بێگومان سەرۆک و دەستەی بەڕێوەبەری کابینەی نۆیەم دوای شەنوکەوکردنی گشت ئەگەرەکانی خاڵە بەهێزەکان، خاڵە لاوازەکان، شانس و دەرفەتەکان و مەترسییەکان، دەبێ ستراتیژییەت و پلان و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڵاڵە بکەن. ئەمەش دراسەیەکی ئەکادیمیانەی گەرەکە کە پێویستی بە کەسی شیاو، شارەزا و کارزانە.

*** دکتۆرا لە بواری بەڕێوەبردندا**

خشتەی شیکاری SOWT بۆ ستراتیجیا و پلانی کاری حکوومەتی داهاتووی کوردستان

خاڵی بەهێز	خاڵی لاواز
- هەبوونی سامانی ژێر زەوی وەکو نەفت و گاز. - هەبوونی سامانی سەر زەوی وەکو ئاو. - هەبوونی زەویپەکی بە بیت بۆ کشتوکاڵ. - ستراتیژی بوون هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکە. - هەبوونی جەندین ئاینی جیاواز لە کوردستان. - هەبونی سروشت و کەشوهەوایەکی جوان بۆ گەشتیاری و .... هتد.	- نەبوونی ڕێگاو بانێکی باش. - نەبوونی ڕێگای دەریایی. - نەبوونی ستاف و کارمەندی شارەزا. - هەبوونی گەندەڵی و... هتد.
شانس و دەرفەت	**مەترسی**
- بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گاز. - بەرزبوونەوەی گرنگی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. - نەبوونی باج بۆ ئەو بیانیانەی کە لە کوردستان وەبەرهێنان دەکەن؟. - سەردان کردنی گەشتیارەکانی عەرەب بۆ هەرێمی کوردستان و .... هتد.	- هەبوونی داعش. - کەم بوونی بوودجەی بەغدا. - ئەگەری ڕووداونی شەڕی ناوخۆ و دەرەکی. - یەکگرتوو نەبوونی ماڵی کوردی. - یشت بەستن تەنها بە داهاتی نەوت و... هتد.

گرنگیا وەبەرهێنانێ بو پێشکەفتنا ئابووریێ کوردستانێ




سەردار شاکر سلێمانەی*

دگەل پەیدابونا مروڤی لسەر ڕوویێ زەڤیێ و پەیدابوونا کریارێن لێکگوهارتنێ و پتر بەلاش بوونا بازرگانیێ وەبەرهێنانێ ڕولەکێ کاریگەر و بەرچاڤ یێ هەبوویە د ژیانا ئابووری و دارایی دە، و دهێتە هژمارتن ب فاکتەرەکێ بهێز ژبو گەشەکرنا ئابووری و زێدەبوونا بەرهەمی و فاکتەرەک هەری بهێزە د داهاتێ نیشتمانی دە.

وەبەرهێنان ژی دبێژنێ (Investment) دهێتە ناسکرن ب پروسیسا ژ دەست دانا کۆژمەکێ دیارکری یێ دراڤی د وەختەکێ دیارکریی دا ژ بو بدەستڤەئینانا کۆژمەکێ زێدەتر د پاشەرۆژێ دا، یان ژی دهێتە ناسکرن ب بکرینا کەلوپەلەکێ دیار کری ژ بۆ بدەستڤەئینانا داهاتەکێ د وەختێ نوکە دا و د داهاتی دا.گەلەک ئارمانج ژ وەبەرهێنانێ یێت هەین، ژ وانا ژی: دابینکرنا پەرجانەکێ ژ بو پاراستنا سەروەت و سامانی ژ کارەساتا کێم بوونا هێزا کرینا دراڤی ئەو ژی ژ ئەنجامێ پەیدابوونا هەلاوسانێ، چونکی پەیدابوونا داهاتەکێ دێ ڕێگریێ ل کێم بوونا بهایێ دراڤی گریت ژبەرکو دراڤ ببڕینا وەختی بهایێ خوە ژ دەست ددەت، بدەست ڤەئینانا داهاتەکێ زێدەتر ئەو ژی بڕێکا گرنگیدان ب وەبەرهێنانێت داهاتەکێ زۆر ددەن، پاراستنا داهاتی ژ باجێ، و وەبەرهێنانا تایبەت و وەبەرهێنانا گشتی و وەبەرهێنانا تێکەل. وەبەرهێنان گەلەک یا گرنگە و گرنگیا وێ دگەلەک خالان دە دیار دبت، ئێک ژ گرنگیا وەبەرهێنانێ ئەوە ئاستێ بەرهەمئینانێ زێدەتر دبت و ئەڤە ببەشی ڤەدزڤریت بۆ زێدەکرنا داهاتێ نیشتمانی و زێدەکرنا داهاتێ تاکەکەسی، هەروەسان ئاستێ بژێو و ژیانێ زێدەتر لێدهێت بڕێکا وەبەرهێنانێ، ئەو ژی بڕێکا پێشکێش کرنا خزمەتێن سەرەکی یێن ژین و ژیارێ، ئەڤە و زێدەباری بێکاری کێم دبیت و پتر دەلیڤەیێن کاری پەیدادبن و ریژا بێکارێ کێمتر دبیت، ریژا سەروەت و سامانێ وەلاتی ژی زێدەتر دبیت، پڕبوونا پێدڤیێن هەڤولاتیان بڕێکا دابینکرنا کەلوپەلیێن پێدڤی و خزمەتیێن گونجایی یێن دهێنە دروستکرن لناڤخۆیێ وەلاتی، و لدوماهیێ دەرگەھ دێ ڤەبت بهێنارتنا بەرهەمێ ناڤخۆیی و خۆمالی بۆ ژ دەرڤە ئەو ژی پشتی زێدەبوونا بەرهەمێ ناڤخۆیی. ئەگەر ئەم بهێین و گرنگیا وەبەرهێنانێ بۆ ئابووریێ نیشتمانی دیاربکەین دێ بینین وەبەرهێنان ژ هەمی لایان ڤە یا گرنگە و نەتنێ دێ ئابوور بەرەڤ پێشڤەچوونێ چیت، لێ د هەمان وەختدا ئاستەنگییێن ئابووری و قەیرانیێت دارایی دێ کێمتر بن و دراڤێ ببانی لدەڤ وەلاتی دێ پەیدابیت و بڤی دراڤی ئەم دکارین هەڤسەنگیا باریێ دراڤێ ناڤخۆیی رابگرین و جێگربوونەکێ دبهایێ دراڤێ ناڤخۆیی دا پەیدابکەین. لهەرێما کوردستانێ ئەم نابێژین وەبەرهێنان لێ ناهێتە کرن بەلێ د وەختێ نوکەدا سستیيەک تێدا پەیدابوویە و دڤیا حیکمەتا مە پتر دەلیڤەیێن وەبەرهێنانێ بۆ کۆمپانییێت ناڤخۆیی بگشتی و بتایبەتی یێن بیانی پەیدا بکەت، داکو پتر کومپانییێت بیانی قەستا وەلاتێ مە بکن و پتر دراڤێ بیانی بکەڤیتە بازاڕییێت وەلاتێ مە، دا هەم دراڤێ بیانی لدەڤ مە زۆر ببیت و دا سەروەت و سامان ژی زێدەببیت لدەڤ مە، چونکی وەبەرهێنان ژ گرنگترین فاکتەرانە ژبۆ گەشەکرنا ئابووری و وەبەرهێنان کاردکەت ژبۆ زێدەکرنا شیانییێت بەرهەمئینانێ بڕێکا بەرهەمئینانا کەلوپەلییێن نوی و تازە. هەروەسان ئەگەر ئەم لجورێن وەبەرهێنانێ یێن پشتراستکەر بکەین دێ بینین کو باشترین وەبەرهێنان وەبەرهێنانە د قەوالەییێن حکومەتا وەلاتێ ئەمریکا دا یێن ماوە سێ هەیڤ، هەروەسان وەبەرهێنان د کڕین و فرۆتنا زێڕی دا ژی تا رادەیەکێ یا باشە. داکو حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئابوورێ خوە بهێز بکەت و پتر ئابوورێ وێ گەشە بکەت پێدڤیە گرنگیەکا زور ب وەبەرهێنانێ بدەت و هەر وەخت کوژمەکێ مەزن و گونجایی بەرهەڤ بکەت و دیار بکەت بۆ وەبەرهێنانێ، چونکی بڕێکا وەبەرهێنانێ نەتنێ دێ ئابوور پێشکەڤیت لێ پەیوەندییێن سیاسی ژی دێ باشتر بن دگەل وان وەلاتا ئەوییێن ئەم وەبەرهێنانێ دگەل دکەین.

*** ماموستایێ زانکویا پولیتەکنیکی دهۆک**





حکومەتی داهاتووی عێراق لەنێوان ماف و داخوازییەکانی کورددا

خەبات: تریفە ئازاد

لە سەروبەندی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق سەرباری سەخیتی هاوکێشە سیاسیەکان لەم وڵاتە تێکڕژانی لایەنە سیاسیەکان سونnە لەلایەک و شیعەکانیش لەلایەکی تردە پرسیاری جدی ئەوەیە ئایا پێکهاتەی حکومەتی نۆی عێراق لەسەر چ شێوازێک دەبێت؟!، گرینگتر ئایا لەوەش کورد چۆن دەتوانی مافە دەستوریەکانی خۆی دەستەبەر بکات؟ و چۆن دەتوانێت نێوژمالّی خۆی کۆبکاتەوە؟ تاوەکو سیناریۆی حکومەتەکانی پێشووی عێراق دووبارە نەبنەوە!. بۆ هەڵنجاندنی وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارانە، رووماں کردە چەند کەسایەتییەکی شارەزا لە بواری سیاسی و یاسایی و ئابووری.

لە ڕووی یاسایی و دەستوری

دکتۆر محەمەد شەهاب مامۆستا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: زۆرن ئەو مافە دەستووری و یاساییانەی هەرێم کە پێشێلکراون لە لایەن حوکمەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە دوای پەیڕوکردنی دەستووری نوێی عێراقی ساڵی (2005) کە بە زیاتر لە (55) مادەی دەستووری دەخملێندرێ، بۆ نموونە سەپاندنی مافی یەکسانبوونی زمانی کوردی و عەرەبی کە لەمادەی (4) دەستوور هاتووە، هاوبەشی ڕاستەقینە لە موئەسەسەی بەرگری و ئەمنی عێراقی لە ڕووی ژمارە و بەژداریکردن لە بڕیارە سەرەکێکان وەک ئەوەی لە مادەی (9) هاتووە، دەستەبەرکردنی مافی شەهیدان و ئەنفالکراوانی بریندارانی چەکی کیمیاوی هەرێم وە یەکسان کردنیان لەگەڵ هاوتاکانیان لە عێراق کە لە مادەی (32، 104، 132) لە دەستوور باس کراوە، وە دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئیتیحادی کە دەبێتە فاکتەری ئەساسی بۆ ڕاگرتنی بالانس لەنێوان پایتەخت و هەرێمەکان وە زمانەتێکی گرینگە بۆ مافی هرێمەکان کە لە مادەکانی (48، 65، 137) باس کراوە، مافە داراییکانی هەرێمی کوردستان کە خۆی لە مووچە و بودجەی هەرێم دەبینێتەوە لەم بوارەدا حوکمەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق چەندین مادەی دەستووریان پێشێلکردوە وەک مادەکانی (14، 25، 26، 29، 30، 32، 106)، جگەل لەو بابەتانە دەیان مادەی تری دەستووری کە مافەکانی هەرێمیان گرێنتی کردوە پێشیلکراوە لەلایەن بەغداوە کە دەتوانین زۆربەیان کۆبکەینەوە لە سێ وەشەی سەرەکی کە سەرۆک بارزانی چەندین جار باسیانی کردووە ئەویش (التوازن، التوافق، الشراکە الحقیقیە) کە سێ بنەمای سەرەکین بۆ دروستبوونی دەوڵەتی فیدرالّی کە دەبێتە هۆکاری زامنکردنی مافی هەمووان. بەڵام ئەم حوکومەتە نوێیەی عێراق بە ڕابەرایەتی د.عادل عەبدولمەهدی جێگای هیوای گەلانی عێراق و هەرێمی کوردستانیشە بە هۆی ڕەسەنایەتی و پابەندبوونی ئەو کەساییتیە بەرێزەیە بە یاساکان وریزگرتنی لە مافی هاوڵاتیانی عێراق بە گشتی، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەین کە زۆربەی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان زامن بکا، بە تایبەتی پاش ئەو سەردانە مێژوییە جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا کە بووە هۆی تواندنەوەی بەستەڵەکەکانی نێوان بەغدا و هەرێم و دارشتنی بناغەیەکی نوێ بۆ پەیوەندیکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە جۆرێک بەیتە هۆکاری گرنگ بۆ گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی هەرێمی کوردستان.

لە ڕووی داراییەوە

شیلان بیبانی شارەزا لە بواری ئابووری لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هەڵبەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمساڵدا لە بەرامبەر بڕیارەکانی بوودجەی ساڵی 2019 لە چاوەڕوانیدایە، بە جۆرێک کە تەواوی داراییە شایستەکانی خۆی تێدا بە دەست بکەوێت، لەم ڕووەوە پەرلەمانتارە کوردەکان لە بەغدا بە دەنگێکی یەکگرتوو داوای زیادکردنی بوودجەیان کردوە بۆ ڕێژەی 17% و هەروەها کۆمەڵی پارەی تر بۆ قەرەبووکردنەوەو پێشمەرگەو بنەماڵەی شەهیدان، ئەوەی لەم لایەنە ڕوونە ئەمساڵ لە ساڵانی پێشووتر گەشبینانەتر بۆ مەسەلەکان دەڕوانین، چونکە بوودجەی داهاتوو بە شێوازێکی تا رادەیەک ئابوریناسانە داڕێژراوە بەوەی کە نرخی نەوت لە نێوان 60-50 دۆلار بێت کەواتە ئەگەرەکانی دابەزین و هەستانی نرخی نەوت ئامادەکاری بۆ کراوە، لە کاتێکدا ئەگەر بێتو نرخی نەوت پێشێلکردوە وەک مادەکانی (14، 25، 26، 29، 30، 32، 106)، جگەل لەو بابەتانە دەیان مادەی تری دەستووری کە مافەکانی هەرێمیان گرێنتی کردوە پێشیلکراوە لەلایەن بەغداوە کە دەتوانین زۆربەیان کۆبکەینەوە لە سێ وەشەی سەرەکی کە سەرۆک بارزانی چەندین جار باسیانی کردووە ئەویش (التوازن، التوافق، الشراکە الحقیقیە) کە سێ بنەمای سەرەکین بۆ دروستبوونی دەوڵەتی فیدرالّی کە دەبێتە هۆکاری زامنکردنی مافی هەمووان. بەڵام ئەم حوکومەتە نوێیەی عێراق بە ڕابەرایەتی د.عادل عەبدولمەهدی جێگای هیوای گەلانی عێراق و هەرێمی کوردستانیشە بە هۆی ڕەسەنایەتی و پابەندبوونی ئەو کەساییتیە بەرێزەیە بە یاساکان وریزگرتنی لە مافی هاوڵاتیانی عێراق بە گشتی، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەین کە زۆربەی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان زامن بکا، بە تایبەتی پاش ئەو سەردانە مێژوییە جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا کە بووە هۆی تواندنەوەی بەستەڵەکەکانی نێوان بەغدا و هەرێم و دارشتنی بناغەیەکی نوێ بۆ پەیوەندیکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە جۆرێک بەیتە هۆکاری گرنگ بۆ گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی هەرێمی کوردستان.

لە ڕووی داراییەوە

شیلان بیبانی شارەزا لە بواری ئابووری لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هەڵبەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمساڵدا لە بەرامبەر بڕیارەکانی بوودجەی ساڵی 2019 لە چاوەڕوانیدایە، بە جۆرێک کە تەواوی داراییە شایستەکانی خۆی تێدا بە دەست بکەوێت، لەم ڕووەوە پەرلەمانتارە کوردەکان لە بەغدا بە دەنگێکی یەکگرتوو داوای زیادکردنی بوودجەیان کردوە بۆ ڕێژەی 17% و هەروەها کۆمەڵی پارەی تر بۆ قەرەبووکردنەوەو پێشمەرگەو بنەماڵەی شەهیدان، ئەوەی لەم لایەنە ڕوونە ئەمساڵ لە ساڵانی پێشووتر گەشبینانەتر بۆ مەسەلەکان دەڕوانین، چونکە بوودجەی داهاتوو بە شێوازێکی تا رادەیەک ئابوریناسانە داڕێژراوە بەوەی کە نرخی نەوت لە نێوان 60-50 دۆلار بێت کەواتە ئەگەرەکانی دابەزین و هەستانی نرخی نەوت ئامادەکاری بۆ کراوە، لە کاتێکدا ئەگەر بێتو نرخی نەوت بەرزبێتەوە ئەوا کورتهێنانی بوودجە کەمدەبێتەوە و هەروەها ئەگەرەکان بۆ دابینکردنی هەموو داواکانی هەرێمی کوردستان ئەرینی دەبێت، ئا لەم کاتەدا پارەی داهات زیاتر دەبێت لە پێشبینی دانانی بڕی بەشە بوودجە ئەمەش تەواوی داواکارییەکان جێبەجێ دەکرێت ئەمانە لە لایەک، لە لایەکیتر ترەوە لە ئەگەری دابەزینی نرخی نەوت بەو شێوە مەترسیدارەی ساڵانی رابووردوو نابێت لە رووە ئابوورییەکە ئەمەش لەبەرئەوەی نرخی نەوت بە کەمترین ئاستی ئەمساڵ مەزەندە کراوە و بەمەش کورتهێنان لە بوودجە رووندادات، بەمانایەکی تر بوودجەی تەرخانکراو کەموکورتی لێ بە دی ناکرێت و دیسانەوە داواکارییەکانی هەرێم دەچێتەوە قاڵبێکی ئەرینی، بەڵام راستیەک هەیە ئەویش لایەنی سیاسی و ململانێ بەغدا لە گەڵ هەرێم کە ئەمانە بناغەکەی ئابوریی نییە بەڵکو سیاسیە و لەم کاتەدا پێشبینیەکان تا رادەیەک نەرینی دەبێت و هەوڵەکانیش بێ سوود دەبن.

کورد پێویستی بە دیپلۆماسییەتێکی ژیرانە هەیە

هەرێم جەعفەر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دەستخستنی مافەکانی کورد لە حکومەتی داهاتوی عێراق پێویستی بە خوێندنەوەی ناوچەیی هەیە، دەبێت ئەمجارە کورد خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییە ناوچەییەکان هاوتەریب بکات و بزانێت ڕێرەوی بەرژەوەندییەکان لە عێراق بەرەو کوێ دەڕۆن. بۆ نموونە، یاریکردن لە نێوان ئێران و ئەمەریکا، پێویستی بە دیپلۆماسییەتێکی ژیرانە هەیە، کورد بەهۆی نەبوونی دەوڵەت، ناچارە خۆی لەگەڵ هێزە جیاوازەکان بگونجێنێت، ئەگەر بەدەستی بەغدا بێت، بە هیچ جۆرێک مافەکانی کورد نادات، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کورد چۆن دەتوانێت پێگەی خۆی وەک کارتێکی سیاسی بەکار بهێنێت بەربڵاوی هێزە کوردییەکان و باوەشکردنی هەندێک لایەنی سیاسی بە دەسەڵاتدارانی شیعە، کوردی لاوازکردووە، ئەمەش بەشێکە لە کێشەکان. کورد گەر بیەوێت مافەکانی بەدەستبهێنێت دەبێت بە یەکگرتووی دیپلۆماسیەتێکی ژیرانە بکات، نەک چاوەڕێی ئەوەبێت حکومەت چی بۆ دابینەدەکات.

عێراق زیاد لەجاران پێویستی بەهەڵوێستی کورد هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت

ناسک سەعید لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی خێرا تێناپەڕێت کە وەک میللەتی عێراق چاوەڕێیان ئەکرد، بێگومان ڕێککەوتنە سیاسیەکانی نێوان لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن هەریەکەیان ئەیانەوێت پشکێکی زیاتر بۆ خۆیان وەربگرن، ئەم پرسەش پێویستی بەدانیشتن و کۆبونەوەی زیاتر هەیە، لەلایەکی دیکەوە دەستێوەردانە ئەقلیمیەکان فاکتەرێکی دیکەن بۆ زوو پێکنەهینانی حکومەت.

لەم نێوەندەدا ئەوەی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان پشکی زیاتر یاخود بەپێی شایستەی هەڵبژاردن مافی کورد و کوردستان بدرێت، ئەو پۆست و وەزارەتانەی شایستەی کوردن و لەناویاندا شایستەی پارتی دیموکراتی کوردستانن تا هەنوکە یەکلا نەبێتەوە، بەو مانایەی هێشتا کورد شایستەی وەزارەتێکی دیکە وەری بگریت. لەناو لیستەی کوردیەکاندا پارتی مافی خۆیەتی وەزارەتێکی دیکەیە وەربگرێت چونکە بەپێی ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان دەبێت پارتی ئەو وەزارەتەی بەر بکەوێت کە ماوەتەوە بدرێت بەکورد، بەمەش کوردستان دەبێتە خاوەن هێزو دەسەلاتیکی زیاتر لەناو حکومەتی نوێدا.

هاوکات سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا ئەو گرێ کوێرانەی کردەوە کە سەرۆک وەزیرانی پێشوو لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروستی کردبوون، و هاندەر و پالپشتیەکی گرنگ بوو بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق کە بەرێکەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا کێشەکان چارەسەر بکەن و سەرلەنوێ پەیوەندیەکانیان ڕێک بخەنەوە و بەشە بودجەی هەریم ڕەوانە بکەن.


ئەگەرچی ئەم سەردانەی سەرۆک بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکیش دەنگدانەوەی ئەرێینی زۆر باشی هەبوو، هاوکات دەرخەری پێداگیری بەردەوامی بارزانی بوە لەسەر هەڵوێستەکانی کورد تایبەت بە سەربەخۆیی کوردستان.

ئێستا حکومەتی عێراق زیاد لەجاران پێویستی بەهەڵوێستی کورد هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت و ڕاگرتنی بالانسی هێز لە عێراقدا لەنێوان کورد و عەرەب (سونnە و شیعە) و کەمینەکاندا، سەرۆک وەزیران باش حاڵی بووە کە نەبوونی کورد لە فەزای سیاسی عێراقدا لەبەرژەوەندی هیچ لایەنێکدا نییە.

تێپەڕاندنی قەیرانەکان کەسی بەهێز و دوورمەودای پێویستە، سەردانی سەرۆک بارزانی بووە فاکتێک بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانانە لەعێراق چونکە وەرگرتنی بۆچون تیروانینەکانی بارزانی بوونە ڕوئیایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کە لەمێژە عێراق پێوەی دەنالێنێت، و سەلماندی کە داهاتوی عێراق بەبێ بەشداری کارای کورد سەرکەوتوو نابێت.

فەرنسا.. سەرباری هەڵگرتنی باج لەسەر سووتەمەنی نارەزاییەکان بەردەوامن





ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆڕ

وەزیری گواستنەوەی ژینگەیی فەرەنسا فراسنوا دو ڕۆجی لە لێدوانێک بۆ تەلەفزیونی BFM گوتی، هەموو باجی زیادکراوی سەر سوتەمەنی لە یەکی مانگی کانونی دووەمی ساڵی 2019 بۆ هەموو ئەو ساڵە لادەبرێت.. بەڵام پێدەچێت ئەو ڕاگەیاندنەی وەزیری گواستنەوەی ژینگەیی نەتوانێت هەموو خۆپیشاندەران ڕازی بکات کە ماوەی زیاتر لە سێ هەفتەیە دەستیپێکردووەو زۆربەی کات تووندوتیژی لیدەکەوێتەوە. جێی باسە هێشتا خۆپیشاندەران دوو ئەمباری سوتەمەنی چواردەور داوە دەڵێن ئەو ڕاگەیاندنەی وەزیری گواستنەوەی ژینگەیی تەنیا ڕێکارێکی سادەیە.

هەر لەو بارەوە لە ڕاپرسییەکدا کە پەیمانگەی "ئیلاب" ئەنجامیداوەو ڕۆژی وارشەمەی ڕابردوو ئەنجامەکەی بڵاو کرایەوە، دەرکەوتووە ڕێژەی 78% بەشدارووانی ڕاپرسییەکە پێیانوایە، حکومەت بەو ڕێکارانەی کە گرتوویەتیە بەر نەیتوانیوە وەپیر داواکاری خۆپیشاندەرانی زەردپۆشەوە بچێت.

یەکێک لە چالاکوانەکانی خۆپیشاندانەکان بەناوی بنیامێن کوشی گوتی: فەرەنسایەکان نایانەوێت بەشێکی داواکارییەکانیان جێبەجێ بکرێت، بەڵکو دەیانەوێ هەموو داواکارییەکانیان بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێت. هاوکات ڕێژن سۆبی شارەزای ئابووری گوتی: ئەو ریکارانەی کە حکومەت گرتوویەتیەبەر دواکەوتووەو لەکاتی پێویست نەبووە. لەبەرانبەریشدا جۆن ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا داوای لە بەرپرسانی سیاسی و سەندیکاکان کردووە، داوای ئارامی و هێوربوونەوەی ڕەوشەکە بکەن.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی فەرەنسا ترس و نیگەرانی هەیە لەوەی جارێکی دیکە ئەو خۆپیشاندانی و نارەزاییانە کاری تووندوتیژی لێبکەوێتەوە وەک ئەوەی لە شەممەی ڕابردوو ڕوویدا کە لە جەنگی شەقام دەچوو بەهۆیەوە 4 کەس کوژران و سەدانی دیکە بریندارببوون و چەندین ئۆتۆمبیل و شوێنی بازرگانی سوتان دزیی و تاڵانکردنی دوکان و شوێنە بازرگانیەکان شەقامەکانی پاریسی گرتەوە و قەوارەی نارەزاییەکان فراوان بوو قوتابی و جوتیارانی گرتەوە، دواتریش حکومەت 13 کەسی بە تۆمەتی ئەنجامدانی تووندوتیژی و دزیکردن دایە دادگا بەتایبەتیش لە سەنتەری پاریسی پایتەختدا، لەنێوانیاندا میردمندالّێک بوو کە دەستدرێژی کردبووە سەر کەوانەی سەرکەوتن.

لەوچوارچێوەدا بنیامێن گریڤۆ گوتەبێژی حکومەت هەڵویستی سەرۆک کۆماری لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕاگەیاندو گوتی: ئەوکاتەی ئێستا کاتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی نییە، بەڵکو هی کۆمارییە، گوتیشی سەرۆک کۆمار داوای لە بەرپرسانی سیاسی و سەندیکاکان و خاوەنکارەکان کردووە کە داوای هێوربوونەوەی ڕەوشەکە بکەن و ڕێز لە "چوارچێوەی کۆماری" بگرن.

گوتەبێژەکە گوتی: ئەو بانگەوازەی سەرۆک کۆمار بۆ ئەوەنەیە کە دووبەرەکی و ئاشوب دەنێنەوەو هەڵپەرستن، پیویست ناکات ناوەکانیان بهێنین، چونکە باش خۆیان دەناسن.

لەلایەکی دیکەوە ئێدوارد فیلیپ سەرۆکی حکومەتی فەرەنسا لەوتەیەکدا لەبەرانبەر کۆمەڵەی نیشتمانی گوتی: ئەوەی زۆر گرنگ و شایستەیە ئاسایشی فەرەنسییەکان و دامودەزگەکانمانە، لێرەوە داوای هەست کردن بەبەرپرسیاریێتی کردن دەکەم. گوتیشی: هەموو لایەنەکانی نێو پرسەکە لە سیاسیەکان و نەقابەکاران و نووسەران و هاووڵاتیانیش لە داهاتوو ڕووبەرووی لێپرسینەوە دەبنەوە، دووپاتیشیکردەوە، کە حکومەت بەهیچ شێوەیەک نەرمی نانوێنێت بەرامبەر ئاژاوەگێڕو تێکدەران.

بەرپرسی لقی 16: ئافرەتانی کوردستان لەهەموو جومگەکانی ژیاندا خزمەتێکی گەورەیان بەنیشتمان و نەتەوەکەمان کردووە



بەمەبەستی بەرز کردنەوەی توانستی ئافرەتان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان و خستنەسەر کاری تایبەت بەخۆیان ، لەهۆڵی بۆنەکان لەبارەگای لق ، بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و خاتوو ئاشتی سەرۆکی ڕێکخراوی ڕامیار بۆ هاوکاری و پاراستنی ئافرەتان و ژمارەیەکی زۆر لەئافرەتانی سنووری شارۆچکەی پیرزین لەمەراسیمێکی شایستەدا کۆتایی هێنرا بەخولی فێربوونی دوورمان کە ڕێکخراوی ڕامیار بۆ 40 ئافرەتی سنوورەکە کردبوویەوە .

لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر سوپاس و پێزانین و دەستخۆشی گەرمی ئاراستەی سەرۆک و ستافی ڕێکخراوی ڕامار کرد لەبەرامبەر ئەو کاروچالاکیانەی بۆ خزمەتکردنی ئافرەتانی کوردستان ئەنجامیانداوەو کارەکانی ڕێکخراوەکەی بەرزنرخاندوو ئومێدی خواست کە بەردەوامبن لەسەر کارە پڕ بەخششەکانیان لەپێناو زیاتر گرنگیدان بەتوێژی ئافرەتان ، هەروەها ئاماژەی بەرۆڵی گرنگ و پڕبایەخی ئافرەتانی کوردستاندا کە لەرابردوو ئێستاشدا توانیویانە لەتەواوی جومگەکانی ژیاندا خزمەتێکی دیارو بەرچاو بەنیشتمان و نەتەوەکەمان بکەن .

لەبەشێکی دیکەی مەراسیمەکەدا وێڕای بەخشینی بڕوانامە بە ئافرەتانی بەشداربووی خولەکە لەپێناو دۆزینەوەی هەولی کارو دەستەبەر کردنی کاری تایبەتی بۆیان ڕێکخراوی ڕامیار 30مەکینەی دوورمانی بەخشیە 30 ئافرەتی بەشداری خولەکە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا سوودی لێوەربگرن و بتوانن بژێوی ڕۆژانەی ژیانی خۆیانی پێدابین بکەن ، لەبەرامبەردا ئافرەتانی بەشداربووی خولەکە لەدەڵ دەربڕینی خۆشحاڵی زۆریان سوپاس و دەستخۆشی خۆیان ئاراستەی بەرپرسانی مەراسیم و خولەکە کردو هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیان بۆ خواستن .

دەزگای خێرخوازیی بارزانی: پرۆژەی ئازیزان زیاتر لە 4 هەزار و 450 کەس دەگرێتەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا چەندین پرۆژەی نوێ ڕادەگەیەنین

بەرپرسێک لە دەزگای خێرخوازی بارزانی ئاشکرای دەکات لە ڕێگای پرۆژەی ئازیزانەوە هاوکاری دەگەیەنێتە بێباوکان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان.

عومەر ئەحمەد حەسەن، بەرپرسی پرۆژەی ئازیزان لە دەزگای خێرخوازی بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕوونی کردەوە دوای ڕاگەیاندنی پرۆژەی ئازیزان ژمارەیەک کۆمپانیا و کەسانی خێرخواز بەشداربیان لەو پرۆژەیەدا کرد، ئێستا بەشێکی دیکەی پرۆژەی ئازیزانی کوردستان بەسەر چوار هەزار و 458ئازیزدا دابەش دەکرێت.

بڕی پارەکە بریتییە لە یەک ملیۆن و 337هەزار و 400 دۆلار، بڕی 300دۆلار بۆ ماوەی 6مانگ دەدرێت بە هەر کەسێک و ژمارەی ئەو بێباوکانەی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەشداربیان کردووە بەم شێوەیە: لە هەولێر هەزار و 214ئازیز، شاری سلێمانی هەزار و 32ئازیز، دهۆک 810ئازیز، گەرمیان 608 ئازیز و کەرکوکیش 794 ئازیز.

عومەر ئەحمەد حەسەن، ئاماژەی بەوەش کرد لە ئایندەیەکی نزیکدا بە هاوکاریی مانگی سووری ئیمارات، چوار ئۆفەری دیکە کە بریتییە لە ئۆفەری خاوەن پێداویستیی تایبەت، بێوەژن، خەڵکی بەسالاچوو، خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت، لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا فۆرمێکمان ئامادە کردووە و هەندێک پێوەرمان دیاری کردووە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕای دەگەیەنین.

بەرپرسی بەشی ئازیزان لە دەزگای خێرخوازی بارزانی مژدە بە هاوواڵتییانی خەڵکی مووسڵ و بەغدا دەدات: ئێستا دەزگای خێرخوازیی بارزانی ناوی بێباوکانی شاری مووسڵ تۆمار دەکات و زیاتر لە هەشت هەزار منداڵی تۆمار کردووە و لە ئایندەیەکی نزیکدا لە شاری بەغداش دەزگای خێرخوازی بارزانی ئۆفیس دەکاتەوە.

وەزیری دارایی و ئابووری: مووچەی مانگەکانی 10و 11و 12 پاشکەوت ناکرێت



وەزیری دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، مووچەی فەرمانبەران پاشەکەوت ناکرێت و 30ڕۆژ جارێک دەدرێ. دەشڵێ، لەگەڵ وەزیری دارایی حکوومەتی عێراق پەیوەندییەکی باشیان هەیە.

ڕێباز حەملان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، سەبارەت بە پاشەکەوتی مووچە، بە مێدیاکانی ڕاگەیاند: بە هۆی ئەوەی لە کۆتایی ساڵی 2018نزیک دەبینەوە، مووچەی مانگەکانی 11 10و 12 پاشەکەوت ناکرێت و بەردەوام دەبین لە دابەشکردنی، ئەمەیش دوای ئەوەی بە ڕاوێژ لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، کە 30ڕۆژ جارێک مووچە بە مووچەخۆران و فەرمانبەران دەدرێت.

حەملان دەشڵێ، لەگەڵ وەزیری دارایی عێراق پەیوەندییەکی باشیان هەیە و ئەمەش ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێم و بەغدا و دیاریکردنی بەشەبودجەی هەرێم. وەزیری دارایی باسی لەوەش کرد، لە ساڵی 2018دا حکوومەتی هەرێمی کوردستان قەرزی زۆر داوەتەوە و بەردەوامیشە لەسەر دانەوەی ئەو قەرزانە.

ئەو هەروەها زیاتر گوتی: دوای دەرکردنی یاسای چاکسازی و خانەنشینی لە پەرلەمانی کوردستان، پرسی پاشکەوتی مووچە چارە دەکەین و ئەو پاشەکەوتانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا کراون، تاوتوییان دەکەین.

گوتیشی: ئەو پارەیەی هاوپەیمانان دەیدەن بە حکوومەتی هەرێم، بۆ هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگەیە، بەڵام مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆران لە پارەی داهاتی نەوت و ئەو پارەیەیە کە بەغدا دەینێرێت، ئەمەیش بەشی تەواوی پارەی مووچە ناکات.

ڕێباز حەملان ئاماژەیشی دا: بەغدا لە ساڵی 2018دا مووچەی سێ مانگی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی نەناردووە، بەڵام لە بودجەی ساڵی 2019دا ئەو پارەیەیان جێگیر کردووە و لە ڕێگەی وەزیری دارایی بەدەستهێنانی ئەو پارەیە دەدەین. ساڵی دابێ، هەرێمی کوردستان لە ڕووی دارایی بەوە هەنگاوی زۆر باش دەنێت.

هەولێر... خولی ئەتەکێتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پڕۆتۆکۆل، سەرکەوتووانە کۆتاییهات



دلێر ئیبراهیم/ هەولێر: بەئامادەبوونی د. سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و ئەکرەم جەمۆ سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان و بالوێز نەزمی حەزوری ڕاگری نێردە دیپلۆماسییەکان لە هەرێمی کوردستان و نادر ڕۆستایی وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم و فەلاح کەلهوڕی بەڕێوەبەری گشتی گرووپی کۆمپانیاکانی هانزۆ و سۆران عەبدولڕەحمان سەرۆکی کۆمەڵەی چاپخانەکانی کوردستان، خولی ئەتەکێتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پڕۆتۆکۆل، کە لە لایەن ڕێکخراوی ئیبن مستەوفی بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لە هەولێر ڕێکخرابوو، بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی ئالوگۆڕی لێکۆڵینەوەی ئەمریکی IREXکە ماوەی پێنج ڕۆژی خایاند، سەرکەوتووانە کۆتایی هات. لە کۆتاییدا بڕوانامەی بەشداربوون پێشکەش بە بەشداربووانی خولەکە کرا، کە پێکهاتبوون لە ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی مەدەنی و پزیشکان و مامۆستایانی زانکۆ و کەسانی ئەکادیمی، کە لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی عێراقەوە هاتبوون بۆ بەشداری لەم خولە نێودەوڵەتییەدا، کە گشت نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانی عێراق و ئاوارە سوریەکان کە ئێستا لە کوردستان دەژین بەشداربوون.

سەرۆکی ڕێکخراوی ئیبن مستەوفی بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕێکخەری خولەکە کاکە ئەحمەد جەمیل ڕایگەیاند: بەردەوام دەبین لەسەر بەڕێوەچوونی ئەم خولانە بە ئامانجی پێشخستنی کەرتی گەشتیاری و توانی مرۆیی دەربارەی گرنگی ئەتەکێتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پڕۆتۆکۆل و مەراسیمی شەرەف، لە دامودەزگا کانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بەشداربووان لە بەغداو زۆربەی شارەکانی عێراقەوە هاتبوون بۆ سوودمەندبوون لە بابەتی ئەتەکێتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پڕۆتۆکۆل. لەمیانی ئەم خولەدا بۆ هاندانی کەرتی گەشتیاری نەخشەو ڕێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان لەلایەن دەستەی گەشتو گوزاری هەریم پێشکەش بە بەشداربووان کرا، لە دوایین ڕۆژیشدا گەشتێک بۆ بەشداربووان ڕێکخرا تا لە نزیکەوە بە شوێنە گەشتیاریی و میژوویییەکان ئاشنابن.

دیوانی وەقفی سوننی عێراق داوای هاوکاری لە وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان دەکات



شاندێکی دیوانی وەقفی سونی عێراقی بەسەرۆکایەتی عالیە ڕەشید نەجیب بەڕێوەبەری مزگەوتەکانی دیوانی وەقفی سونی سەردانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی یان کردو لەلایەن د. دیار جباری بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت و سید کمال بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پشکنین پێشوازیان لێکرا.

سەرەتای دیدارەکە بەگەرمی بەخێهاتنی شاندی دیوانی وەقفی سونی کرا بۆ هەرێمی کوردستان هیواشیان خواست کە لەداهاتوو هەماهەنگی پتر دروست بکەن بەمەبەستی سازکردنی چەند پرۆژەو چالاکیەکی هاوبەش. هەر لە دیدارەکە شاندی میوان ئاماژەیاندا کە دیوانی وەقفی سونی میژووی هەموو ئەو مزگەوتانەی کە میژوویان لەسەدساڵ زیاترە لەسەرتاسەری عێراق کۆکردۆتەوە لەناویشیاندا چەندین مزگەوتی تێدایە کە لەهەرێمی کوردستانن و میژوویەکی دێرینینان هەیە.

داوایان لە بەپرسانی وەزارەت کرد کە هەماهەنگیان بکەن و یارمەتیان بدەن لە چۆنیەتی کۆکردنەوەی زانیاری زێتر لەسەر ئەو مزگەوتانەی کەزیاتر لەسەدەیەکە لەهەرێمی کوردستان دروست کراون .دواتر فۆنەیەکی چاپکراوی زانیاری لەسەر مزگەوتەکان لەسەر ئاستی عێراق بەخشرایە هەر یەک لە بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەری پشکنینی دیوانی وەزارەت لەبەرامبەردا بەرپرسانی وەزارەت ئامادەیی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری یان نیشاندا بۆ هەر هاوکاری و هەماهەنگیەک بۆ تەواو کردنی ئەو پرۆژەیەی کە ئامادەی بۆ دراوە. ئەمە وێڕای باسکردنی چەند چالاکیەکی تری هاوبەش کەلەداهاتوودا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.

پۆلیسی سلێمانی: دوو کەس بە تۆمەتی گیرفانبڕین دەستگیرکران

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرای کرد، کە لەناو بازاڕی سلێمانی، دوو کەس بە تۆمەتی گیرفانبڕین دەستگیر کران. ڕۆژی سێشەممە 11/12/2018بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاو کردەوە، تێیدا هاتووە: لەلایەن مەفرەزەکانی پۆلیسی سلێمانییەوە، لەناو بازاڕی سلێمانی دوو تۆمەتبار بە تۆمەتی بڕینی گیرفانی چەند هاووڵاتییەک و دزینی پارە لێیان، دەستگیر کران. باس لەوەش کراوە: دوو تۆمەتبارەکە بە ڕەگەز عەرەبن و ناویان ح، ج، ک و س، ع،. عە و هەشت سکاڵای یاساییان لەسەرە.

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی ئاماژەی بەوەش کردووە، کە بە فەرمانی دادوەر و بەپێی مادەی 444لە یاسای سزادانی عێراقی بەندن و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە.

www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2018/12/11 ژمارە (5651)

بەرپرسێ لقی 9: هەردەم پارتی دیموکراتی کوردستان ب چاڤەکێ بلند بەرێ خوە ددەتە رولێ ئافرەتێ د بزاڤا رزگاریخوازیا کوردستانێ دا



خەبات : سالح محەمەد

تەیرۆ: ب هەلکەفتا 66مین سالڤەگەرا دامەزراندنا ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ و بۆ مەبەستا پیروزباهی کرن بڤێ هەلکەفتا گرنگ ، سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9و دگەل شاندەکا کارگێریا لقێ9 سەردانا بارەگایێ ئەنجومەنێ ئافرەتان ل قەزا ئاکرێ دا و ب گەرمی ژلایێ خاتون بەیان حاجی رەسول بەرپرسا جڤاتێ و دەستەیێ هاتنە پێشوازیکرن و دروینشتنەکێ دا بەرپرسێ لقێ 9بنافێ خو ولقا9 پیروزباهییێن خوە گەهاندنە وانا وهیڤیا سەرکەفتنێ د کاروچالاکی و بدەستڤە ئینانا مافێن وان بێن یاسایی و شەرعی خواستن ، دیسان بەرپرسێ لقێ 9ئاماژە دا گرنگیا تەخا ئافرەتان دنێڤ جڤاکی دا و رولێ وان بێ دیار و بەرچاڤ د پەروەردەکرن و پشکداریکرنا وان د بزاڤا رزگاریخوازیا کوردستانێ دا و نەمازە د شورەشا مەزنا ئیلونێ و گولانا پێشکەفتنخواز وسەرهلدانا جەماوری دا و دەمێ شورەشێ ، خویا ژی کر کو هەردەم پارتی دیموکراتی کوردستان ب چاڤەکێ مەزن و بلند بەرێ خوە ددەتە رولێ ئافرەتێ دنێڤ جڤاکی دا ب گشتی و نەمازە دشورەشێن رزگاریخوازیا کوردستانێ کو هەردەم مینا قوتابخانێ بوینە بۆ پەروەردەکرنا زاروکان لسەر هەستا نەتەوی ونیشتیمانی و سەرەرای خزمەتکرنا وان ب پێشمەرگەهێن قەهرەمان لسەر دەمێ شورەشێ ، خویا ژی کر ئافرەتێ رولێ ئافرەتێ بێ دیارو بەرچاڤە د سازیێن حزبی و حکومی و لەشکری و ریکخراوێن جەماوری و پیشەیی بو خزمەتکرن گەل و وەلاتی و بەرەڤانیکرن ل مافێن خوە ، لدویماهیێ بەرپرسێ لقی 9پشتگیریا خوە بو هەر هاریکاریەکا جڤاتێ دیارکر کو هەردەم دێ پشتەڤان و هاریکار بن.

ب ئامادەبوونا بەرپرسێ لقا ئێک ریز ل نوژداران هاتیە گرتن



لە چەمچەمالْ تەقە لە بارەگایەکی پارتی دەکرێت

لە قەزای چەمچەمالّی سەر بە پارێزگای سلێمانی دەستڕێژیی گوللە لە بارەگایەکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا.

بەپێی راگەیاندراوێکی لێژنەی ناوچەی چەمچەمالّی پارتی کە ئەمڕۆ سێشەمە 11/12/2018بلاّوی کردوەتەوە وێنەیەکی بۆ باسنیوز نێردراوە و تێیدا هاتووە: کاتژمێر 11و 35 خولەکی شەوی ڕابردوو دەستڕێژی گوللە لە بارەگای لێژنەی ناوچەمان لە چەمچەمالّ کرا و زیانی گیانی بەدواوە نەبووە و تەنیا زیانی مادیی لێ کەوتووتەوە. ڕاگەیەندراوەکە ئەوەشی خستووەتە ڕوو: بەو هیوایەین بە زووترین کات بکەرانی ئەو دەستڕێژە بدۆزرێتەوە. ماوەی زیاتر لە یەک مانگە لە سنووری پاریزگای سلێمانی، و بەتایبەتی قەزای چەمچەمالّ، دیاردەکانی تەقەکردن، کوشتنی خەڵک و هێرش بۆ سەر بارەگای پارت و ڕێکخراوەکان ڕوویان لە زیادبوون کردووە و چاودێرانیش ئەمە بە مەترسی دادەنێن و هۆکارەکەشی بۆ کەمتەرخەمیی دامودەزگا ئەمنییەکانی سنووری سلێمانی دەگەڕێننەوە. لە ماوەی ڕابردووشدا لە بازگەیەکی شارەدێی سەنگاو، هێزە ئەمنییەکانی سەر بە یەکێتی تەقەیان لە هاوڵاتییەک کرد و لەنێو بازگەکەدا گیانی لەدەست دا، دواتر چەند هێزێک یەکتریان بە تەقەکردنەکە تۆمەتبار کرد.

پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا وەزیرا گەشەپێدانا مروڤایەتی یا حکومەتا پولونیا کر



خەبات دهوک: دوهی بشەڤ 10-12-2018ل کۆچکا میهڤاندناریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا خانمبێژتا کێمپ وەزیرا گەشەپێدانا مروڤایەتی یا حکومەتا پولونیا وشاندێ دگەلدا کر. دهەڤدیتنەکێدا ب ئاماژەبونا زیاد ڕەئوف نوینەرێ حکومەتا هەرێمێ ل پولونیا و اسماعیل محمد احمد هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی بەحسێ ڕەوشا پارێزگەها دهوکێ و ڕەوشا ئاوارە وپەنابەران ل سنورێ پارێزگەهێ وئەو خزمەتا بو دهێتە پێشکێشکرن هاتە کرن. پارێزگەرێ دهوکێ رونکرن دانە سەر جوگرافیا پارێزگەهێ ودەڤەرداری وناوچەداری و سەرژمێریاریا ڕونشتڤانێن وێ و هاتنا ژمارەکا زور یا ئاوارە و پەنابەران بو سنورێن پارێزگەهێ و ئەو بارگرانیا وان ئێخستیە سەر هەموو سەکتەرێن خزمەتکاری و خەلکێ خوجهێ دەڤەرێ و خواست کو وەلاتا پولونیا هاریکاریا ئاوارە و پەنابەرێن پارێزگەهێ و خوجهێن دەڤەرێ بکەت و ڕەوشا وان ژلایێ خزمەتگوزاریڤە خوشکەت. ژلایێ خوڤە وەزیرا گەشەپێدانا مروڤایەتی یا حکومەتا پولونیا دیارکر کو ئەو هاتینە دا ژنێزیک ڕەوشا ئاوارە و پەنابەران بزان ویا دشیان دا بو بهێتە کرن. هەژی گوتنێ یە خانمبێژتا کێمپ وەزیرا گەشەپێدانا مروڤایەتی یا حکومەتا پولونیا وشاندێ دگەلدا ئەڤرو سێشەمێ -10 12-2018سەراکەمپا خانکێ وچەند جهێن ئاوارەیان ل ناڤ کومەلگەها خانکێ دا وژنێزیک هایداری ڕەوشا وان و پێدڤیێن وان بێن ڕوژانە ببون.

بەشی سالّانەی ئۆتۆمبێل لە بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی سۆران دەکرێتەوە



دوای چاوەڕوانییەکی زۆری هاوڵاتیان، بەشی هاتوچۆی ڕاییکردنی مامەڵەی دەرکردنی سالانە و ژمارەی ئۆتۆمبێل و نوێکردنەوەی سالانە و ئاڵوگۆڕی خاوەنداریی ئۆتومبێل، لە شاری سۆران دەکرێتەوە.

عەمید عوسمان محەمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی سۆران، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: دوای دەرچوونی بڕیاڕی کردنەوەی بەشی تۆماری ئۆتومبێل لە شاری سۆران، لە چەند مانگی ڕابردوودا بەهۆی نەبوونی شوێنی گونجاو و چەند هۆکارێکی دیکەی هونەری، هەندێ بەربەست دروست بوون، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، لەپێناو ئەوەی ئاسانکاری بۆ شۆفێران و هاوڵاتیانی دەڤەرەکەمان دروست ببێت و لە سۆران مامەڵەکانیان تەواو بکەن، هەوڵەکانمان بەردەوام بوون.

بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی سۆران، گوتیشی: ئێستا هەوڵی کردنەوەی ئەم بەشەی هاتوچۆ، بە جددی کاری لەسەر دەکرێت و بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بکرێتەوە و بکەوێتە خزمەتی هاوڵاتییان و شۆفێران.

ماوەیەک لەمەوبەر بە بڕیاری وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێم بەشی سالانەی ئۆتۆمبێل و ڕاییکردنی مامەڵە و ئاڵوگۆڕی خاوەنداریی ئۆتومبێل لە ئیدارەی گەرمیان خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

راگرتنی گەشتەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی بەردەوامە



گەشتەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانی لە ئێوارەی دوێنێوە بەهۆی تەم و خراپیی کەشوهەواوە ڕاگیراون و، تائێستاش دەستیان پێنەکردووەتەوە.

تاهیر عەبدوڵلا، بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی بە تۆڕی میدیایی ڕوودواوی ڕاگەیاند، ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان بەهۆی خراپی کەشوهەواوە لە دوێنێوە 10-12-2018بەردەوامی هەیە، هەتاوەکو دۆخی کەشوهەوا ئاسایی نەبێتەوە، دەستناکرێتەوە بە گەشتەکان.

بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی جەخت دەکاتەوە لەوەی؛ بەهۆی خراپی کەشوهەواوە، لە دوێنێوە سێ گەشتی فڕۆکەخانەکە ئەنجامنەدراون، گوتیشی پێشبینی دەکرێت هەر ئەمڕۆ دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە و کەمبوونەوەی مەودای بینین، ئەوەش وایکرد فڕۆکەخانەی سلێمانی لە ئێوارەی ڕۆژی دووشەمەوە گەشتەکانی بووەستێنێت.

بەشێ ڕاگەهاندنا هاتن و چوونا شێخان ل سەر ئاستێ پارێزگەها دهۆکێ بوو ئێکەم

خەبات – ئالان شەهاب:

دلشام محمد بارپرسێ ڕاگەهاندنا هاتن و چوونا شێخان ب خەبات ڕاگەهاند : ب ڕێژەیا 66%بوینە ئێکەم

ئەم وەک بەشێ پەیوەندی و ڕاگەهاندنێ ل ڕێڤەبەریا هاتن وچوونا پارێزگەها دهوک ل دویف ڕاپرسیەکێ کو هاتیە ئەنجامدان ل سەر دام و دەزگایێن حکومی بێن پارێزگەها دهوک ل دور گەهاندنا پەیاما ب دروستی و سەردەمی کرن دگەل ڕۆژنامەڤان و دەزگایێن ڕاگەهاندنێ بێ جێوازی و ب دەست ڤەئینانا ڕێژەیا 66% بوینە ئێکەم و بهێڤیا وێ چەندێ کو پەیامێن مە گەهشتبن و دێ د بەردەوام بین ژ بو خزمەتا خەڵکی خۆ

هەولێر... دروست کردنی زێراب بۆ ڕێگەگرتن لە مەترسی دروستبوونی لافاو



خەبات /سەید فەخرەدین: لە دریژەی چالاگیەکانی بەرێوەبەرایەتی شارەوانی ژینگە پارێزی لەناو سەنتەری بازاڕی شێخەڵا توانیان زێرابێک دروست بکەن بە دریژایی 25مەتر بۆی کەم کردنەوەی ڕادەی پەنگخواردنی ئاوی باران کە هەرکاتێک لەو شوێنەدا باران دەباری دەبوە هۆی کۆبوونەوەی ئاوێکی زۆر لەم بارەیەوە ئاسۆ نعمت لێپرسراوی بەشی خزمەت گوزاری بە خەباتی ڕاگەیاند ئێمە بە هاوکاری و هەمەهانگی شارەوانی یەک و کۆمپانیای گلاس شتووتگار و ئەنجومەنی بازاڕی کاسب کارانی شێخەڵا توانیمان بەرنامەیکی توکمە دابڕێژین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆبوونەوەی ئاوی باران لەو بازاڕەدا.

گەرمیان: یەکێتی ئافرەتان لە گەرمیان بە پێشوازی کردن لەمیوانان سالّرۆژی ڕێکخراوەکەی بەرز ڕاگرت

خەبات / سەبریە یوسف: ئەمڕۆ 66ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا تێپەڕی ،بەو بۆنەوە ئەنجومەنی دەڤەری گەرمیان پێشوازی لەیوانانی ئەو یادەپیرۆزەکرد. نەغەدە محەمەد ، بەرپرسی ئەنجومەنی دەڤەری گەرمیانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەخەباتی ڕاگەیاند ئەمڕۆ 66ساڵ بەسەریادی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان تێپەڕی ، بەو بۆنە پیرۆزەوە وەکوو ئەنجومەنی دەڤەری گەرمیانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، پێشوازی گەرمان کرد لەو میوانەبەرێزانەی کە بۆ پیرۆزکردنی ڕێکخراوەکەمان سەردانیان کردین.

وتیشی لەم ڕۆژە پیرۆزەدا بەڵێن دووپات دەکەینەوە وەک چۆن لەڕابرودا ڕێکخراوەکەمان شان بەشانی پێشمەرگە داکۆکی لەخاکی پیرۆزی کوردستان کردوە،ئاوا لەسەرهەم ڕێچکە بەردەوام بین و داکۆکی لەیەکسانی ئافرەت و پیاو دەکەین لەکۆمەڵگە.

نەغەدە محەمەد ،باسی لەوەکرد بەهۆکاری زۆری نیوانانی یادەکەمان ئەمڕۆ تەواوی ڕۆژەکەمان بۆپێشوازی تەرخانکرد لەمیوانانی بەرێز.

بەرزەبوون
نقیسارەك بەرزەبیە یی ترومبیلی جوری مقگوڕە راس تریلە ژمارا شاسی WDB9340321L201455 بناڤی کومپانیا لازانو ز کومرکا ابراهیم خلیل دەرکەتیە هیڤیە هەر کەسی بینیت بکەهینت جهی ژی دەرجوی.
***
وون بوون
ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە/١٣٢٢٥ بەناوی احمد زیاد شفیق وون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
مدیریة شرطة محافظة نینوی
قسم شرطة قضاء مخمور
ر.م.ت
العدد/٥٠٩٦
التاریخ/٢٠١٨/١٢/٢
نشر اخطار
بناءا علی ماجاء بکتاب محکمة قوی الامن الداخلی/ المنطقة الثانیة/ نینوی المرقم ٢٣٣٠ فی ٢٠١٨/٥/٢٤ بالنظر لعدم حضور المتهم الهارب ن.ع (محمد حکمت محمد سعید) و الصادر بحقة امر القبض وفق المادة ٥ ق.ع و بالنظر لنشر الاخطار فی منطقة سکناه تبین انه مجهول محل الاقامة راجین نشره فی جریدتکم للحضور الی المحکمة اعلاه و خلال ٣٠ یوما من تاریخ نشره و تزویدنا بنسخة من الجریدة و اعلامنا مع التقدیر.
المرفقات
نسخة من کتاب الدائرة القانونیة
العقید/ خالد محمد منصور
ر.م.ت
***
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٢٤٣
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/١٠
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٢٧)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیەنێت بۆ پرۆژەی (پەرەپێدانی باخداری و خانووی پلاستیکی) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٦ / ١٢ / ٢٠١٨ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەت بێت بەدابینکردنی پێداویستی کشتوکاڵی و مۆلەتی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێنامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٧٥,٠٠٠) حەفتاو پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
نوزاد هادی مولود/ پارێزگاری هەولێر
***
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە: ١٦٥/کشف مستعجل/ب٢٠١٨/٦
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١١/٢٦
جاردان
بۆ/ داواکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای صن تراست هولدنغ ش.م.ل سەرەڕای کارەکەی)
ئاماژە بەداوای بەرایی ژمارە ١٦٥/کشف مستعجل/ب٢٠١٨/٦ کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لە لایەن داواکار (نایف عبدالکریم محمد شریف) ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠١٨/١١/٢١ بە پاشەمە بریاری دا بەچەسپاندنی باری دیاری بەپێی کۆنوسی پشکنین لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی (وەزیران – دریم – ڕۆیال ستی – شاری ئیتالی) بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بەپێڕاگەیاندنتان لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی، وە ئێوە مافی پێداچوونەوە و تان هەیە لەبریاری پاشەمە دادگا لە ماوەی یاسای ئەگەر نا بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.
داوەر/ کاوە صدیق حسین
***
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٣٣٤٩/ب٢٠١٨/٥
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/١٠
جاردان
بۆ داواکێراوان/ منیب و جیهان و شرمین و منعم منداڵانی محمد علی و علی محمد جودت و بشری عبدالامیر جاسم وە محمد و سرباز و دارا و دیار و جوان و دیمن و دامان منداڵانی طلعت محمد علی و علی و عبدالله و میلان ریفان منداڵانی دیدار طلعت
داواکار فرهاد عبدالله حسن داوای ژمارە ٣٣٤٩/ب٢٠١٨/٥ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان و لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی عارەب-منارە لە ٢٠١٨/١٢/٨ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠١٨/١٢/١٨ کات ٩ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشمەلە ئەنجام دەدرێت.
داوەر/ کاوە صدیق حسین
***
سەرۆکایەتی لیژنەی بریاری ٢٢٢
سالّی ١٩٧٧
ژمارە: ٤٧٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/٩
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەنەکانی پارچە زەویەکانی ژمارە (٢) کەرتی ٧٢/عەلاوە هاوڵاتیان (نامق شیخ محمد امین اسماعیل و یوسف یاسین طە و ارام محمد علی و امینە محمود قادر و سیروان عبدالله علی و احمد و کیفی مندالانی محمد صابر و حسین سلیمان احمد و کمال سمایل حسن) دەکەینەوە کەوا لیژنەی بریاری ٢٢٢ سالی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کوژانەوەی پارچە زەوی نامازە پێکراو بۆ بەڕژەوەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو کۆگاکانی ئاو جا بەخۆتان یان بریکاردارتان نامادەبن لە ڕۆژی ٢٠١٩/١/٨ بە پێچەوانەوە لیژنە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
د.عبدالرحیم عمر مصطفی/ سەرۆکی لیژنە
***
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەڕێگای لیژنەی زیادکردنی ناشکرا (المزایدة العلنیة) هەڵدەستێ بە بەکرێدانی دوو کۆشک ژمارە ١ یەك و ٢ دوو لە پارکی (کانیاو) لەڕێگای زیادکردنی ناشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١٠ لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمینات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.
ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی شەقڵاوە
ژمارە: ١٤/ت/٢٠٠٦
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/١٠
ئاگاداری
پێڕاگەیاندنی قەرزار بەرنخی خەملێنراو
بۆ قەرزار/ صالح حاجی اسماعیل
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نەبوونی شوێنی کاتی یا هەڵبژێردراوتان بۆ پێڕاگەیاندن، بەپێی مادەی ٢٧ لەیاسای جێبەجێکردن بریاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیێکی ناوخۆ ئاگادار بکرێیتەوە بە: مولکەکەتانت ژمارە (٧٤١ کەرتی ١ بساتین شەقلاوە خەملێندراو بە ٦٣٠,٠٠٠,٠٠٠ شەش سەدو سی ملیۆن دینار کە بەپێی نووسراوی ژمارە ٥٥ لە ٢٠١٠/١٠/١٣ تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی شەقلاوە گڵدراوەتەوە لەبری قەرزی خاوەن قەرز (شوان محمد مصطفی) کە برەکەی ٣٢,٨٠٧,٠٠٠ سی و دوو ملیۆن و شەش سەدو حەوت هەزار دینار لەکاتی لاری بوونتان لە نرخی خەملێندراوە کە پێویستە لەماوەی ١٥ ڕۆژ کە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڵاوکراوەیە دەست پێدەکات نامادەبن لەم بەڕێوەبەرایەتیە، بە پێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەراتیە بەردەوام دەبێت لە ڕێکارە یاسییەکان و فرۆشتنی مولکەکە بەم نرخە قرساوە.
جێبەجێکاری داد/ عیسی حمد حسین
***
فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە
ژمارە: ٤٢٣
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/١٠
ئاگاداری
بۆ (ایثار اسماعیل حسن) پاش ئەوەی دەرکەوت کە شوێنتان نادیارە بەپێی نووسراوی بنکەی پۆلیسی عەنکاوە بە ژمارە ٢٧٢٧ لە ٢٠١٨/١٢/٩ وە بەگوێرەی ئیشعاری موختاری (قسیل روستم) بۆیە بریاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە بۆ ئاگاداربوون بەو هۆشدارییەی کە پارێزەر فرمان عمر یاسین بریکاری گشتی (عبدالامیر هاویل ساکا) ئاراستەی کردوویت بە ژمارەی هۆشداری ٥٧٤/١٦٦ لە ٢٠١٨/١٢/٩ لە فەرمانگەکەمان دەرچووە، سەبارەت بەو بڕە پارەیەی کە لەلات ماوە، بۆیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە ئاگادارتان دەکەینەوە.
دادنووسی یەکەمی عەنکاوە
ڤیان صائب محمد
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ
بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ڕاگەیاندن
ژمارە: ٢٧٨٧٧
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/١٠
ئاگاداری
ئاگادارتان دەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر (بەشی ئەندازەی هاتوچۆ) لە ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/٢٠ لەکاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی لەبارەگای گەراجی شارەوانی هەولێر لەسەر شەقامی ١٠٠ مەتری بەرامبەر بازاڕی لەنگە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی هەندێك کەل و پەلی بەکارهاتووی هێماکانی هاتوچۆ و ترافیك لایتەکان بەشێوەیەکی ناشکرا جا هەرکەسێك ئارەزووی کڕینی هەیە دەتوانێت ئامادەبێت بەو مەرجانەی خوارەوە:
١- هەرکەسێك کڕینەکەی بکەوێتە سەر پێویستە ١٠٪ی بڕی پارەکەی بدات.
٢- دەبێت کەڵ و پەڵە فرۆشراوەکان لە ماوەی ٢٠ بیست ڕۆژ لەدوای بەرواری کڕینەکە لابەرێت.
٣- پارەی بڵاوکردنەوەی لەئەستۆی کڕیارە.
٤- کاری فرۆشتن بەپارەی عێراقی دەبێت.
لیوای هاتووچۆ/ هێرش احمد محمد
بەڕێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای هەولێر
***
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٣٠٢ /ب/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/٧/٢٢
بۆ/کەسانی سێیەم لە پاڵ داواليْکراوان (رقیب فخری رقیب وحسنیه مصطفی خضر ودیوان اسماعیل سیدی وحذیفه ومعاذ وعقبه وعتبه وناجیه وشرین واسراو وزهره وعقیب ومعاویه/ منداڵانی فخری رقیب)(صفوان ولیه وروله /منداڵانی رؤوف فخری)
ب/ ئاگادارکردنەوە بە بریاری پاشملە
ئەم دادگایە لە داوای بەرایی ژمارە (٣٠٢/ش/٢٠١٧) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/١ لە سەر داوای داواکار (حسن محی الدین جانکیر) بریاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە ئێوە بریارەکەش بریتیە لە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٢/٤ کەرتی ٧٩ ملکی حسن اغا (ملکی جامع) بە شێوەی (ازالە شیوع) بۆ دیاریکردنی پشکی هەر یەك لە هاوبەشەکان وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاساییدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / خالد عثمان یوسف
***
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٣٠٠ /ب/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/٧/٢٢
بۆ/کەسانی سێیەم لە پاڵ داواليْکراوان (رقیب فخری رقیب وحسنیه مصطفی خضر ودیوان اسماعیل سیدی وحذیفه ومعاذ وعقبه وعتبه وناجیه وشرین واسراو وزهره وعقیب ومعاویه/ منداڵانی فخری رقیب)(صفوان ولیه وروله /منداڵانی رؤوف فخری)
ب/ ئاگادارکردنەوە بە بریاری پاشملە
ئەم دادگایە لە داوای بەرایی ژمارە (٣٠٠/ش/٢٠١٧) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/١ لە سەر داوای داواکار (حسن محی الدین جانکیر) بریاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە ئێوە بریارەکەش بریتیە لە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٢/٥ کەرتی ٧٩ ملکی حسن اغا (ملکی جامع) بە شێوەی (ازالە شیوع) بۆ دیاریکردنی پشکی هەر یەك لە هاوبەشەکان وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاساییدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / خالد عثمان یوسف
***
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٢٩٩ /ب/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/٧/٢٢
بۆ/کەسانی سێیەم لە پاڵ داواليْکراوان (رقیب فخری رقیب وحسنیه مصطفی خضر ودیوان اسماعیل سیدی وحذیفه ومعاذ وعقبه وعتبه وناجیه وشرین واسراو وزهره وعقیب ومعاویه/ منداڵانی فخری رقیب)(صفوان ولیه وروله /منداڵانی رؤوف فخری)
ب/ ئاگادارکردنەوە بە بریاری پاشملە
ئەم دادگایە لە داوای بەرایی ژمارە (٢٩٩/ش/٢٠١٧) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/١ لە سەر داوای داواکار (حسن محی الدین جانکیر) بریاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە ئێوە بریارەکەش بریتیە لە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٢/٣ کەرتی ٧٩ ملکی حسن اغا (ملکی جامع) بە شێوەی (ازالە شیوع) بۆ دیاریکردنی پشکی هەر یەك لە هاوبەشەکان وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاساییدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / خالد عثمان یوسف
***
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٢٩٨ /ب/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/٧/٢٢
بۆ/کەسانی سێیەم لە پاڵ داواليْکراوان (رقیب فخری رقیب وحسنیه مصطفی خضر ودیوان اسماعیل سیدی وحذیفه ومعاذ وعقبه وعتبه وناجیه وشرین واسراو وزهره وعقیب ومعاویه/ منداڵانی فخری رقیب)(صفوان ولیه وروله /منداڵانی رؤوف فخری)
ب/ ئاگادارکردنەوە بە بریاری پاشملە
ئەم دادگایە لە داوای بەرایی ژمارە (٢٩٨/ش/٢٠١٧) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/١ لە سەر داوای داواکار (حسن محی الدین جانکیر) بریاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە ئێوە بریارەکەش بریتیە لە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٢/١ کەرتی ٧٩ ملکی حسن اغا (ملکی جامع) بە شێوەی (ازالە شیوع) بۆ دیاریکردنی پشکی هەر یەك لە هاوبەشەکان وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاساییدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / خالد عثمان یوسف
***
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٢٩٧ /ب/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/٧/٢٢
بۆ/کەسانی سێیەم لە پاڵ داواليْکراوان (رقیب فخری رقیب وحسنیه مصطفی خضر ودیوان اسماعیل سیدی وحذیفه ومعاذ وعقبه وعتبه وناجیه وشرین واسراو وزهره وعقیب ومعاویه/ منداڵانی فخری رقیب)(صفوان ولیه وروله /منداڵانی رؤوف فخری)
ب/ ئاگادارکردنەوە بە بریاری پاشملە
ئەم دادگایە لە داوای بەرایی ژمارە (٢٩٧/ش/٢٠١٧) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/١ لە سەر داوای داواکار (حسن محی الدین جانکیر) بریاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە ئێوە بریارەکەش بریتیە لە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٢/٦ کەرتی ٧٩ ملکی حسن اغا (ملکی جامع) بە شێوەی (ازالە شیوع) بۆ دیاریکردنی پشکی هەر یەك لە هاوبەشەکان وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاساییدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / خالد عثمان یوسف
***
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٢٩٦ /ب/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/٧/٢٢
بۆ/کەسانی سێیەم لە پاڵ داواليْکراوان (رقیب فخری رقیب وحسنیه مصطفی خضر ودیوان اسماعیل سیدی وحذیفه ومعاذ وعقبه وعتبه وناجیه وشرین واسراو وزهره وعقیب ومعاویه/ منداڵانی فخری رقیب)(صفوان ولیه وروله /منداڵانی رؤوف فخری)
ب/ ئاگادارکردنەوە بە بریاری پاشملە
ئەم دادگایە لە داوای بەرایی ژمارە (٢٩٥/ش/٢٠١٧) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/١ لە سەر داوای داواکار (حسن محی الدین جانکیر) بریاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە ئێوە بریارەکەش بریتیە لە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٢/٢ کەرتی ٧٩ ملکی حسن اغا (ملکی جامع) بە شێوەی (ازالە شیوع) بۆ دیاریکردنی پشکی هەر یەك لە هاوبەشەکان وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاساییدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / خالد عثمان یوسف
***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (سیدار) بۆ بازرگەری و خزمەتگوزاری وەستانی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر)
پاکتاوکار/ توانا عبدالخالق محمد
ناونیشان/ هەولێر- ئازادی
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٣١١١٤٤

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٢٧٨
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سیدار) بۆ بازرگەری و خزمەتگوزاری وەستانی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١١/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (توانا عبدالخالق محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٣٩٥
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (چرای ژین) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١١/٢٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (توانا عبدالخالق محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/بەوەکالەت

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە: ٢٨٨٦/ب٢٠١٨/٥
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/١٠
جاردان
بۆ/داوالێکراو (سنگر هانی محمد)
ئاماژە بە داوای بەرایی ژمارە ٢٨٨٦/ ب٢٠١٨/٥ کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (احمد قادر محمد) ئەم دادگایە لەرۆژی ٢٠١٧/١٢/٥ بەپاشملە بڕیاریدا بەپابەندکردنت بەدانی بڕی پارە ٨٠٠٠ هەشت هەزار دۆلاری ئەمریکی ئەمریکی بەرامبەر بە ٩٦٨٠٠٠٠ نۆ ملیۆن شەش سەدو هەشتا هەزار دیناری عراقی لەبەر ئەوەی شوێنی دنیشتننتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنتان لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) و تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەبڕیاری پاشملەی دادگا لەماوەی یاسایی ٣٠ رۆژدا ئەگەر نا بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کاوە صدیق حسین
* * *

دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٦٠٩ /ب/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/١٠
بۆ/داوالێکراو (دژوار رشید فیصل)
ب/ ئاگادارکردنەوە بە بڕیاری پاشملە
ئەم دادگایە لە داوای بەرایی ژمارە (٦٠٩/ش/٢٠١٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٠/٢٣ لە سەر داوای داواکار (محمود شوکت بوزی) بڕیاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە تۆ بڕیارەکەش بریتیە لە ناچار کردنی تۆ بەپێدانی بڕی (٥٤٠٠٠٠٠٠) پونجا وچوار ملیۆن دینار بە داواکاری ناوبراو کە قەرزی کرینی ئۆتۆمبێلە لە ناوبراو لە سەر تۆ وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگاکەمان بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بڕیاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاساییدا وبەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / خالد عثمان یوسف
* * *

سەرۆکایەتی شارەوانی ڕواندز (هونەری)
ژمارە : ٧٩٧/١٢١
ڕێکەوت : ٢٠١٨/١٢/٩
ئاگاداری
ئاماژە بە نوسراوی بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر ژمارە (١٢١٩٦/١٠٠) ل (٢٠١٨/١١/٢٦) ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان ئەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی رواندز بە نیازە نەخشەی کەرتی بۆ گەرەکی (کاولۆکان/پاشای گەورە) کە بە پێی (واقع حال) رێکخراوە لە لایەن لیژنەی تایبەت وە پێدانی ژمارە (D٢١٤) هەر کەسێك سکالا و تێبینی هەیە لەم بارەوە سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی رواندز بکات لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی دەست پێدەکات دوای ئەوە نەخشە پەسند دەکرێت بە پێی یاسایی شارەوانیەکان ژمارە (٦) ساڵی (١٩٩٢) وە فەرمانی تایبەت بەم بابەتە بە ژمارە بە ژمارە (١٣٢٢) لە (٢٠١٥/١٢/٣) .
نجاة مجید حسن
سەرۆکی شارەوانی ڕواندز/ بە وەکالەت
* * *

ئیدارەی ڕاپەڕین/ کاروباری هونەری
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١١٩٥
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/١١
کۆدی پڕۆژە: (١٨MI-RA-) ساڵی ٢٠١٨
کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی گشتی
بۆ پرۆژەی: (ئامادەکردن و دابەشکردنی خواردن بۆ ڕاگیراوانی بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی ڕاپەڕین) بۆ جاری یەکەم. ئیدارەی ڕاپەڕین بانگهێشتی گشتی بۆ سەرجەم بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنیە، با سەردانی ئیدارەی ڕاپەڕین / کاروباری هونەری/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر و کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت، ئەم پڕۆژەیە لەسەر بودجەی ئاسایی وەزارەتی ناوخۆ جێ بەجێدە کرێت.
١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی یەك شەممە (١٦/ ١٢ / ٢٠١٨) دەست پێدەکات تا ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠١٩/١/٣) لەکاتژمێر (٩) سەرلەبەیانی تا کاتژمێر (١١:٣٠) بەیانی.
٢- دوا ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی دوو شەممە (٢٠١٩/١/٧) تا کاتژمێر (١٠) بەیانی دەبێت.
٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی دوو شەممە (٢٠١٩/١/٧) کاتژمێر (١٠) بەیانی دەبێت.
٤- ئەگەر ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر بوو بە پشوی ڕەسمی بەهەر هۆیەکەوە بێت ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێتە ڕۆژی گەڕانەوەو کردنەوەی تەندەر.
٥- ماوەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بریتیە لە (٣٦٥) ڕۆژی ڕۆژمێری.
٦- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێشکەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.
٧- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیل (Email)ی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات.
٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستەگشتیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ بێت.
٩- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پڕۆسەی کردنەوەی تەندەر بە بەردەوامی سەردانی بەشی یاسا بکەن لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین. بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پڕۆژەکەو پاڵپشت بە مادەی (٣٧) برگەی (٢) لەڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦.
١٠- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پڕۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بکات.
مەرجەکانی بەشداری کردن : -
١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە ناو خۆیانەی کە بەشداری دەکەن تایبەتمەند بن بە بواری دابینکردن و ئامادەکردنی خواردن، وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان) پێبێت وە بەسەر نەچووبێت .
٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە بیانیانەی کەبەشداری دەکەن پێویستە ئۆفیسی بەناوی کۆمپانیاوە هەبێت لە هەرێمی کوردستان وە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان تۆمارکرابێت، وە پشتگیری بکرێن بەمەرجێك پشتگیریەکە ماوەی بەسەر نەچووبێت.
٣- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی نوێی ساڵی (٢٠١٨) بهێنن.
٤- هیچ تەندەرێك لەدوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٥- بارمتەی یاسایی بەبڕی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دوازدە ملیۆن دینار دەبێت بە(خطاب ضمان) یان چەکی مصدق(شیك) بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ وەردەگیرێت وەکو بارمتەی سەرەتایی کە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٦- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بەنوسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت، ئەگەر ئامادەش نەبێت پڕۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت.
٧- ئیدارەی ڕاپەڕین پابەند نیە بەکەمترین نرخ.
٨- ماوەی بەسەر چوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدوای بەرواری کردنەوەی تەندەر دەست پێدەکات.
٩- دوای داخستنی سندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی (تحفظ) وەرناگیرێت.
١٠- ئیدارەی ڕاپەڕین مافی هەڵوەشاندنەوەی پڕۆسەی تەندەرینی هەیە پێش دەرچوونی فەرمانی ئەسپاردن (أحالە).
ئەندازیار
دلاور قباد احمد
ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین
* * *

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە
ژمارە: ٥٤٧٥/٢٤/٧
بەروار: ٢٠١٨/١٢/٥
بۆ بەڕێز/ زانا فائق غریب
بەناونیشانی(توێژەر) لەسەر میلاکی زانکۆمان/ فاکەڵتی پەروەردە
دوا ڕاگەیاندن
بەهۆی دابڕانت لەکارەکەت لەبەرواری(٢٠١٧/٣/٢٠) وەنەگەڕانەوەت ب سەر کارەکەت بەبێ ئاگادارکردنەوەی سەرەوی خۆت پێت ڕادەگەیەنین پێویستە دەست بەکاربیتەوە لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژ گەر لەناو عێراق دابیت وەلەماوەی (٣٠) سی ڕۆژ گەر لەدەرەوەی عێراق دابیت، بەپێچەوانەوە بەدەست لەکارهەڵگرتوو دادەنرێیت بەپێی برگەی(٢) دوو لەماددەی (٣٧)سی وحەوت لەیاسای خزمەتگوزاری شارستانی ژمارە(٢٤) بیست و چواری ساڵی (١٩٦٠)ی هەموارکراو
پ.د.ولی محمود حمد/ سەرۆکی زانکۆ
* * *

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە
ژمارە: ٥٤٧٤/٢٤/٧
بەروار: ٢٠١٨/١٢/٥
بۆ بەڕێز/ سوریە محمد احمد
بەناونیشانی(ئەندازیاری کشتوکاڵی) لەسەر میلاکی زانکۆمان/ فاکەڵتی زانست و تەندروستی
دوا ڕاگەیاندن
بەهۆی دابڕانت لەکارەکەت لەبەرواری(٢٠١٦/١٢/١) وەنەگەڕانەوەت ب سەر کارەکەت بەبێ ئاگادارکردنەوەی سەروی خۆت پێت ڕادەگەیەنین پێویستە دەست بەکاربیتەوە لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژ گەر لەناو عێراق دابیت وەلەماوەی (٣٠) سی ڕۆژ گەر لەدەرەوەی عێراق دابیت، بەپێچەوانەوە بەدەست لەکارهەڵگرتوو دادەنرێیت بەپێی برگەی(٢) دوو لەماددەی (٣٧)سی وحەوت لەیاسای خزمەتگوزاری شارستانی ژمارە(٢٤) بیست و چواری ساڵی (١٩٦٠)ی هەموارکراو
پ.د.ولی محمود حمد/ سەرۆکی زانکۆ
* * *

دادگای لێکۆڵینەوەی سەلاحەدین
ژمارە: ٨٥٣
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٠/٣٠
ئاگادارنامە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (قاسم عولا مولود) لەبەر ئەوەی بڕیاری دەستگیرکردنت هەیە لە بنکەی پۆلیسی (کۆرێ) بەپێی ماددەی یاسایی (٤٠٦) لەیاسای سزادان لەسەر کێشەی کوشتنی (هەژار نورالدین سعید و زینب عولا مولود) و لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوی دادگای لێکۆڵینەوەی سەلاحەدین لەڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٦ بڕیاری داوە بە گلدانەوەی ئەم موڵکانەی خوارەوە لە جۆری گواستراوەو نەگواستراوە بەپێی ماددەی ١٢١/أ لەیاسای بنەما دادگاییە سزاییەکان.
١- موڵکی ژمارە (٣٤٣/١) کەرتی ٩٥ کەسنەزان ژمارە قەید ٢٣ ساڵی ٢٠١٢ ك١ بەرگ ١٥٧
٢- موڵکی ژمارە ١٥٥ کەرتی ١٩ قەلاسنج، ژمارەی قەید ١٣١ ساڵی ٢٠٠٨ نیسان بەرگ ١٦٨
٣- ئۆتۆمبیلی جۆری پیکاب تویوتا دەبل قەمارە ژمارە ٨٣٤٥٠/ اربیل حمل مودیل ٢٠١٠ ڕەنگی سپی.
و دادگای تاوانەکانی هەولێر/٤ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٠/١٦ بڕیاری داوە بە پاڵپشتی کردنی بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوەی سەلاحەدین بەگلدانەوەی موڵکە گواستراوە و نەگواستراوەکانت بۆیە پێویستە لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ خۆت ڕادەستی بنکەی پۆلیسی کۆرێ یاخود نزیکترین بنکەی پۆلیس بکەیت بۆ لێکۆلینەوە لەگەڵت بەپێچەوانەوە بەپێی یاسا بڕیار لەسەر موڵکە گلدراوەکانت دەدرێت.
دادوەر/ عثمان جمال القاضی
* * *

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٧٢/ج٢٠١٦/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١١/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (اسماعیل مصطفی اسماعیل)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٩٥ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستا بۆیە بڕیاردرا و پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/٢/١٨ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
سەرۆك/ زرار محمود مراد خان
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/٣٨٨/پاسپۆرت/٢٠١٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/١١/٢٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ محمد جهاد صالح
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١/٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی یاسایی (١٠/یەکەم) لە یاسایی (پاسپۆرت) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ حسن علی مراد امین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/٢٨/پاسپۆرت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/١١/٢٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بکر حمد حسن
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١/٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی یاسایی (١٠/یەکەم) لە یاسایی (پاسپۆرت) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ حسن علی مراد امین
* * *

دادگای کەتن لە شەقلاوە
ژمارە: ٢٣١/د/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١١/٢٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (زیاد اسماعیل حسن)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم دادگایە بڕیاریدا بەدادگایی کردنی بەشێوەیەکی پاشملە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لەیاسای سزادانی عراقی بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری دەکەینەوە لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی پێویستە لەسەری ئامادەبێت لەبەردەم ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/١/١٥ بۆ دادگایی کردنی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایی کردنەکە کەوتە پشوو ئەوە یەکەم ڕۆژی کارکردن دوای پشووەکە دەست نیشان دەکرێت بۆ دادگایی کردن ئەگەر ئامادە نەبن یاخود خۆی بەدەستەوە نەدەن بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس لەو کاتەدا کاری یاسایی دەرهەق بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ کەنار طاهر قادر
* * *

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٢٧٨/ج٢٠١٨/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٥
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (مازن زیاد فرحە)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٩٨ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستا بۆیە بڕیاردرا و پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/٣/٣ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
سەرۆك/ زرار محمود مراد خان
* * *

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ١٧/ج٢٠١٨/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/١٠
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (محمد حسین احمد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی بەشی ٢٤ لەیاسای هاتووچۆ وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستا بۆیە بڕیاردرا و پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/٣/٣ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
سەرۆك/ زرار محمود مراد خان
* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٥٧/ت/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٨/١١/٢٩
بۆ/ تاوانبار فهمی صالح احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووین لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/٢٤ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٢٥٧/ت/٢٠١٨ وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٤٢٢ لەیاسای سزادانی عراقی حوکم درا بەسەرتا بە مؤبد
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ قادر سعید محمود
* * *

دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٦٢/ج/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٨/١١/٧
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: رسول احمد عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٦٧) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بیتوێن) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٢/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ جبار احمد امین
* * *

سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی/٢
ژمارە/ ٤١٦٦/ش/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٨/١٢/٢
ئاگانامە
داواکار/ شرمین فرج عبدالکریم
داوالەسەرکراو/ بکر جمال مام قادر
(شرمین فرج عبدالکریم) داوایەکی بە ژمارە (٤١٦٦/ش/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایە دا هاتووە کە داوای جیابوونەوە دەکات هۆکاری کێشە و ناکۆکی وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگایە لەرۆژی دادبینی کە دەکەوتە ٢٠١٩/٢/١٠ سەعات (١٠:٣٠)ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکاری نەنێرن ئەوا داواکە ئەبینرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ د. طه عمر رشید
* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٢١٢/ج/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١٢/٣
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (منی صدام غالب)
ڤێ دادگەهێ بڕیارل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سالان ل دویڤ ماددێ (٢٧٥) ژ یاسا سزا د کێشا ژمارە (٢١٢/ج/٢٠١٨) ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن ئاکرێ ب ژمارە ٢٠١٦/١١٦ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخۆ و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیار حازربوونێ بیت.
دادوەر/ غازی خلیل شنگالی
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/٢
* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤١٧/ج/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١٢/٥
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (عمران علی رفعت)
ڤێ دادگەهێ بڕیارل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ هەتا هەتاییێ (مؤبد) ل دویڤ ماددێ (٤٠٦/ز/٤٧و ٤٨و ٤٩) ژ یاسا سزا د کێشا ژمارە (٤١٧/ج/٢٠١٨) ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن بەردەرەش ب ژمارە ٢٠١٨/٥٢ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخۆ و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیار حازربوونێ بیت.
دادوەر/ غازی خلیل شنگالی
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/٢
* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤٣٦/ج/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١٢/٥
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (هشیار یونس سیف الدین)
ڤێ دادگەهێ بڕیارل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سالان ل دویڤ ماددێ (١/٢٩٥) ژ یاسا سزا د کێشا ژمارە (٤٣٦/ج/٢٠١٨) ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابور ب ژمارە ٢٠١٨/١١ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخۆ و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیار حازربوونێ بیت.
دادوەر/ غازی خلیل شنگالی
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/٢
* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤٣٩/ج/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١٢/٤
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (غیدان عبدالحمید مصطفی)
ڤێ دادگەهێ بڕیارل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سالان ل دویڤ ماددێ (٤٤٣/ سێ و چوار) ژ یاسا سزا د کێشا ژمارە (٤٣٩/ج/٢٠١٨) ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا بەردەرەش ب ژمارە ٢٠١٨/٢ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخۆ و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیار حازربوونێ بیت.
دادوەر/ غازی خلیل شنگالی
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/٢
* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٣٧٣/ج/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١٢/٤
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (اسلام احمد سعدی)
ڤێ دادگەهێ بڕیارل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سالان ل دویڤ ماددێ (١/٢٩٥) ژ یاسا سزا د کێشا ژمارە (٣٧٣/ج/٢٠١٨) ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن بێدارێ ب ژمارە ٢٠١٧/٢١ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخۆ و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیار حازربوونێ بیت.
دادوەر/ غازی خلیل شنگالی
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/٢
* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤٤٢/ج/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٨/١٢/٥
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (غانم کریم احمد)
ڤێ دادگەهێ بڕیارل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سالان ل دویڤ ماددێ (٢٨٩) ژ یاسا سزا د کێشا ژمارە (٤٤٢/ج/٢٠١٨) ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابور ب ژمارە ٢٠١٨/٥ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بڕیارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ رێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب رێکا بەلاڤکرنێ ل دوو روژنامێن ناڤخۆ و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیار حازربوونێ بیت.
دادوەر/ غازی خلیل شنگالی
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/٢

DNO

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Project Engineer – Mechanical Piping
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Supervise and interface with various engaged design and/or construction contracting companies and provide coordination with DNO internal stakeholders.
•Project planning and scheduling, cost control, change control, quality assurance, quality control, document control, health, safety, and environment(HSE) design and management and approvals management.
•Produce and manage plans and schedules and ensure they are delivered on time and budget.
•Perform engineering tasks for the well hook-up works.
•Perform the MOCs required for the works deemed required in the brown field environment.
•Perform the technical evaluation during tendering phase.
•Provide commissioning support where necessary, including procedures, checklist and system boundaries, plus in field management and hands on involvement.
•Prepares project status reports by collecting, analyzing, and summarizing information and recommending actions.
•Regular trips to DNO sites are required plus other offices outside Iraq where necessary to interface or assist with larger projects.
•Support effective handover and closure of project contracts.

Required Qualifications & Experience:

•Convincing academic background within one or more engineering discipline(s) of which process/mechanical/Instrumentation should be core.
•>15 years of experience in Project Engineering roles within the oil and gas industry.
•Have a wide range of technical skills and experience and a practical knowledge of the Mechanical Piping Engineering Discipline.
•Hands on experience with construction and commissioning.

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

ئورارتوییەکان (دەریاچەی وان)ی باکووری کوردستانیان بۆ هاتوچۆ و گواستنەوە بەکارهێناوە



ئاو لەڕێڕەوی ئەفسانەو مێژووی کۆندا

کەمال نوری مەعروف لەفارسییەوە گێڕیوێتی

ئاو، یەکێکە لەو چوار تۆخمە سەرەکییە، کە لای ئاریاییەکان پیرۆزییەکەی لەرۆژگاری کۆنەوە پەیوەستە بەخواوەند. هەر بەو جۆرەش بووە لەدنیای کۆنی سۆمەریدا کە نەخشەکەی لەسەرەتاوە بوونی بووە.

لەئاوێستادا چەند جارێک بەگرنگیو پیرۆزێتی ئاو ئاماژە دراوە. لە (ئابان یەشت) و (تیریەشت)دا دەربارەی ئاو، باسی زۆرەو (ئاناهیتا)ش بەمانای (پاکو بێگەردە) و (ناهید)یش بەگەورە خواوەندی ئاوو پیتێن پێناسەکراوەو هەر بەوشێوەیەش ناسراوە. مێژوونووسانی یۆنانی باسی توخمی ئاویان کردووەو خستوویانەتە پاڵ ئاریاییەکان. لە (یەشتەکانی (1/159نووسراون: ئاریاییەکان بۆ ئاوی میز شێکیان نەتووەو بۆ ئاوی دەمیش قسەیەکیان نەبووە. ئەوەی هەیەو وتراوە هەڵبەتە هەر بۆ ئاوی رۆشتوو بووە، کە هەر چۆنێک بێت لەسەری زۆر وتراوە. هەر بەوجۆرە ئاریاییەکان بۆ ڕێورەسمی ئاوی قوربانی فیدیەیان داوە. لەباسەکانی سەدەیەک بەر لەزایین ئەوە زانراوە، کاتێک ئاریاییەکان قوربانییان بەفریشتەی ئاو لەرۆخی روبارێک، یان سەرچاوەی کانیو رۆخی دەریا، یان لەشوێنێکی نزم پێشکەشی کردووە، بەشێوەیەک بووە کە ئاوەکە تێکەڵ بەخوێنەکە نەبووە.

ئەم ڕێورەسمی ڕێزلێنانە تا سەدەی پێنجەمو شەشەمی زایین بەردەوامی بووە. هەندێک لە لێکۆڵەران لەنێوان تۆخمی ئاوو داستانەکانی "جاسومی" پیرۆزدا پەیوەندی بەجوانی دەبینن، کە تائێستا لێکۆڵینەوە دەربارەیان لە بوونی گواستنەوە لە دەریاچەی وان لەو سەردەمەدا.

ئەو پرۆفیسۆرە ئاماژەی بەوەش داوە کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان لە کۆڕبەندی ئیدریس بەدلیسی بە شێوەی زانستی خستۆتەڕوو کە لەڕۆژی 13ی تشرینی دووەمی رابردوو ئەنجام درا و بە سەرنجڕاکێشان بۆ ئەوەی کە ئورارتوییەکان لە دەروروبەری دەریاچەی واندا ژمارەیەک قەڵا و شوێنی نیشتەجێبوونیان دروستکردووە تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئەو زانیارییانە دەیسەلمێنن کە "گواستنەوەی ئاوی" لای ئورارتوییەکان زۆر گرنگ بووە.

ئەو شوێنەوارناسە ئەوەشی خستە بەرباس کە یەکەم نووسراوی ئورارتوییەکان "مادربورج" لە لایەن ژمارەیەک زاناوە بە "سەکۆی بەندەر" ناسراوە.

شێوەی تەواوی خۆی وەرنەرگرتووە، بەتایبەتی پەیوەندی جوانی بابەتەکە بەدەریای فراوانەوە کە بەزۆری لەداستانی ئافراسیاب دا دەرکەوتووە.

وێنەکانی ئاو لە (3) ناوەڕۆکی سەرچاوەی سەرەکیدا مانای ژیانو هۆکاری پەرینەوەیە بۆ سەنتەری دووبارەبوونەوەی جوانی ژیان. ئەم مانایانەو لایەنەکانی ئەفسانەو ئاینی ئاو لەفەرهەنگی گەلاندا بەشێوەی جۆراوجۆرو جیاجیا دەرکەوتوون.

هەر بەوشێوەیەش لێکۆڵەرانی ئەفسانەکانی گەلانیش لەبارەی (ئاو) و (مار) رایان وایە، پەیوەندی جۆراوجۆر لەنێوانیاندا هەن. دیمەنی ئاو لەگەڵ نهێنی هێماکانی لەشانامەدا، لەداستانی کەیخوسرەودا، بەرچاو دەکەوێت کە بەم شێوەیە نووسراوە: رۆژی یازدەهەمی لێکدراوەتەوە و گوتی: یەکەمجارە دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی کاریگەر دەریاچەی وان بۆ گواستنەوە بەکارهێندراوە. ئورارتوییەکان لە سەردەمی بە دەوڵەتبوونیاندا کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئاشوورییەکان کە هێزێکی بالایان هەبووە. ئاشوورییەکان لە رووباری دیجلە و فورات کەشتی چارۆکەدار و سەوڵداریان بەکارهێناوە. ئورارتوییەکانیش دەستیانکردووە بە گواستنەوە بە دەریاچەکەدا. دەکرێت بڵێین گواستنەوەی ئاوی بەو دەریاچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئورارتوییەکان. ئەوان هاتوچۆ سەربازییەکانیان کەلوپەل و پێداویستی و تیمە دەریاییەکانیان بەو دەریاچەیەدا گواستۆتەوە.

مانگی دوانزەی ئێرانی، دەرکەوتنی یەکەمی خۆرە، کە خواوەند بۆ ئاو لەم رۆژەدا داینراوە. هەشتەمین ساڵو دەیەمین رۆژی مانگیش بەناوی ئەو توخمەی فریشتەی ئاو، ناونراوە.

ڕەگەزی ئاو دوو فریشتەی پاسەوانی هەن: یەکێکیان بەناوی (ئاپم ناپات) و ئەویتر بەناوی (ئاناهیتا)، یان (ناهید) کە ناونیشانن بۆ فریشتەکانی تایبەت بەئاوەکە ناویان هاتووە. لە (ئابان یەشت)دا گەورەیی شکۆمەندی وتەکانی ئەو رۆشتووە. ناوی تەواوی ئەو فریشتەیە (ئاردوویسوور)ە کە لەڕەگەزی ئافرەتەو، وشەی (بانو) لەپێشەوەی دادەنرێت. لەناوەڕۆکی ئاوێستاشدا هەر بەوجۆرە (ئاو) ناونیشانی بۆ ئەو تۆخمە هەر بەو جۆرە ناسراوە.

دەبێت ئەوە بزانین کە ئاو لەئێرانی کۆندا تەنیا شێوەی ئەفسانەی وەرنەگرتووە، بەڵکو لەزۆرینەی فەرهەنگە کۆنەکاندا خاوەنی گرنگیدان بەخۆیو خاوەندارێتی بووە.

لەتابلۆیەک لەتابلۆ کۆنەکاندا کە بەدەستمان گەیشتووە، یەکەمجار لەدنیادا بەشێوەیەکی گشتی خواوەندە گەورەکان لەئاو دروستبوون، بەڕۆشتنی کاتیش خواوەندەکان بەدوای یەکتریدا هاتوونەتەڕوو و کارەکانیان لەسەرخۆ دەقاو دەق لەگەڵ عەقڵدا هاتوون، تا لەکۆتاییدا یەکێکیان لەوانیتر دەرکەوتوترو بەهێزتر بووە، دواتر بەفەرمانی تۆفان کودەتایەک بەرپا بووەو بەدوایدا خاک وشک بۆتەوەو دەریاش جیابووەتەوەو کارەکانیش بەڕێکوپێکی رۆشتوونو سنوور بۆ ئاوی ئاسمانو زەوی بڕیاریان بۆ دراوەو روبارەکانیش سنووریان بۆ دیاریکراون.

پەیوەندەی ئاوو جوانکاریەکانی لەئەفسانەکانی هیندی دا جارێکیتر بوونەتە سەرچاوە بۆ تێڕوانینمان. لەئەفسانەی (رامایانا) کە بەدەستمان گەیشتووە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئاو هەر بووەو خاکیش لەئاو هاتووەتەڕوو، یان دەرکەوتووە، و بەدوایدا خواوەندەکانی ئاویش هاتوونەتەڕوو، ئەوەش لەبۆشاییەکەوە بووە کە لە ورگی ئاوەکەدا دەرکەوتووە، و بەدوایدا جیهانیش لەدایکبووەو کوڕەکانیشیان دەرکەوتوون.

لەنووسراوەکەی (ویشنۆ)دا، کە یەکێکە لەو ((3 خواوەندە بەهێزە کە بەر لەدایکبوونی ئەم جیهانە بوونی بووە، ئەو بە (تارایانا) ناوی ڕۆشتووە کە بەمانای بزاوتن لەئاودا خوێنراوەتەوە.

(گردیزی) وتوویە: یەکێک لەتیپەکانی هیندی کۆن لەئاو پەرستەکان بووەو قسە لەسەری زۆر وتراوە کە فریشتەی ئاوە، ئاویش بنەمای گشت رووەکو دڕندەکانەو سەرەکیشە بۆ ژیان. ئەو ڕێورەسمانە زۆربنەیان کە دانراون پەیوەستن بەئاو، پەرستنیشی لای هیندوان داستانی خۆی هەیە.

لەئەفسانەکانی سامیدا نەخشی ئاو لای خەڵکی گرنگی زۆری هەبووە، لە (سفری) تەوراتدا وا هاتووە: ئەستێرە ناسەکان رایان وایە خواوەند ئاوێکی لەئاوایکردووەتەوە. بۆ ئەوەش وتوویە: ئاوی ژێر ئاسمانی لەشوێنێکدا کۆکردووەتەوە کە بەو هۆیەوە وشکانی دەرکەوتووەو خواوەندیش ناوی خاکی لێناوەو ئاوەکانیشی لەدەریادا کۆکردووەتەوە.

بەوجۆرە ئاو لەگەڵ 3 توخمی تردا وەکو خاک و باو ئاگر، کە دەبنە چوار توخم، یان بەوتەی زاناکانی ئیسلام، چوار دایکە پێکدەهێنن. ئەوانە لەژێر کاریگەری حەوت پیاودان (حەوت ئەستێرە، واتە حەوتی گەڕۆک: مانگ، زاوا، بەیان، خۆر، بارام، هورمز، کاروان کوژە).

سیانەی لەدایک بووش، واتە (بەرد بووەو روەکو ئاژەڵ) لەناویاندا دەرکەوتوون.

سەرئەنجام ئاو لەناویاندا بەناونیشانی یەکێک لەو چوار توخمە لەدایک بووە، کە ژیان دەبەخشێتو لەکۆنەوە سەرچاوە بووە بۆ بیرکردنەوە لێی.

بەباوەڕی کۆن تەواوی لەدایکبووەکان، ئەوانەی لەگەردوندا هەن، پێکهاتەی جیهانی لاشەن، واتە لەچوار توخمی سانا بلاوبونەتەوە کە هەر یەکێک لەوانە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

سەرچاوە:
دکتر محمد جعفر یاحقی/ فرهنگ اساگیر و داستان وارەها در ادبیات فارسی/ چاپ چهارم 1391لا -4 6.



دکتۆرە ڕێزان فەرەج: قەڵەوی هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبوونی کیسی هێلکەدان



دیمانە: وریشە عومەر

پێکهاتەی جەستەیی ئافرەتان بەجۆرێکە کە نەخۆشی گەلی جیاواز هەڕەشەیان لێدەکات و پێویستە زیاتر ئاگەدار بن و زانیارییان لەسەر نەخۆشییەکانی ئافرەتان هەبێت. کیسی هێلکەدان یەکێکە لەو نەخۆشییانە و ئێمە لێرەدا هۆکار و چارەسەرییەکانی دەخەینەڕوو وبۆ ئەو مەبەستە دیمانەمان لەگەڵ دکتۆرە ڕێزان فەرەج سازکرد کە یەکێکە لە پسپۆڕەکانی نەخۆشییەکانی ژنان ومنداڵان

• کیسی هێلکەدان چییە و هۆکاری تووشبوونی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- کیسی هێلکەدان بریتییە لە کیسی ورد کە لەسەر هێلکەدان دەردەکەوێت، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی ئەم کیسانە قەڵەوییە، هەتا کێش زیاتر بێت ئەو کیسە وردانە زیاتر دەبێت. کەمی جوڵە یەکێکی تر لەو هۆکارانەی ئەم کیسە دروست دەکات یەکێکە لە بلاوترین نەخۆشییەکان بەهۆی تێکچوونی هۆرمۆنەکان لە نێوان کچان و ژنان دا بەتایبەتی لەنێوان تەمەنی 18بۆ 44ساڵی تووشی ئەم حاڵەتە دەبێ. بۆ تەمەنی کچێک کە هێشتا سووڕی مانگانەی نییە دەستنیشانکردنی ئاسان نیە، بۆ ئەو کچانەشی کە سووڕی مانگانەیان هەیە، پێویستە دایکی کچەکە ئاگاداری ئەوە بێت ئایا سووڕی مانگانەی کچەکەی لە کاتی خۆیدایە یان نا، چونکە ئەم کیسە دەبێتە هۆی زیادبوونی مووی دەموچاو و تێکچوونی روخسار و کێشەی هۆرمۆناتی موو. کاتێک کەسێک کێشی زۆر بێت دەردانی هۆرمۆنەکانی زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی سووڕی مانگانە، کە سووڕی مانگانەش دواکەوت مووی ڕووخسار زیاد دەکات، ئەمەش وەک زنجیرەیەکە بەدوای یەکدا دێت، ئێمە پێویستە ئەم زنجیرەیە بشکێنین، یەکەم ڕێگای تێکشانی ئەم زنجیرەیە بریتییە لە جوواڵە و ڕێجیم کردن، تا کێش زیاد نەکات، چونکە دروستبوونی ئەم کیسانە دەبێتە هۆی دواکەوتنی مندااڵ بوون.

• چۆن چارەسەر دەکرێت؟

- وەکو وتمان ڕێجیم و ڕێگری لەقەڵەو بوون، دواتر تاقیکردنەوەیەکی سروشتی کراوە کە ئەنجامی زۆرباشی بووە بۆ ئەم نەخۆشییە، کە زۆر ئاسانە و هەر کەسێک کە ئەم نەخۆشییەی هەبێت دەتوانێ ئەنجامی بدات انشاالڵە ئەنجامی باشی دەبێت، ئەویش لە ڕێگەیی(دۆشاوی توو) چونکە توو زۆر سودی هەیە بۆ ئەو کەسانەی توشی کیسی هێلکە دەبن. شێوازی دروستکردن و ئامادەکردنی (دۆشاوی توو) بەم جۆرەیە: "تووی وشک دێنین لە پێشدا تووەکە پاک دەکەیت و جوان دەیشۆیتەوە بۆئەوەی دڵنیا بیت لە پاک و خاوێنی، پاشان تووەکە دەکەیتە ناو ئاوەوە لە ئێوارەوە تا بەیانی، ئینجا تووەکە دەپاڵێوی بە هێلەکێک یاخود بە سووزگیەک یاخود بە پارچە قوماشێکی خاوێن کە بۆ پاڵاوتن شیاو بێ، دەبێت ئاوی تووەکە هیچ خاڵتە و ورده تووبەکی پێوە نەبێت. پاشان ئاوی تووەکە دەخەیتە سەر ئاگر تا دەکوڵێت و خەست دەبێتەوە وەک چۆن ڕووبە هەنار خەست دەبێتەوە، بەاڵم ئاگادار بن دەبێت زیاد لە حەدی خۆی خەست نەبێتەوە چونکە ئەو کات دۆشاوی تووەکە تاڵ دەبێ. دوای کوڵاندن لەسەر ئاگر دایدەگریت تاوەکو سارد دەبێتەوە دواتر دەیکەیتە ناو شوشەوە و سەری قەپات دەکەیت و لەسەلاجەدا هەڵدەگریت، مانگێک تا 40 ڕۆژ هەموو بەیانییەک 20 دەقە پێش نانخواردن دوو کەوچکی چێشتی لێ دەخۆیت. بێگومان سودی زۆری هەیە و چارەسەرە. بێگومان چارەسەری پزیشکیش چارەسەری سەرکییە لەڕووی زانستی پزیشکییەوە.



سنۆبەر سابیر

لە یادی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان



یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕێکخراوێکی دیموکراتی و کۆمەڵایەتییە کە لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجەکانی ئافرەتان تێدەکۆشێ و هەموو ئافرەتانی کوردستان بە بێ جیاوازی و بە هەر بیر و ئایین و نەتەوەیەک دەتوانێ ببێتە ئەندام تیایدا. ئەم ڕێکخراوەیە خاوەن میژوویەکی گەورەی تێکۆشان و خەباتە لەسەر شانۆی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە کوردستانە کە لەسەر دەستی بارزانی نەمر لە ساڵی 1952دامەزراوە و هەر لەو کاتەوە شان بە شانی ڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیان کاریکردووە و جێ پەنجەی دیاربووە. خەباتی ئەم ڕێکخراوەیە هاوکات و هاوتەریب بووە لەگەڵ قۆناغی خەبات و داخوازییەکانی گەلی کوردستان لە خەباتی شاخ و شۆڕش و ئاوارەیی و ڕاپەڕین و دامەزراندنی موئەسەساتی و هەبوونی حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوەکانی دیکە. یەکێتی ئافرەتان توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش و هاوشان و هاوسەنگ لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بێت کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتوون، لە کاتێکدا لە ئاوارەیی خەباتی لە پێناو مانەوە و گەیاندنی دەنگی ئافرەتی پەنابەر و کێشە ڕەواکانیان و خراپی گوزەرانی خێزانی کورد و کێشە ڕەواکانی کوردستان و پێشێلکاری لە مافەکانی کورد و ستەمی ڕژێمی فاشی بەغدا دەکرد، بەاڵم لە ڕاپەڕینی 1991خەباتی ئەم ڕێکخراوەیە شێوازێکی دیکەی هەبوو کە لەگەڵ برا و هاوسەری هەوڵی دەدا ڕووبەڕووی دەنگا عەفلەقی و موخابەراتی و منزوومەکانی بەغدا ببێتەوە. دوای ئەمانە و لە کاتی هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئافرەتان بە شێوازێکی دیکە هاتنە مەیدان و داوای مافی خۆیان کرد ئەویش کاراتر بوونی ئافرەتان و بەشداری زیاتریان لە دامەزراوە حکومی و سیاسییەکان، هەروەها هەوڵی جیدیاندا تا لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەنتەر و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان ڕۆڵیان هەبێت لە بەرەوپێشبردنی پێگەی ئافرەت و کاراتربوونی ڕۆڵیان، بەمانەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئافرەتی کورد خولیای کار و بەشداری هەیە و حەزی لە پێشکەوتن و سەرکەوتنە و ئەگەر بواری بۆ بڕەخسێ و ڕێگەی لێنەگیرێ و ئەو پێشوەچوونە ساناتر و بەپلانتر دەبێت ئەگەر لە چوارچێوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بێ، چونکە دەرفەتی کارکردن و پێشکەوتنی بە شێوەیەکی کارا زیاتر دەبێ. هەر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەبینین کە چەندین ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان توانیویانە لە کەناڵ و ئۆرگانەکانی پارتی و ڕێکخراوەیی و دامودەزگاکانی حکومەت و پەرلەمان بەدیارکەوتوون خزمەت دەکەن و پێداگری لە هەبوونی خۆیان دەکەن و سوود لە توانا و شارەزاییان وەرگیراوە و توانیویانە هاوکات لەگەڵ خزمەتی وڵات خزمەت بە خۆیان و خانەوادەیان بگەیەنن و ڕەوشی ئافرەتانیان باشتر کردووە. ئێستاش لە دوای بەستنی گۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەرفەتەکان زیاتر والا بوونە تا ئەم ڕێکخراوەیە بە بەرنامە و کار و چالاکی و هەبوونی خۆیدا بچێتەوە و جارێکی دیکە ستراتیژی کارکردن و بەرەوپێشچوون و دەرکەوتنی داڕشتووە بە شێوازێک کە لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان و پێگەی کوردستان لە ناوچە و ئیقلیم و جیهان بگونجێ کە سەردەڕای کێشە ئابووری و سیاسییەکان پێویستە ئەکتیڤ بێتە مەیدان لە سۆنگەی گرنگیدان و درک کردن بە کێشەکانی ئافرەتان و پێشێلکارییەکان کە بەرامبەری ئەنجام دەدرێ، ئەگەر کەمتریش بووبێتەوە بەاڵم هێشتا ئاسەواری تۆندوتیژی و پێشێلکاری هەر هەیە و ئەمەش هەموو جیهانی تەنیوە لە ڕۆژهەاڵت تا ڕۆژئاوا و لە هەر کۆمەڵگەیەک بە شێواز و تایبەتمەندییەک ئاستەنگەکان خۆیان دەنوێنن. دیارە لە هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ هەبوونی فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی و فرە بۆچوونی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان هێشتا کێشەیان هەیە و بە مافەکانیان نەگەیشتوون کە لێرەدا پێویستە کاری زیاتر بکرێ لە لایەن ڕێکخراو و سەنتەرەکانی ئافرەتان شان بە شانی ئۆرگانەکانی حزبی و حکومی و دامودەزگا و مۆئەسەساتی دیکە تا پێکەوە کار لەسەر مەلەفی ئافرەتان بکەن و بە هەموو لایەک تۆپژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بۆ بکەن و هەوڵ بدەن چارەی گەنجاو بدۆزنەوە بۆ چارەسەر و کۆتایی هێنان بە کێشە و گرفتەکان و گەیشتنی ئافرەتان بە مافەکانیان.

چەند ڕاسپاردەیەک بۆ ئافرەتان لە وەرزی زستاندا

ئا/لاپەڕەی ئافرەت

وەرزی زستان بۆ پێست کاتێکی باش نییە کەش و هەوای سارد و وشک زیانی بۆ پێست دەبێت و گەر ڕێگەی پاراستن نەزانن زۆر زوو زیانەکان بە زەقی بەدەردەکەون:

1- شیکەردەوە: سەرمای دەرەوە و سیستەمە گەرمکەردەوەکانی ماڵ پێست تووشی وشکبوونەوە دەکات کەواتە شیکەردەوەیەکی باش یارمەتیدەرێکی باش دەبێت کە پاریزگاری لە پێستتان بکات.

2- لادانی تویێی پێست: هەر کرێمێک کە سالیسیلیک ئەسیدی تیا بێت ئەوا بۆ لادانی خرۆکە مردووەکانی پێست بەسوودە و پێست تەرم و تەندروست دەکات و بە درێژای وەرزی زستان پێویستە.

3- سابونی کەمتر: هەرچەندە زیاتر دەستتان بە سابون بشۆرن بەو ڕادەیە شێی پێست لەنێودەبەن. لە زستان ئەو سابونانە بەکاربێنن کە شیکەردەوەیان تیایە و پاش شۆشن ڕاستەوخۆ کرێم بەکاربێنن.

4- پەنجەوانە: دەستی ئێوە زیاتر لە هەر ئەندامێک بەرئاودەکەون. کە لە ماڵەوەن پەنجەوانەی قوماش و کە چونە دەرەوە پاش چەورکردنی دەستتان بە کرێمێکی گونجاو پەنجەوانە لەدەستبکەن.

5- هەنگوین: لێدانی ڕاستەوخۆی هەنگوین لەسەر پێست و خواردنی بەدەوامی لەو وەرزە لەیادمەکەن.

6- شیر: شیر هەڵگری ئەسید لاکتیکە. بۆ شوشتنی پێست دەتوانن کەلکی لێوەربگرن چونکە خرۆکە مردووەکان ڕاستەوخۆ لادەبات و پێست گەش و بریسکەدار دەکات. زستان وەرزێکی بێ ڕەحمە بۆ پێست، ئاگەداری پێستتان بن و تا بۆتان دەکرێت لە کێشەکانیتری پێست دوور بکەنەوە.



بۆ یەکەمجار لە میژوودا کچێکی مەکسیکی تاجی شاجوانی نایە سەر

"ڤانیسا پۆنسێ" بوو بە شاجوانی جیهان بۆ ساڵی 2018.مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان ئەمساڵ لە واڵتی چین لە دوورگەی سەرنجڕاکێشی "سانیا" کە باشووری ئەو واڵتە هەڵکەوتووە بەڕێوەچوو و نمایشکاری مەکسیکی ڤانیسا بۆ یەکەمجار وەک کچێکی مەکسیکی توانی ئەو نازناوە وەربگرێت و تاجی شاجوانی جیهان لەسەر بکات. ڤانیسا لە دایکبووی 1992یە و کاری نمایشکاری دەکات و ئەمساڵ وەک یەکەم مەکسیکی بوو بە شاجوانی جیهان.





ڤیاریال
راهێنەرەکەی دوورخستەوە



یانەی ڤیاریال راهێنەری تیپەکەی خافی کالیخای لەکارەکەی دوورخستەوە، بەهۆی دوورکەوتنەوەی بە 3 خاڵ لە قۆناغی مەترسی خولی ئیسپانیا، یاریزانی پێشووی ڤیاریال کالیخا لە ئەیلوولی 2017 بووە راهێنەری یانەی ڤیاریال، لە بڵاوکراوەکەی ڤیاریالدا هاتووە، کە بڕیاریداوە بۆندی کالیخا لەتیپی یەکەم پووچەڵ بکاتەوە، یانەکە سوپاسی راهێنەری ناوبراوی کرد بۆ ئەو ئەرک و ئەنجامانەی لەوەرزی رابردوو بەدەستی هێناوە، تاکو ئێستا ناوی راهێنەری جێگرەوەی ئیاشکرا نەکردووە، ڤیاریال لە پلەی حەفدەمی خولی ئیسپانیا دایە بە کۆکردنەوەی تەنها 3 سەرکەوتن لەکۆی 15یاری ئەم وەرزەدا.



خوان کینتیرۆ لە گۆڕانی راپ بۆ پاڵەوانی لیپرتادۆریس

هاوار موڕتکەیی

لەکارە دیرامییەکان کە ڕێگە بەخۆراگری دەدات لەگۆڕان بۆ باشتر، لەهەندێک کاتدا دەبینین لاوێن هونەر دەکاتە وێرانکردنی داهاتووی بەهەمو شێوازێک، بەڵام یەک دیمەن هۆکار بوو بۆ ئەوەی ذیانی بە 180 پلە بگۆڕێت، ئەمەش لەگەڵ یاریزانی کۆڵۆمبی خوان کینتیرۆی پاڵەوانی ئەم وەرزەی خولی لیپرتادۆریس رووبدا، یانەی ریڤەرپلێت توانی ببێتە پاڵەوانی خول یلیپرتادۆریس دوای ئەوەی بەسەر دراوسێ و رکابەرەکەی بۆکا جۆنیۆرز سەرکەوت لەیاری گەڕانەوەو کۆتایی لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ یاریگای ریال مەدرید، بە ئەنجامی 1-3 گۆڵ. لەدوای ئەوەی لەکاتی یاسایی بەگۆڵێک یەکسان بوون و چوونە کاتی زیادکراو. لەخولەکی 109دا یاریزانی یەدەگی کۆڵۆمبی خوان کینتیرۆی تەمەن 25 ساڵ توانی گۆڵی پێشکەوتنی تیپەکەی بەلێدانێکی جوان تۆمار بکات، بەمەش بۆکا بەتەواوی رووخا، پاشان ریڤەرپلێت لەخولەکی کۆتایی گۆڵی سێیەم و نازناوی تۆمارکرد. کینتیرۆ هۆکاری سەرەکی بوو بۆ بەدەستهێنانی نازناو لەلایەن ریڤەرپلێت، بێگومان یاریزانی کۆڵۆمبی ئەستێرەی یاربیەکە بوو لەلایەن هاندەرانی ئەرژەنتینی. کاروانی یاریزانی کۆڵۆمبی کینتیرۆ بە 180پلە گۆڕا، لەچاو کاتی پێشوو، ئەم گۆڵە ذیانی بەتەواوی وەکو یاریزان دەگۆڕێت، کە خەریکبوو کاروانی وەرزشی بەهۆی ڕاپ تێک بشکێنێت، بەر لەچەند ساڵێک کینتیرۆ لەریزی یانی پۆرتۆی پورتوگالی بوو، کاتێک لەهاوینی 2013 یانەی بیسکارای ئیتالی جێهێشت. لەدوو ساڵی یەکەمدا ئاستێکی جوانی نیشاندا، لەگەڵ بۆرتۆ، وایکرد ئیدارەی ئارسنالی ئینگلیزی بەرابەرایەتی ئارسین فینگەری ڕاهێنەر ئارەزووی واذۆکردنی بۆندەکەی بکات، بەڵام لەکۆتاییدا شکستی هێنا، پەرچەکرداری کۆڵۆمبی کینتیرۆ زۆر نامۆ بوو، کە داوای لە ئیدارەی بۆرتۆ کرد مۆڵەتێکی درێژخایەنی پێ بدەن و لەتۆپی پێ دوورکەوێتەوە. کە رووبکردە گۆرانی و مۆسیقای ڕاپ، بەڵام شکستی هێناو گەڕایەوە سەر یاریکردنی تۆپی پێ. بەڵام بۆرتۆ گەڕانەوەی بۆ یانەکەیان ڕەتکردەوە، بڕیاردا بەخواستن بیداتە یانەی سرینی فەرەنسی، شکستی هێناو هەروەها جارێکی دیکەش خواستنی بۆ کۆڵۆمبیا شکستی هێنا، پاشان لە کانوونی دووەمی 2018 هاتە ریڤەرپلێت.

– گۆڵێک ذیانی گۆڕی:

ریڤەرپلێت لەماوەی چەند مانگی رابردوو کینتیرۆی بەسەرەکی یاری پێنەدەکرد، بەڵکو یەدەگ بوو لەزۆربەی کات، بەڵام گۆڵەکەی لەتۆڕی بۆکا جۆنیۆرز، هۆکاری بەدەستهێنانی نازناوی جامی لیپرتادۆریس بوو دەرگای ناوبانگی لێ دەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی کاروانێکی سەرکەوتووی تۆپی پێ کە بەخۆی وێرانی کردبوو. تەنها یەک سات ذیانی مرۆڤ 180پلە دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی لەمە گرنگترە بتوانیت لەداهاتوودا سوود لەم هەلە وەربگریت، ئایا کینتیرۆ سوود لەم ساتە و گۆڵە وەردەگرێت، یاخود تەنها دیمەنێکی خۆش بوو لەکاتە ناخۆشەکان بیریان دەکەوێتەوە؟.

نورای دەگاتە کۆتایی پاڵەوانێتی شەترەنجی ئازەربایجان

هاوار موڕتکەیی

نورای مەمەدی ئەو کچە تازەپێگەیشتووەی شەترەنجی ئازەربایجانە، تەمەنی تەنها 6 ساڵە و بۆیەکەمین جار لە ساڵی 2016 بەشداری لە پاڵەوانێتی شەترەنج دەکات و ئەوکات وەک بچوکترین شەترەنجزان بوو لەم پاڵەوانێتییەدا، ئەو کچە شەترەنجزانە بەهرەیەکی تیایە و لەو تەمەنەیدا بە ئاستێکی زۆر باش دەردەکەوێت و خانەوادەکەی پاڵپشتییەکی بەهێزی منالەکەیانن.

نورای لە ساڵی 2012 لەدایک بووە، لە ئۆلۆمپیادی ئازەربایجانی ساڵی 2016 پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت، بەمەش نوێنەرایەتی وڵاتەکەی دەکات لە پاڵەوانێتی ئەوروپا و لەخوار 7 ساڵیدا بەشداری دەکات و پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت، هەروەها بۆ ساڵی دواتر بەشداری پاڵەوانێتی کۆماری ئازەربایجان دەکات و لە نێو 5 کچە شەترەنجی هاوتەمەنی ئەو پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێ، لە ساڵی 2018ش بەشداری ئۆلۆمپیادی ئازەربایجانی کرد و ئەمجارە لە ئاستی خوار 8 ساڵیدا کە هێشتا تەمەنی نەبۆتە 8 ساڵ و پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت، لە کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەش، نورای مەمەدی توانی بگاتە کۆتایی پاڵەوانێتی ئازەرایجان و چاوەروان دەکرێت پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت.

دایلی ئالی ژمارەیەکی نایابی لەگەڵ تۆتنهام تۆمارکرد

یاریزانی هێڵی ناوڕاستی یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی بووە خاوەن ژمارەیەکی نایاب لەگەڵ یانەی سپیرێز، دوای ئەوەی توانی گۆڵی دوومی یانەی تۆتنهام تۆمار بکات، لەمیانی سەرکەوتنیان بەسەر یانەی لیستر سیتی بە2گۆڵی خاوێن لەهەفتەی 16ی خولی پریمیەرلیگ. مالپەڕی سکواکای ئامار بڵاویکردەوە کە دایلی ئالی توانی گۆڵی ژمارە50ی خۆی لەگەڵ یانەی تۆتنهام لە لیستەر سیتی تۆمار بکات و بەمەش بووە یاریزانی ژمارە 47کەبتوانێت ئەم ژمارەیە لەمێژووی یانەی لەندەنی تۆمار بکات. هێشتا تەمەنی 22ساڵەو بواری تۆمارکردنی زیاتری هەیە.

تۆتنهام بۆندی والکەری تا ساڵی 2023 تازەکردەوە

یاریزان کایل والکەر پیتەرز بۆندی بۆ یانەی تۆتنهام تازە کردەوەو بەو پێیەش تا ساڵی 2023 لەگەڵ یانەی لەندەنی دەمێنێتەوە، یاریزانی تەمەن 21 ساڵ لەچەند کاتژمێری رابردوودا بۆندەکەی تازەکردەوە کە لە ئایاری 2021 کۆتایی دەهات، بەمەش بۆ دوو وەرزی زیاتر لەگەڵ یانەی تۆتنهام بەردەوام دەبێت. والکەر پیترێز یەکەمین دەرکەوتنی لەم وەرزەی خولی ئینگلیزی لە شەمەی رابردوو بوو وەکو یاریزانی یەدەگ لەجیاتی سێرگ ئۆرێ لەیاریان بەرامبەر لیستەر سیتی کە بە 2 گۆڵی خاوێن سەرکەوتنیان تۆمارکرد.



گۆمێز بۆندەکەی تازەکردەوە

یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بڵاوێکردەوە کە بۆندی بەرگریکاری لاوی ئینگلیزی جۆ گۆمێزی بۆ ماوەی 5وەرزو نیو تازەکردەوەو بەم پێیەش تا ساڵی 2024 لەسەر یاریگای ئانفێڵد دەمێنێتەوە، لەمبارەیەوە جۆ گۆمێز لە کورتە ڤیدیۆیەکدا مەراسیمی واژۆکردنی بۆندەکەی بڵاوکردەوە، کە ئەم هەواڵەش دڵی هاندەرانی تیپە سوورەکەی دڵخۆشکرد و کاردانەوەی باشی لەماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان لێکەوتەوە، گۆمێز لەم وەرزە ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەی لیڤەرپوول نیشانداوە، وایکردووە بەم هۆیەوە جێگای خۆی لەپێکهاتەی سەرەکی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بکاتەوە، بەرابەرایەتی ساوسگێت، بەڵام ئێستا بەهۆی پێکانەوە بۆ ماوەی یەک مانگ لەیاریگا دوورکەوتۆتەوە. گۆمێز گۆمێز لەگەڵ ڤیرگیلی هۆڵەندی دوانەیەکی بەهێزیان دروستکردووە، کە یارمەتیدەرێکی بەهێز بووە بۆ ئەوەی پێشەنگی ریزبەندی خولی ئینگلیزی لەدوای 16گەڕ بگرێت و پێش هەموو یانەکانی تر بکەوێت لەسەر ئاستی هێڵی بەرگری. یانەی لیڤەرپوول بەهۆی جۆ گۆمێز و ڤان دایک و گۆڵپارێز ئالیسۆن لە 10یاریدا لەکۆی 16یاریدا تۆڕەکەی خاوێن ماوەتەوە.

شتوتگارت

لێدانێکی کوشندەی بەرکەوت

یانەی شتوتگارتی ئەڵمانی رایگەیاند کە بەرگریکاری فەرەنسی نێودەوڵەتی لاو بنیامین پاڤارد تووشی پێکانی رانی هاتەوە، لەیاری رابردوویان بەرامبەر یانەی بۆرۆسیا مونشنگلادباخ، کە بەئەنجامی 3گۆڵی خاوێن شکستیان هێنان لەخولی بۆندسلیگای ئەڵمانیا. لە بڵاوکراوەیەکی یانەکەدا ئاماژەی کردووە، کە پاڤارد تا کۆتایی ئەم وەرزە ناتوانێت بگەڕێتەوە ناو یاریگا، ناتوانێت تا کۆتایی پشووی زستانەی خولی ئەڵمانیا بگەڕێتەوە، شتوتگارت ئێستا لەپلەی 16ی ریزبەندی خولی ئەڵمانیا دایە، هیوا دەخوازێت کە ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی پێگ لەکاتی گونجاو بگەڕێتەوەو بەشداری یاری داهاتوویان بەرامبەر هێرتا بەرلین بکات.



لیستی گرانترین 10یاریزان لە بازارەکانی 2018

لیستی بەهای یاریزانان لە ئەوروپا رێڕەوێکی زۆری هاتۆتە سەر، لەماوەی رابردوودا. لەڕێز سێیەری ئەو ئاستە بەرزەو ئارەزووی زۆربەی یانە گەورەکان بۆ بەدەستهێنانیان و واڕووکردنی بۆندەکانیان. لەسەروی ئەم لیستە 3یاریزانی لیڤەرپوول دێن، ئەوانیش ئالیکساندەر ئارنۆڵد لە باڵی راست و رۆبرتسۆن لەباڵی چەپ و سادیۆ مانی هێرشبەری سەنیگالی. رۆژنامەی (میرۆر)ی ئینگلیزی لیستی ئەو یاریزانانەی بڵاوکردەوە کە بەهایان لەبازاڕی گواستنەوەی مانگی کانوونی دووەمی داهاتوودا بەرز بۆتەوە، کە بەمشێوەی خوارەوە بوو:

- گادۆن سانشۆ/ دۆرتمۆند کە بەهای 9.7ملیۆن یۆرۆ بوو، ئێستا بۆ 87.ملیۆن یۆرۆ بەرز بۆتەوە بەزیادەی 78.2ملیۆن یۆرۆ
- جواو کاندیلۆ/یۆڤنتۆس بەهای 27.8 ملیۆن یۆرۆ بوو ئێستا بۆ 74.2 ملیۆن یۆرۆ بەرز بۆتەوە، بەزیادەی 46.4ملیۆن یۆرۆ
- ئاندرۆ رۆبرتسۆن/ لیڤەرپوول بەهای 47.8 ملیۆن یۆرۆ بوو و ئێستا بۆتە 79.8 ملیۆن یۆرۆ بەزیادەی 32ملیۆن یۆرۆ
- ریچاردسۆن/ئیڤرتۆن بەهای 45.3ملیۆن یۆرۆ بوو و ئێستا بۆتە 76.3ملیۆن یۆرۆ بەزیادەی 31ملیۆن یۆرۆ
- سایلۆ/پاریس سان جێرمان بەهای 24.3ملیۆن یۆرۆ بوو و ئێستا بۆ 54.7ملیۆن یۆرۆ بەزیادەی 30.4ملیۆن یۆرۆ
- بێرنادرۆ سیڵڤا/مان سیتی بەهای 98.8 ملیۆن یۆرۆ بوو، ئێستا بۆتە 128.6ملیۆن یۆرۆ بەزیادەی 29.8 ملیۆن یۆرۆ
- سادیۆ مانی/لیڤەرپوول بەهای 95.8 ملیۆن یۆرۆ بوو، ئێستا بۆتە 125.3ملیۆن یۆرۆ بەزیادەی 29.6 ملیۆن یۆرۆ
- لاپۆرت/مان سیتی بەهای 74.5ملیۆن یۆرۆ بوو، ئێستا بۆتە 103.5ملیۆن یۆرۆ، بەزیادەی 29 ملیۆن یۆرۆ
- ئەلیکساندەر ئارنۆڵد/لیڤەرپوول بەهای 83.4 ملیۆن یۆرۆ بوو، ئێستا بۆتە 109.2ملیۆن یۆرۆ بەزیادەی 25.8ملیۆن یۆرۆ
- مپابی/پاریس سان جێرمان بەهای 191.2 ملیۆن یۆرۆ بوو، ئێستا بۆتە 216.3 ملیۆن یۆرۆ بەزیادەی 25.1ملیۆن یۆرۆ



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 12. Dec. 2018 No: (5652)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هەولێر.. سەمای فلامینگۆی لەئامێز گرت



ئا- وریشە عومەر

لە ناوەندی ڕۆشنبیری قەڵاتی هەولێر، کونسوڵگەری ئیسپانیا بە هەماهەنگی ژووری بازرگانی هەولێر فستیڤاڵی سەمای فلامینگۆی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد .فستیڤاڵی هونەری سەمای فلامینگۆ تایبەتە بەوڵاتی ئیسپانیا و جۆرێکە لە سەمای کلتوری و کلایسیکی ئەو وڵاتە کە بە جل و بەرگی کۆنی ئیسپانییەکان سەماکە ئەنجام دەدرێت.ئەم جۆرە سەمایە ساڵانە لە فستیڤاڵێکدا لە تەواوی شارەکانی ئیسپانیا ئەنجام دەدرێت و حکوومەتی وڵاتەکەش بە مەبەستی ناساندنی کلتوری وڵاتەکەی بە جیهان لە ئێستادا هەوڵ دەدات ئەم چالاکییە لە وڵاتانی دیکەش ئەنجام بدات .

تابلۆکانی گوزارشتیان لە جوانی سروشتی کوردستان دەکرد

زاخۆ.. حەوتەمین پێشانگای شێوەکاری بۆ هونەرمەند کلحی نەعمەت کرایەوە



بەرهەم شێخ عزەدین: شیوەکار کلحی نەعمەت زاخوی بەخەباتی گوت: ب ئامادەبونا پروفیسور دکتور عەلی تەتەر ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتییا پارتی و بەرپرسی لقی 8ی پارتی دیموکراتی کوردستان و بوتان محسن هەرێداری دەڤەرا زاخو و ژمارەیەکا زور ژ دام و دەزگەهین میری و حزبی و ریکخراوێن جەماوەری و پیشەیی و ژمارەیەک ژهونەرمەندین دەڤەرا زاخو پیشانگەها من هاتە ڤەکرن دلوجان سوپاس بو هەمی میهڤانێن هیژا و خوشتڤی یین بەرهەڤبووین دناف هولا پیشانگەها من یا حەفتی یا کەسایەتی ئەواب هەلکەفتا 31 ساليیا شەهیدبوونا هونەرمەندی شیوەکار شەهید سلمان ئیسماعیل و دووازدە هەڤاڵێن دگەل وی هاتین شەهیدکرن و هەروسا ب شانازیڤە و بکەیفخوشیڤە ئەڤ پیشانگەها من لژیر چاڤدێریا ریزدار پروفیسور دکتور علی تتر ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتییا پارتی و بەرپرسی لقی 8ی بەریز ریڤەبەریا ڕەوشەنبیری و هونەری ل زاخو بوو. کلحی نعمت زاخوی زیاتر گوت: پیشانگەها من یا شیوەکاری ئەڤا دیمەنین وان لسەر وەرزین سالی ل هولا گەلەریا زاخو ل هاتە ڤەکرن تابلۆیێن من 25 تابلۆیان پێک دهات و هەمی ب رەنگین زەیتی هاتبوون چیکرن و دەربرین ژ وەرزین سالی و سروشتی جوانی وەلاتی دکرن.

ئەتەکێتی ئەپارتمان (شوقە)


لەگەڵ زۆربوونی دانیشتووان، ژمارەی ئەپارتمانەکان زیاتر دەبێت، ئەگەر تۆش یەکێکی لەوانەی لە ئەپارتمان دادەنیشیت گرنگی بەم خاڵانە بدە:

1. گرنگی بە سڵاوکردن و بەزەیەک جوان بۆ دراوسێیەکانت بدە، بۆ ئەوەی کێشەیەک یا پرسیارێکت هەبوو، با ڕوویەکی خۆش هاوکاریت بکەن.
2. ئاگاداری منداڵەکان بن لە ڕێڕەوەکان یاری و دەنگەدەنگ نەکەن.
3. لە کاتی دەرچوون و گەڕانەوە، دەنگەدەنگ و قەرەبالغی مەکەن.
4. پابەندی کاتی بێدەنگی بن و نەبنە هۆی ئەوەی کە دراوسێیەکانی نەهۆمی خوارەوە، لەبەر ئێوە نەتوانن پشوو بدەن.
5. گرینگی بە شوێنی ڕاوەستانی ئۆتۆمبێلەکەت بدە و لە شوێنی دراوسێیەکانت ئۆتۆمبێل ڕامەگرە و مەبە هۆی بێزارکردنیان.
6. ئەگەر ڕاگرتنی ئاژەڵ لە ئەپارتمانەکەتان ئاسایی نییە، ئاژەڵی بچووک ڕابگرن و دەنگیان نەبێتە هۆی بێزارکردنی دراوسێیەکان.
7. پەیڕەوی گشت یاساکانی تایبەت بە ئەپارتمانەکەت بکە و میوانەکانیشت لە یاساکان ئاگادار بکەوە.
8. ئاگاداری پاکوخاوێنی بە.



چاپکراوی نوێ

لەبارەی کێشەی هۆشیاریی نەتەوەیی هاوچەرخی کوردەوە



کتێبی (لەبارەی کێشەی هۆشیاریی نەتەوەیی هاوچەرخی کوردەوە) بە زمانی عەرەبی و بە قەبارەیەکی گەورە و بە 144 لاپەڕە، لە نووسینی پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی کەوتە بەر دیدی خوێنەران، کتێبەکە چەند بابەتێک لەخۆ دەگرێت، لەوانە دینداری و مەزهەبگەرایی دەمارگیری و کاریگەریی لە سەر هۆشیاریی نەتەوەیی کوردی، ئیسلامی سیاسی و هۆشیاری نەتەوەیی کوردی، کاریگەریی عەشیرەتگەری و ناوچەگەریتی و نەبوونی مەعریفە لەبارەی هۆشیاریی نەتەوەیی.

پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی لەبارەی کتێبەیەکەیەوە دەڵێ:"ئەم کتێبە لە هۆکاری دواکەوتنی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە لای کورد بە گشتی، ئەویش بە هۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ ئایین و عەشیرەتگەری و ناوچەگەریتی دەکۆڵێتەوە، هەروەها باس ل رۆڵی نەریتی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان لەم بوارەدا دەکات، ئەمە جگە لەوەی کتێبەکە گرنگترین سیماکانی دواکەوتوویی هزری نەتەوایەتی لە کوردستان دەگرێتە خۆی، ئەویش ئەم دیاردانە دەگرێتەوە: دیاردەی هەڵگەڕانەوە (جاشایەتی) و هەڵگرتنی چەکی ئەو دەوڵەتانەی لە دژی بزووتنەوەکانی ئازادیخوازیی کورد، لە لایەن دەستەیەکی فراوان لە کوردانەوە دژی نەتەوەی خۆیان، دیاردەی دانەکەوتنی ناونانی نەوەکانیان بەناوی کوردی، هەروەها ئاوێتەبوونی شوناسی ئیسلامی و نەتەوایەتی لای مرۆڤی کورد بەو هۆیەوە کە ژمارەی مزگەوتەکان و تەکییە و خانەقاکان لە ژمارەی قوتابخانەکان زیاترن.



دەرهێنەر دیار کوردۆ ئازار و ناخۆشییەکانی کورد دەکات بە فیلم

خەبات: دەرهێنەر (دیارکوردۆ) بەخەباتی گوت: (لە کام ئازارانەوەدەست پێبکەم)ئەمە ناوی پرۆژەهونەرییە نوێیەکەمە کە لە ئێستادا سەرقاڵی خۆئامادەکردنین لەگەڵ ستافەکەمدا، کە نجیرەیەک شۆرت فیلم لە خۆ دەگرێت ، کەباس لەناخۆشی و ئازەرەکانی گەلی کورد دەکات لە ڕابردوو ئێستادا لەسااڵی تازەدا دەست دەکەین بەوێنەگرتن لەگەڵ هاوڕێ و چاوی کارەکانم (ڕێباز خدر) ، بە ئومێدی ئەوەی کارەکان ئاستەنگیان نەیەتە بەردەم، تائێمە بەردەوام بین.

پیاوێکی چینی 15 ساڵە بەپشتی دایکی هەڵدەگرێت



وانگ شیانگ چیانگ، کە پیاوێکی چینییە، ماوەی 15 ساڵە دایکی لەسەر پشت هەڵدەگرێت و بەملاولادا دەیبات. ئەو پیاوە چینییە، بەهۆی ئەوەی دایکی تووشی نەخۆشی شەلەلی جەستەیی بووە، کە ئەوەش وەک خزمەتێک پێشکەشی دەکات.چیرۆکی وانگو دایکی بۆ ساڵی 2003 دەگەڕێتەوە کە ڕۆژانەش بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی دایکی بە بەردەوامی ڕاهێنانی پێدەکات. ئەو پیاوە چینییە بەهۆی ئەرکی خزمەتکردنی دایکی چەندین جار هەلی کاری لەدەستداوە و ئێستاش نایەوێت لەو خزمەتە بەردەوام بێت.